حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
کۆلێژی زمـان

# (( ناونـان و هەست لە زمانی کوردیدا ))

## لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانیی دەروونییە

نـــامەیەکە
پێشکەش بە ئە نجوومەنی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە
بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایـــەن
**ڕێژنە ئیسماعیل عەزیز**
بەکالۆریۆس / زانکۆی سەلاحەددین هەولێر / ۲۰۰۱

بە سەرپەرشتی
**د. عەبدولواحید موشیر مەحمود دزەیی**

۲۰۰۸ زایینی (کانونی یەکەم)
۱٤۲۹ کۆچی (زولحیجە)
۲۷۰۸ کوردی (سـەرماوەرز)

## ((پێشکەشە بە))

- باوک و دایکی ئازیز و خۆشەویستم
- خوشک و برا خۆشەویستەکانم.
- هەموو هاوڕێکانم لە هەر شوێنێک بن.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی وشەیەکیان فێرکردم و ئەوقوتابییانەی وشەیەکیان فێر دەکەم.
- هەموو خاوەن هەستێکی ناسک.

# ((سوپاسنامە))

- لەسەرەتادا سوپاسی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی  باڵا و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین دەکەم کە بواری خوێندنی ماستەریان بۆ ڕەخساندین.
- زۆر سوپاسی باوک و دایکی بەڕێزو خۆشەویستم دەکەم کە هەمیشە هاندەری خوێندنم بوون.
- سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیارم (د.عبدالواحد دزەیی)دەکەم کە هەمیشە ئامادەبوو وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە و بە هۆی ئەوەوە توانیم ئەم ئاستەنگانە ببڕم.
- سوپاسی مامۆستا (محەمەدی مەلا مستەفا و مامۆستا تەها و کاک هۆشەنگ شێخ محمد) دەکەم کە لە وەرگێڕانی زۆربەی سەرچاوەکان یارمەتیان دام.
- سوپاسی(سەهەند سەرتیپ) دەکەم کە لە چاپکردنی نامەکە درێغی نەکرد.
- سوپاسی خۆشەویستانم (سولین و رامان)دەکەم،کە زۆر بە ووردی هەڵەی چاپیان بۆ چنیمەوە.

## (( نــــــــاوەڕۆك ))


| بـــابــــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشکەشە ........................................ | I |
| سوپاس و پێزانین ........................................ | II |
| ناوەڕۆك ........................................ | III |
| پێشەکی........................................ | ١ |
| ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە ........................................ | ١ |
| گرنگی لێکۆڵینەوەکە ........................................ | ٢ |
| مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە ........................................ | ٢ |
| سنووری لێکۆڵینەوەکە ........................................ | ٢ |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە ........................................ | ٣ |
| ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە ........................................ | ٣ |
| **بەشی یەکەم ( ناو و جۆرەکانی و پێکهاتەکانی )** | |
| ـ تەوەری یەکەم ........................................ | ٥ |
| - بەشەکانی ئاخاوتن ........................................ | ٥ |
| ١. ناو........................................ | ٦ |
| ٢.جێناو........................................ | ٦ |
| ٣. ئاوڵناو........................................ | ١١ |
| ٤. کار........................................ | ١٣ |
| ٥. ئاوەڵکار........................................ | ١٥ |
| ٦. ژمارە........................................ | ١٧ |
| ٧. ئامراز........................................ | ١٩ |
| ـ تەوەری دووەم ........................................ | ٢٢ |
| ١. ناو، تایبەتمەندی وجۆرەکانی........................................ | ٢٢ |

١. ناو........................................................................................................ ٢٢
٢. پێناسەی ناو لەدیدی زمانەوانان............................................................................ ٢٣
٣. تایبەتمەندییەکانی ناو......................................................................................... ٢٦
ب. جۆرەکانی ناو.................................................................................................. ٢٩
١. جۆرەکانی ناو لەڕووی دارشتنەوە (ڕۆنان)................................................................ ٢٩
٢. جۆرەکانی ناو لەڕووی واتاوە (ناوەرۆك)................................................................. ٣٠
٣. جۆرەکانی ناو لەڕووی ڕەگەزەوە.......................................................................... ٣١
٤. جۆرەکانی ناو لەڕووی هەبوونەوە.......................................................................... ٣٢


**بەشی دووەم ( ناو و ناولێنراو و واتای ناو )**

تەوەری یەکەم ...................................................................................................... ٣٦
ناو و واتا........................................................................................................... ٣٦
١. ناو نان ........................................................................................................... ٣٦
٢. ناوو ناو لێنراو و پەیوەندی نێوانیان ..................................................................... ٣٩
٣. بەرجستە کردنی ناوی کەسی................................................................................. ٤٢
تەوەری دووەم...................................................................................................... ٤٥
١. جۆرەکانی واتای ناو .......................................................................................... ٤٥
١. واتای هۆشەکی.............................................................................................. ٤٥
٢. واتای بارکراو.................................................................................................. ٤٧
٣. واتای بابەتی................................................................................................... ٥١
ب. شێوەکانی گۆڕانی واتای ناو ............................................................................... ٥١
١. گواستنەوەی واتا............................................................................................. ٥٢
٢. تەسك بوونەوەی واتا........................................................................................ ٥٣
٣. فراوان بوونی واتا............................................................................................. ٥٤
٤. بەرزبوونەوەی واتا............................................................................................ ٥٥
٥. نزم بوونەوەی واتا............................................................................................. ٥٥

ج. هۆکارەکانی گۆڕانی واتای ناو ............................................................ ٥٦
هۆکارە دەرونیەکانی گۆڕانی ناو ............................................................ ٥٦
ـ تەوەری سێیەم............................................................ ٥٨
ناو و نیشانە کۆمەڵایەتیەکان ............................................................ ٥٨
١. ناو و عەشیرەت. ............................................................ ٥٨
٢. ناو ونازناو. ............................................................ ٥٨
٣. ناو وناتۆرە. ............................................................ ٥٩

**بەشی سێیەم( ناونان و هەست )**

تەوەری یەکەم ............................................................ ٦١
هەست و واتا............................................................ ٦٢
١. پێناسەی هەست............................................................ ٦١
٢. ڕەوشتی هەست ............................................................ ٦١
٣. تایبەتمەندییەکانی هەست ............................................................ ٦٢
٤. بنەماکانی هەست ............................................................ ٦٢
٥. هەست وەك بنەمایەکی واتایی............................................................ ٦٣
تەوەری دووەم............................................................ ٦٦
ناونان و هەست............................................................ ٦٦
١. ناوناو و هەست............................................................ ٦٦
٢. ڕێژەی هەست لە ناودا............................................................ ٨٤
٣. ڕەنگدانەوەی هەست لە ناونانددا............................................................ ٨٤
أ- ڕەنگدانەوەی باش ............................................................ ٨٤
ب- ڕەنگدانەوەی خراپ ............................................................ ٨٧
٤. ناوگۆڕین لە کۆمەڵگای کوردەواری ............................................................ ٩٢
٥. هۆکارەکانی دەروونی ناو گۆڕین ............................................................ ٩٣
ئەنجامەکان ١٠٠

| | |
|---|---|
| سەرچاوەکان | ١٠٣ |
| کورتەی باسەکە | ١٠٩ |
| ملخص البحث | ١١١ |
| Abstrac | ١١٣ |

# پێشەکی:

زمان بەوە پێناسە دەکرێت کە دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی بە کۆمەڵەوە هەیە و هیچ کۆمەڵێك بێ زمان نییە و و هیچ زمانێکیش بێ کۆمەڵ و نەتەوە نییە وهەر زمانیشە لەناو کۆمەڵگادا گەشە و نەش و نمادەکات و دەگۆرێت و هەر گۆرانکارییەك لە کۆمەڵدا رووبدات ئەوا لە زمانیشدا رەنگدەداتەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ زمان لە لایەنی دەروونی دوورکەوتبێتەوە بەڵکو لایەنی دەروونی کۆمەڵگاش رۆڵی کاریگەری هەیە بەسەر زماندا و بە ئاسانی هەموو کەسێك هەستی پێدەکات بە تایبەتیش ناو کە تاکو ئێستا هەر لە لایەنی وشەسازییەوە لێکۆلینەوەی لەسەرکراوە بە واتایەکی تر تەنها لە رووی فۆرمەوە لێیکۆڵدراوەتەوە لایەنی ناوەرۆکەکەی فەرامۆش کراوە ئەم باسەی من هەوڵدانێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی ناو و دەرختستنی رێژەی هەست لە ناودا چونکە لەم چەند ساڵی رابردوودا هەست و سۆز ئاوێتەی زوربەی زۆری ناوە کوردییەکان بوو ئەمیش لە ئەنجامی ئەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەوە هاتەکایەوە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا روویدا بە بەڵگەی ئەوەی چەندین ناوی نوێ ی وەك : (خوێندکار و فێرخواز و تۆزوبا و علوج و .....هتد) بلاو بوونەوە و جێگای خۆیان تارادەیەك لە کۆمەلگا کردەوە لایەکی تریش ناوە تایبەتییەکان گۆرانکارییەکی بەرچاویان بەخۆیەوە بینی چونکە ئەم ناوانە لە سەردەمێکدا لە پاڵ هەستێك لێنرابوون لەگەڵ سەردەمی ئێستادا نەدەگونجان یان ببوونە مایەی توانج و بەکەم سەیرکردن .لەم باسەمدا هەوڵدەدەم بەپێی توانا رێژەی هەست لە هەندێ ناوەکوردیەکان بخمە روو و هۆکارەکانی دەستنیشان بکەم .

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەتی (ناو ــــ ناولێنراو) دەکاتە بابەتێك و دەیخاتە ژێر رۆشنایی زمانەوانی دەروونی, ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە (ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا) کە باس لە رەنگدانەوەی هەست دەکان لە ناونانداو رادەی کاریگەری کەس و کۆمەڵگا دیاریدەکات لە ناوەکان.

## گرنگی لێکۆڵینەوەکە :

**گرنگی ئەم بابەتە لە چەند خاڵێك خۆی دەردەخات:**

**یەکەمیان:** ناو یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی ئاخاوتن، دەکرێ هەردەم شایەنی توێژینەوە بێت و بێ گومان سەدان لێکۆڵینەوەی دەربارەی کراوەو دەکرێ.

**دووەمیان :** ناوی مرۆڤ کاردانەوەی سایکولوژی لەسەر مرۆڤەکە هەیە، جا ئەو کاردانەوەیە نیگیتیف یان پۆزەتیف بێ.

**سێ یەمیان:** ناوی مرۆڤی کورد، هەر وەك سەرجەم شتەکانیتری کوردستان سیمای گۆڕاوەو کراوە، بۆیە زۆرینەی تاکی کۆمەڵگای لە رووی سایکولۆژییە و کەسیەتییەوە لە ناوەکانیان رازی نین. کە ئەمەش جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوە بۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەدا لە کاریگەری دەگەرین لە پرۆسەی ناونان.هەر ئەم هۆکارانە وای لێکردم لێکۆڵینەوە لە باری ئەم بابەتە ئەنجام بدەم

## مەبەست لە لێکۆڵینەوەکە

شیکردنەوەی ناوەرۆکی هەندێ ناو دەکات لە زمانی کوردیدا و هۆکاری ناونانەکان دەخاتە روو پشت بەست و بە هەندێ سەرژمێری و چاوپێکەوتن کە لەگەڵ چەند کەسانێکدا ئەنجام دراوە.

## سنووری لێکۆڵینەوەکە

باسەکەم باس لە رەنگدانەوەی رێژەی هەستدەکات لە ناوە گشتی و تایبەتییەکان دەکات کە لەپاڵ هەستی کۆمەڵگای کوردی دەربڕاوە و هەڵوێست نیشاندەدات و کەسانی پێ دەناسرێتەوە .

## رێبازی لێکۆڵینەوەکە

باسەکە لە ژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی گشتی باس لە رەنگدانەوەی هەست دەکات لە ناونان لە زمانی کوردیدا.

## ناوڕۆکی لێکۆڵینەوەکە

باسەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەشی یەکەم باس لە (ناوو جۆرەکانی وپێکهاتەکانی)دەکات, ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆی (بەشەکانی ئاخاوتن, ناو،جێناو،ئاوەڵناو،کار،ئاوەڵکار،ژمارە،ئامراز، پێناسەی ناو لە دیدی زمانەوانان, تایبەتمەندییەکانی ناو, جۆرەکانی ناو کە ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە جۆرەکانی ناو لە رووی دارشتنەوە,جۆرەکانی ناو لە رووی واتاوە.جۆرەکانی ناو لە رووی رەگەزەوە, جۆرەکانی ناو لە رووی هەبوونەوە).

بەشی دووەم باس لە(ناوو ناولێنراو و واتای ناو)دەکات, ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆی(ناونان, ناو ناولێنراو و پەیوەندی نێوانیان, بەرجەستەکردنی ناوی کەسی, جۆرەکانی واتای ناو،واتای هۆشەکی،واتای بارکراو،واتای بابەتی, شێوەکانی گۆڕانی واتای ناو،گواستنەوەی واتا،تەسکبوونەوەی واتا،فراوان بوونی واتا،بەرزبوونەوەی واتا،نزم بوونەوەی واتا، هۆکارەکانی گۆرانی واتای ناو, هۆکارەدەروونییەکانی گۆڕانی ناو , نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی ناو،ناو و عەشیرەت،ناو ونازناو،ناو وناتۆرە.)

بەشی سێیەم باس لە(ناونان وهەست)دەکات, ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆی (پێناسەی هەست, رەوشتی هەست, تایبەتمەندییەکانی هەست, بنەماکانی هەست, هەست وەك بنەمایەکی واتایی, ناونان و هەست, رێژەی هەست لە ناودا, رەنگدانەوەی هەست لە ناوناندا, کە رەنگدانەوەی باش و خراپ دەگرێتەوە, ناوگۆرین لە کۆمەڵگای کوردەواریدا, هۆکارەدەروونییەکانی ناوگۆڕین)

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان پێشکەشکراوە لەگەڵ کورتەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

# ( بەشی یەکەم )

## ناو و جۆرەکانی و پێکهاتەکانی

### - تەوەری یەکەم

### - بەشەکانی ئاخاوتن

١- ناو

٢- جێناو

٣- ئاوەڵناو

٤- کار

٥- ئاوەڵکار

٦-ژمارە

٧-ئامراز

## - تەوەری دووەم

## أ) ناو – تایبەتمەندی و جۆرەکانی

١. ناو

٢. پێناسەی ناو لەدیدی زمانەوانان

٣. تایبەتمەندییەکانی ناو

## ب) جۆرەکانی ناو

١. جۆرەکانی ناو لە ڕووی دارِشتنەوە (ڕۆنان).

٢. جۆرەکانی ناو لە ڕووی واتاوە (ناوەڕۆك).

٣. جۆرەکانی ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە.

٤. جۆرەکانی ناو لە ڕووی هەبوونەوە.

# بەشی یەکەم

## ناو و جۆرەکانی و پێکهاتەکانی

### تەوەری یەکەم:

### بەشەکانی ئاخاوتن:

بەشەکانی ئاخاوتن لە هەموو زمانێکی سەر گۆی زەویدا هەیە، ئەم بەشانەش کەرەسەی هەرە گرنگی زانستی (مۆرفۆلۆژی)ن، رێزمانی چاولێکەری هەموو زمانێك بەبەشەکانی ئاخاوتن دەست پێ دەکات.

یۆنانییەکان یەکەم کەس بوون نەخشەیەکی ڕێك و پێکیان بۆ بەشەکانی ئاخاوتن دانا، لەم نەخشەیەدا (٨) هەشت بەشی ئاخاوتنیان دیاریکردووە، هەر ئەم نەخشەیەش بوو، بووە بناغەی لێکۆڵینەوەی رێزمانی لە وولاٌتانی تردا.

ڕۆمانەکان ئەو نەخشەیان بەدەستکاریەکی کەمەوە بۆ زمانی لاتینی وەرگرت.

ئەو نوسەرانەی لەژێر روناکی رێزمانی ئینگلیزیدا باسی رێزمانی کوردیان کردووە لە هەشت بەشی ئاخاوتن (ناو، ئاوەڵناو، جێ ناو، کردار (چاوگ)، ئاوەڵکردار، پریپۆزشن، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی سەرسورمان و بانگهێشتن) دواون. (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٨).

بەلأم ئەو نوسەرانەی کە سودیان لەرێزمانی روسی وەرگرتووە، دە بەشە ئاخاوتنی (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، ژمارە، کردار، ئاوەڵکردار، پریپۆزشن، ئامرازی پێوەندی، ئامرازی سەرسورمان و بانگهێشتن، پارتیکلَ)یان دیاریکردووە. (سەرچاوەی پێشوو،٨).

هەربەشە ئاخاوتنێك بریتی یە لە کۆمەڵە وشەیەکی هاوپێوەندی، بەشەکانی هەربەشە ئاخاوتنێك جیاوازیەکی زۆری لێکسیکی لەنێوانیاندا هەیە، بەوێنە لەنێوان وشەکانی بەشە ئاخاوتنی ناودا وشە هەیە ناوی گیاندارێك دیاری دەکا وەك (ئەسپ، کچ) وشە دەبینرێ ناوی بێ گیانێك نیشان دەدا وەك (بەرد، چیا...). وشە بەرچاو دەکەوێ ناوی بیرێك رادەگەیەنێ وەك (خەم، بڕوا...).

ووشە هەیە ناوی کارێك دیاری دەکا وەك (درومان، کۆکە...)

وشەکانی (ئەسپ، بەرد، خەم، درومان) هەمویان ناون و لەرووی مانای لێکسیکی یەوە لەیەکتردورن. (ئەورەحمانی حاجی مارف، ٢٠٠٥، ٤٩).

## بەشەکانی ئاخاوتن:

١- **ناو:** وەك بەشێکی سەرەکی ئاخاوتن لێکۆڵینەوەیەکی زۆری دەربارەی کراوە، دواتر باسی لێوە دەکەین.

**٢- جێناو:**

ئەو ووشەیە کە واتای کەس و شت و چۆنیەتی و چەندیەتی دەگەیەنێ لەسەر بناغەی هەر پەیوەندییەکەوە بێت، دەتوانرێ لەبری ناو یان گرێ بەکاربێت.

بۆنمونە:

- قوتابیەکە هات. ← ئەو هات. (لە جیاتی ناو)

- قوتابیە زیرەکەکە هات. ← ئەو هات (لەجیاتی گرێ)

جۆرەکانی جێناو:

**١- جێناوی کەسی:**

**ا- جێناوی کەسی جودا.**

**ب- جێناوی کەسی لکاو.**

**٢- جێناوی خۆیی.**

**٣- جێناوی نیشانە.**

**٤- جێناوی پرس.**

**٥- جێناوی چەندێتی.**

**٦- جێناوی هەیی.**

**٧- جێناوی نەفی.**

**٨- جێناوی هاوبەش.**

**٩- جێناوی دیار.**

**١٠ جێناوی نادیار**

**١- جێناوی کەسی:**

**ا- جێناوی کەسی جودا:** بریتیە لە گروپێکی تەواوی سەربەخۆ لە کرمانجی خوارودا ئەمانەن:

| کۆ | تاك |
|---|---|
| ئێمە | من |
| ئێوە | تۆ |
| ئەوان | ئەو |

**ب- جێناوی کەسی لکاو:** لە دیالێکتی خواروی کوردیدا لەرووی هێزەوە دوو جۆرە:

**١- جۆری بەهێز:** ئەو جێناوانەن کە لە رابردووی تێپەر)دا بەکاردێن وەك(م، ت، ی، مان، تان، یان)( سەرچاوەی پێشوو، ١٠٤)

- ناردم، فرۆشتم
- ناردت، فرۆشتت
- ناردی، فرۆشتی
- ناردمان، فرۆشتمان
- ناردتان، فرۆشتتان
- ناردیان، فرۆشتیان

ئەم دەستە جێناوانە خاوەنیەتی دەگەیەنن.

٢- **جۆری- بێ هێز:** ئەو جێناوانەن کە لە **(رابردووی تێنەپەر)**دا دەردەکەون و بە دوا (رانەبردووی تێپەر و تێنەپەر)دادێن، وەك (م، ی، . ، ین، ن، ن) (سەرچاوەی پێشوو، ١٠٦).

**ا- رابردووی تێنەپەر:**

| | |
|---|---|
| - نوستم. | نوستین. |
| - نوستی. | نوستن. |
| - نوست. | نوستن. |

**ب- رانەبردووی تێپەر:**

- دەنێرم. دەنێرین.

- دەنێری. دەنێرن.

- دەنێرێ. دەنێرن.

**ج- رانەبردووی تێنەپەڕ:**

دەچم. دەچین.

دەچی دەچن

دەچێ دەچن

ئەم دەستە جێناوانە (رێککەوتن دەگەیەنن)

٢- جێناوی خۆیی: جێناوی خۆیی لە کرمانجی خوارودا ئەمانەن(خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان، خۆیان)(تۆفیق وەهبی، ١٩٢٩، ١١٢) جێناوی خۆیی کە واتای خۆیەتی و خاوەنیەتی دەگەیەنێ، لە دیالێکتی کرمانجی خوارودا بەمجۆرانە دەردەکەوێ (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٨٧، ٢٣٦)

١- بەبێ هیچ زیادەیەك: خۆم لەدوات هاتم.

٢- یەك جێناوی دەستەی یەکەم وەردەگرێ: خۆم قسەکەم بە تۆ ووت.

٣- جێناوی دەستەی دووەمی دەچێتە سەر: تۆ خۆیی.

٤- دوو جێناوی دەستەی یەکەم وەردەگرێ: کە ئەوانمان دیت خۆمانمان لەبیرکرد.

٥- جێناوی دە ستەی یەکەم و بەدوایدا هی دەستەی دووەم: ئێمە لە خۆتانین

٦- کاتێ جێناوی (خۆ)جێناوی لکاوی دەچێتە سەر، چ لەپێش و چ لە پاش جێناوەکەوە مۆرفیمی(ش/یش) دەتوانرێ وەربگرێ: خۆشیان هاتن (پێش جێناو خۆتیش لەگەڵمان بوی)پاش جێناو.

٧- جێناوی خۆ لەگەڵ کردار بەم شێوەیە دێت:

ا- کاتێ جێناوێکی دەستەی یەکەمی پێوە لکابێ لەگەڵ کرداری تێپەڕ و تێنەپەریشدا دێ:

**خۆمان فرۆشتمان. خۆمان چووین.**

**ب- ئەگەر دووجێناوی** دەستەی یەکەمی پێوە لکابێ، تەنیا لەگەڵ کرداری تێپەڕ دادی و لەگەڵ تێنەپەڕ دا نایەت. خۆمانمان کۆشت.

٨- دەتوانێ ببێتە بەشێکی گرنگی وشەی نادسە:

ا- لەگەڵ دارێژراودا: بەخۆ، خۆیەتی.

ب- لەگەڵ لێکدراودا: خۆپەرست، لەسەرجۆ.

٣- جێناوی نیشانە: لە دیالێکتی خواروی کوردیدا بەم شێوەیە دەبینرێ:

| | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەم، ئەمە | ئەمان، ئەمانە |
| دوور | ئەو، ئەوە | ئەوان، ئەوانە |

وەك: ئەمە ئازایە. تاك

ئەوە ئازایە.

ئەمانە ئازان کۆ

ئەوانە ئازان

٤- جێناوی پرسیار:

لە دیالێکتی کرمانجی ژوورو خواروو لەگەڵ هەندێ لە دیالێکتەکانی تر بەم شێوانە دەبینرێن (سەرچاوەی پێشوو، ٢٥٧)

أ- کێ: بۆ پرسیار کردن لەو کەسانەیە کە کارێکیان کردبێت، یان بیانەوێ کارێك بکەن. وەك: (کێ بردی؟، کێ دەیبا؟)

ب- چی/چ: بۆ پرسیارکردن لەشت و هۆی رووداو بەکاردێن، وەك: (ئێمە چی بکەین؟)

ت- کام، کامە: بۆ پرسیاری جیاکردنەوەی کەسێك یان شتێك لەناو کۆمەڵێکدا بەکاردێت. وەك: (کامە جوانترە؟)

پ- چۆن/کو: بۆ پرسیارکردن لە شت و لە چۆنیەتیی رووداو بەکاردێت. وەك: (چۆن هاتی؟، کو رۆشتی؟)

ج- کەی/کەینێ: بۆ پرسیارکردن لەکات بەکاردێ. وەك: (کەی دەرۆی؟ کەینێ بچین؟)

ح- کوا/کا: بۆ پرسیارکردن لەکەس و شت بەکاردێت.وەك: (کوا ماڵتان؟ کا ماڵتان؟)

خ- کوێ: بۆ پرسیاری شوێن و جێگە بەکاردێت. وەك: ( ئێمە لە کوێین؟)

د- چەند- بۆ پرسیاری ئەنداز و ژمارە بەکاردێت.وەك: ( ئەوە بە چەندە؟)

٥- جێناوی چەندیەتی:

لەزمانی کوردیدا کۆمەڵێ ووشەهەن، کەبۆمەبەستی مانای چەندێەتی بەکاردێن (سەرچاوەی پێشوو ، ٢٧٤).لەکرمانجی خوارودا ئەمانەن:

أ- چەند: چە ندە: وەك (چەند جوانە ، چەند گرانە).

ب-ئەوەندە: وەك (ئەوەندە شیرینە ناخورێ).

ت-هێندە- هەندە: وەك (هێندە گرانە لەکرین نایەت).

٦ - جێناویی هەیی:

لە کرملنجی خوارووداا فۆرمی سەرەکی بریتیە لە(هی)زیاتر بەم شێوەیە باسکراوە، جێناوی هەیی واتای خۆیەتی (تملك)دەگەیەنێ(سەرچاوەی پێشوو، ٢٧٨ )، وەك: (ئەوە هی منە.)

٧- جێناوی نەفی:

لە کرمانجی خوارودا شێوەی سەرەکی بریتیە لە (هیچ، چ)، زۆر جارەش ووشەی (کەس، کەسێ ، کەسێك........)یان لەگەڵ دێت (سەرچاوەی پێشوو، ٢٨١) ، وەك:

- هیچم پێ ناکرێ.
- هیچ کەس ناتوانێ بێ.

٨- **جێناوی هاوبەش:**

- هیچ کەس ناتوانێ بێ.

لە کرمانجی خوارودا ووشەی (یەکتر) جێناوی هەرە دیار و چالاکە، وەك: (یەکترمان خۆش دەوێ.)

٩- جێناوی دیار:

وەك: (هەرکەس ، هەریەك , هەموو کەس) (کوردستان موکریانی و نەسرین فەخری, ١٩٨٢، ٩ ) وەك: هەموو کەس دەزانن.

١٠- جێناوی نادیار:

وەك: (یەكێك، كەسێك، هێندێك، فلآنكەس، فیسار، كابرا .....) (سەرچاوەی پێشوو، ٥٩ )

**٣- ئاوەڵناو:**

(ئاوەڵناو وەك بەشە ئاخاوتنێك ، واتای چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە رادەگەیەنن) (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٩٢ ، ٥٨ )

**- ئاوەڵناو لە رووی واتاوە:**

**١.ئاوەڵناوی چۆنیەتیی:** ئەو ئاوەڵناوەیە ، كەوا راستەوخۆ واتای چۆنیەتیی و خاسیەت و نیشانە رادەگەیەنی (سەرچاوەی پێشوو، ٦٣ )ئاوەڵناوی چۆنیەتی هەمە جۆرە:

أ- رەنگەكان نیشان دەدەن(رەش، سپی، زەرد، سوور .....).

ب-خاسیەت رادەگەیەنن (ترش، سوێر ......).

ت-جۆری سیفەت دەردەبڕن (رووخۆش، رەزیل .....).

پ-شێوەی مرۆڤ و گیانلەبەر دەردەبڕن(قەڵەو، لاواز، خڕ ....).

ج-چەمكی دەورو بەر دەردەبڕن (راست، چەپ.....).

**٢- ئاوەڵناوی نسبی:**

ئەو ئاوەڵناوەیە كە راستەوخۆ دەلالەتی شتێك راناگەیەنێ، بەڵكو لە ڕێگای پەیوەندی بە شتی ترەوە واتا دەدات، واتا بە هۆی پەیوەندی بە دیاردەیەكەوە یان لە ڕووداوێكەوە دەردەكەوێ (سەرچاوەی پێشوو، ٦٧).

لە زمانی كوردی هەندێك پێشگر و پاشگر هەن یارمەتی رۆنانی ئاوەڵناوی نسبی دەدەن. وەك:

- ە (ژنانە زستانە.)
- ی (كرمانجی)
- ین (زیڕین)
- انە ( پیاوانە، ژنانە)
- ەكی (دەشتەكی)

جیاوازی ئاوەڵناوی چۆنیەتی و نسبی لە ڕووی فۆرمۆلۆجیەوە لەوە دایە کە ئاوەڵناوی نسبی تێکڕایان ناسادەن، بەڵام ئاوەڵناوی چۆنیەتی زۆری سادەن.

**٣- ئاوەڵناوی نادیار:**

ئەو جۆرە ئاوەڵناوەیە، کەوا دەلالەت لە شتێکی دیاریکراو ناکات. (سەرچاوەی پێشوو، ٦٩ )

**ئاوەڵناوی نادیار دوو جۆرە:**

أ- نادیاری جیاکەرەوە: وەك(تر، کە، دی، دیکە ......) ئەمانە هەموویان بەواتای (اخر) ی عەرەبی دێن.

ب-نادیاری دیاریکردن: وەك (وا، ئاوا، وەها، ئاوها، وەسا....).

***پلەکانی ئاوەڵناو:***

١. پلەی چەسپیو: زیاتر ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەگرێتەوە، وەك ( باش، جوان ......).

٢. پلەی بەراورد: ئەمەش بە هۆی پاشگری ترەوە دەبێت کە دەچێتە سەر ئاوەڵناوەکە بۆ بەراورد کردن لەگەڵ گروپی تردا وەك:

جوان ← جوانتر

زیرەك ← زیرەکتر

٣. پلەی بالاَ: ئەمیش بەهۆی پاشگری (ترین) دروست دەبێ زۆر جاریش ووشەی ( هەرە ، لەهەموان ......) بەکاردێت وەك:

باش ← باشترین ، هەرەباش,لەهەموان باشتر.

**ئاوەڵناو لە ڕووی ڕۆنانەوە:**

١. **ئاوەڵناوی سادە:** بریتیە لە ووشەیەکی سادەی واتادار (گەورە ، بچوك، خراپ ...) .

٢. **ئاوەڵناوی ناسادە:**

أ- **ئاوەڵناوی داڕێژراو:** بریتیە لە ووشەیەکی سادەی واتادارو پێشگرێك یان پاشگرێك .وەك (بێ هێز ، بەجەرگ، هەولێری، بەفری، چڵکن، بەختەوەر، ژنانە، ترسناك .....).

ب- **ئاوەڵناوی لێکدراو:** بریتییە لە دوو وشەی سادەی واتادار وەك: (دڵخۆش، باڵاعەرعەر،گەردەن بلور، چاوڕەش،لێو بەبار، دەستگیراو، دووروو، ڕاستگۆ ....).

***٤- کار:***

کار دیارترین و گرنگترین بەشە لە بەشەکانی ئاخاوتندا ، لەرستەدا رۆڵێکی گرینگ دەبینێ.

**کار لەڕووی هێزەوە:**

**١. کاری تێپەڕ: بریتیە لەو کارەی (پێویستی بەبەرکار هەیە بۆ تەواو کردنی واتاکەی) (لێژنەی زمان و زانستەکان، ١٩٧٦ ، ١٠٤) وەك:**

- کاغەزم نوسی.
- نانم خوارد.

٢. کاری تێنەپەڕ: ئەوکارانەن کەتەنیا کەرەسەیەك وەردەگرن ، وەك (هات ، نوست........).

**کاری تێنەپەڕ دووجۆرە:**

**أ- کاری تێنەپەڕی بکەری:** لەم جۆرە تێنەپەڕە کەرەسەکە خۆی کارەکە ئەنجام دەدات ، واتا بکەرەکە بەخواستی خۆیتی کارەکە ئەنجام بدات یان نا. وەك (هاتن ، چوون ، پاڕانەوە ، ڕۆیشتن........).

**ب-تێنەپەڕی بەرکاری:** لەم جۆرە کارەدا بکەر دەرناکەوێ لەهەر کاتێك دابێ بیرت بۆ بکەر ناچێ ، وەك(تەقین ، ڕمان ، ترشان ، قڵیشان ، ڕوخان........).

***•دەمکاتەکاتەکانی کار:***

١.**کاتی رابردوو:** ئەو کارانە دەگرێتەوە کە لی ڕابردوو ئەنجام دراوە ، واتە پێش کاتی ئاخاوتن ڕویداوە ، ئەمجۆرانەی لێدەسنیشان کراوە:

أ- رابردووی سادە: (هاتم ) تێنەپەڕ ، (گرتم )تێپەڕ

ب-ڕابردووی تەواو: (هاتووم) تێنەپەڕ ، (گرتوومە)تێپەڕ

ت-ڕابردووی بەردەوام: (دەچووم) تێنەپەڕ ، (دەیگرت )تێپەڕ

پ-ڕابردووی دوور: (نوستبووم) تێنەپەڕ ، (گرتبووم) تێپەڕ (عەبدولاّ حوسێن ڕسول، ٢٠٠٧ ، ٧-١٠).

٢. **کاتی ڕانەبردوو:** بۆ ئەم کارانە دەگەڕێنەوە کە هێشتا ڕوویان نەداوە وەك (دەچم، دەنووم، دەكرم) ئەمەش دوو جۆرە:

أ- ئێستا . ب- داهاتوو.

**• کار لەڕووی ڕۆنانەوە.**

١. کاری سادە.

٢. کاری ناسادە.

١. کاری سادە: ئەوکارەیە کە لەتاکە وشەیەك پێكهاتوە ناشێت کەرت بکرێت ، وەك (خواردی ، نوست ، پسا.......) (لیژنەی زمان و زانستەکان ، ١٩٧٦ ، ٢٣٢).

٢. کاری ناسادە: ئەوکارەیە کە لە کارێك و زیادەیەك پەیدا بوبێ (سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٣) کاری ناسادە دەکرێتە سێ بەش:

أ- کاری دارێژراو: وەك (هەلگرتن ، گرتنەوە ، تێهەڵکێشان ، هەڵدانەوە .....).

ب-کاری لێکدراو: وەك( دەست گرتن ، بەخێوکردن ، مارە کردن.......).

ت-کاری ئاوێتە: وەك (دەست بەسەر داگرتن ، وازلێ هێنان.....).

***٥- ئاوەڵکار:***

ئاوەڵکار ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە بار و دۆخ و شێوەی ڕودان و جۆری چۆنیەتی نیشان دەدات ، یان ڕادەی ڕودان یان بارودۆخی جیاوازی ڕودانی کارێك (شوێن ، کات ، هۆ ، مەبەست .........) ڕادەگەیەنێ.(ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ١٩٩٨، ١٣٣).

١.**ئاوەڵکاری چۆنیەتی:** ئەمجۆرە چۆنیەتی ڕودانی ڕوداو ڕون دەکاتەوە وەك (خێرا، هێدی ، بەپەلە ، بەگورجی ، بەگوڕ، بەژیری......) ئەم جۆرەیان وەلاّمی پرسیاری (چۆن )دەداتەوە.

٢. **ئاوەڵکاری چەندیەتی:** ئەم جۆرەیان چەندیەتی ڕودان و ڕادەی توندی ڕودان دیاری دەکات ، وەلاّمی پرسیاری (چەند) دەداتەوە وەك (گەلێك ، یەکجار ، تەواو..........).

٣. **ئاوەڵکاری کات**: ئەم جۆرە کاتی ڕوودانی کارەکە دەست نیشان دەکات،وەڵامی پرسیاری (کەی) دەداتەوە،وەك (ئەمڕۆ،سبەی،شەوێ،هاوینێ،پێرار،دوێنێ شەو،پار،پار هاوینێ ....).

٤.**ئاوەڵکاری شوێن**: ئەمەش شوێنی ڕودانی کار دیاری دەکا وەڵامی پرسیاری (لە کوێ) دەداتەوە،وەك (ژیر،خوار، باش، تەنیشت،ژێردار،لای ڕاست،سەرپەنجەرە،لەشار ....).

٥. **ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست**:_ئەمجۆرەشیان هۆیەکانی ڕوودانی ڕوداوەکە دەست نیشان دەکات ، وەڵامی پرسیاری (بۆ،لەبەرچی) دەداتەوە،وەك :

- لەبرسان دەگریا.
- لەهاواری من بێزاربون.

٦_ **ئاوەڵکاری پێوانە**: ئەمەش بۆ دەست نیشانکردنی پێوانە بە هەموو جۆرەکانیەوە بەکاردێت. وەك:

- پێنج ساڵ بوو لەم قوتابخانەیە دەمخوێند.(پێوانەی کات).
- پەشیمانم هەزارجار.(پێوانەی چەندیەتی).
- چوار کیلۆ سێوم کڕی. (پێوانەی کێش).
- مەتری ئەم قوماشەم بە دەهەزار کڕی. (پێوانەی نرخ ).

## ئاوەڵکار لە ڕووی ڕۆنانەوە:

١. **ئاوەڵکاری سادە.**
٢. **ئاوەڵکاری ناسادە.**

- **ئاوەڵکاری سادە:** ئەو ئاوەڵکردارەیە کە یەك بنەمای هە بێت (سەرچاوەی پێشوو،١٥٢ ) وەکو ( خێرا،هێدی،ژیر،خوار،پاش،چەپ ....).
- **ئاوەڵکاری ناسادە:**

أ- **ئاوەڵکاری داڕێژراو**: ئەو ئاوەڵکارەیە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێکهاتبێ،ئەو زیادەیە پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان (سەرچاوەی پێشوو،١٥٣ )وەك:

- ( بێگومان،بێ ناز،بەگوڕ،بەپەلە...) پێشگر.
- (هاوینێ،ئێوارێ،بەهاران،مەردانە،شەوەکی ....) پاشگر.
- (بێ باکانە،بەبرایەتی،بەتاریکایی ....)پێشگر و پاشکر.

ب- **ئاوەڵكاری لێكدراو**: ئەو ئاوەڵكارەیە كە وا بەلای كەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدابێت وەك:

- دوپاتكردنەوەی ناو(پۆل پۆل).
- دوپاتكردنەوەی ژمارە (یەك یەك ).
- دوپاتكردنەوەی ئاوەڵناو (هێدی هێدی ).
- دوپاتكردنەوەی ئاوەڵكار ( كەم كەم ) (سەرچاوەی پێشوو،١٥٩_ ١٦٠ ).

ت- **ئاوەڵكاری دەستەواژەیی**: بەو ئاوەڵكارانە دەوترێ كە لە دەستەواژەیەك پێكهاتبێ،واتە كۆمەڵە وشەیەك بێ و كرداریان لەگەڵ نەبێ (سەرچاوەی پێشوو،١٦٢) وەك (لەماڵەوە،لەهەولێرڕا، بە ئاسمانەوە،بۆژورەوە،بۆلای سەرەوە ...).

٦_ ***ژمارە:***

ژمارە وەك بەشە ئاخاوتنێك (ئەو كۆمەڵە وشەیەیە كە ئەركی تەجریدی ژمارە (دوو+سێ=پێنج ) دەگەیەنێ،یان چەندیەتی بەسەر یەكەوە(هەشت كراس) یان كەرتێكی دیاریكراو هاوڕەگەز (سێ یەكی گەنمەكە )نیشان دەدات،پلەی شتێك لە ریزدا (نهۆمی سێیەم) دیاری دەكا) (سەرچاوەی پێشوو،٥٤). ژمارەش وەك و بەشەكانی تری ئاخاوتن خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی.

بۆ دەربڕینی ژمارە لە زمانی كوردی ڕێگای هەمەجۆر هەیە،بەڵام زیاتر ڕێگای (كۆكردنەوە) و (لێكدان) بەكاردەهێنرێت:

١. ڕێگای كۆكردنەوە: ئەمەش لە ژمارە (١١ تاكو ١٩) دەگرێتە خۆی بۆ نمونە ژمارە (١٤)بە پێی پێكهاتنی بریتیە لە (چوار+دە ).

هەروەها ئەم ڕێگایە بۆ ئەم ژمارانەش بەكاردێ كە لە سەرووی (بیست)ن، وەك بڵێین (٢٣)واتە (٢٠+٣).

٢. ڕێگای لێكدان:ئەم ڕێگایە بە هۆی لێكدان ژمارەكەی پێ سازدەبێ،وەك بڵێی (٤٠٠) واتە (٤X١٠٠).

- **جۆرەكانی ژمارە:**

١. **ژمارەی بنجی**: ئەم ژمارەیە دەشێ ژمارەی چەندیشی پێ بوترێ (ئەو ژمارانە دەگرێتە خۆ،كەوا بە گشتی لە تەواوی دانەكاندا تەجریدی ژمارە ڕادەگەیەنێ)( سەرچاوەی پێشوو، ٦٢ ).

**وەك:**

- چوار کوڕ.
- سێ کچ.
- دووکتێب.
- ژمارە هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە بەشە ئاخاوتنی ناو، ژمارەی بنجی حاڵەتی تاك و کۆ ناسیاوی دۆخی نیە.
- ژمارەی پلەیی:بەو وشانە دەوترێ کە لە ژماردندا ڕیزی شستی هاوڕەگەز ڕا دەگەیەنن (سەرچاوەی پێشوو،٨٨ ) وەك:
- پرسیاری سێیەم.
- قوتابی یەکەم.

## ئەمەش چەند شێوەیەکی هەیە :

- ەم ←—— یەکەم ، پەنجایەم.
- ەمین ←—— بیست و سێیەمین.
- لەگەڵ (ی) ←—— شەشی پلول.

٢. **ژمارەی کەرتی** : ئەمجۆرەشیان ئەندازەی کەرت ڕادەگەیەنێ،وەك (چواریەك،سێیەك).ئەم جۆرەیان بەزۆری لەم ژمارانە دەردەکەوێ کە ژمارەی دووەمیان(یەك) بێت،بەلآم ئەگەر (یەك) نەبوو ئەو کاتە ژمارە کەرتیەکە لە شێوەی دەستەواژەیەك دروست دەبێت وەك (لەسەدادە).

## ژمارە لە ڕووی ڕۆنانەوە :

١. **ژمارەی سادە**: ئەو ژمارەیە کە یەك بنەمای هەبێت وەك (یەك،دوو،سێ،چل،سەد .....) (سەرچاوەی پێشوو،٨٦ ) .

٢. **ژمارەی ناسادە :**

أ- ژمارەی دارێژراو: ئەوەیە کە لە ووشەیەکی سادە و پاشگرێك پێکهاتبێ،وەك : (حەفتا،هەشتا .....).

ب- ژمارەی لێکدراو: ئەمەیان لە دوو یەش پێکدێت وەك: (چوار،پازدە،سێ سەد ....).

ت- ژمارەی پێکەوە بەستراو : ئەمجۆرەیان لە دوبەش زیاتر پێك دێ، بەزۆری بەهۆی (و) بەیەکەوە دەبەسترێت، وەك:

- بیست و پێنج.
- سەد و بیست و سێ.

## ٧_ئامراز:

ئامراز بەشیکە لە بەشەکانی ئاخاوتن ( ئامراز کۆمەڵە دەنگێکی واتادارە، بەلاّم بەتەنیا ئەم واتایانە دەرناکەویت،بەڵکو لە ڕستەدا لە ڕێی ووشەکانی ڕستەوە ڕون دەبێتەوە ) (نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی،١٩٨٢، ١٩٣ ).

- **جۆرەکانی ئامراز :**

- **پریپۆزشن**: بریتین لەمانەی خوارەوە:

١. لە ⟵ لە هەولێر بوم.

٢. بۆ ⟵ دەچم بۆ بازاڕ.

٣. تا ⟵ تا ئێرە هاتم.

٤. بە ⟵ نامەکەم بە پۆستە نارد.

٥. بێ ⟵ بێ ئێوە ناژیم.

٦. وەك ⟵ مامۆستا وەك باوکە.

٧. بە_وە ⟵ بە پێوە نان دەخوات.

٨. لە _ڕا ⟵ لە بازاڕ ڕا دێم.

٩. بە _ دا ⟵ بە ئاسماندا فڕی.

١٠. لە_وە_تا ⟵ لەماڵەوە تا قوتابخانە.

- **ئامرازی پرس:**

١. کێ ← کێ هات؟

٢. چی ← ئەوە چیە؟

٣. چ ← چ کاتێ بێم؟

٤. کەی ← کەی دێی ؟

٥. چۆن ← چۆن کاری وا دەکەیت؟

٦. بۆ _ لۆ ← بۆ نایەی؟

٧. بۆچی ← بۆچی نایان ناسیت؟

٨. کوا ← کوا ی؟

٩. لەکوێ ← لە کوێ بویت؟

١٠. چەند ← بە چەندە؟

١١. ئایا ← ئایا دەزانی .....؟

- **ئامرازی بەستنەوە:**

١. و ← من و تۆ ,هاورێ و وەفا.

٢. ش ← دەشرۆم و دەشخوێنمەوە.

٣. بەلاّم ← فەرهاد دەولّومەندە،بەلاّم ڕەزیلە.

٤. نەك ← سەرما خۆشە نەك گەرما.

٥. نەوەك ← قسەی پێ مەلّێ،نەوەك نەیبینیەوە.

٦. ئەنجا ← لە قسەکانت ورد بەوە ئەنجا بدوێ.

٧. یا ← سێوەکە بخۆ یا هەنارەکە.

٨. نەء ← با ئەژین بروات ، نەء با شیلان بڕوات.

٩. هەم ← دارا هەم ئامۆزامە هەم پورزا.

١٠. کە ← من نەمبیستوە کە ئەو نوسەرە.

١١. جگە ← جگە لە ئەو،کەس نەهات.

١٢. هەر ← من هەر دێم.

١٣. هەرکە ← هەرکە تۆیان دی،ڕۆیشتن.

١٤. کەچی ← من هاتم،کەچی لەوێ نەبووی.

١٥. چونکە ← نایەم چونکە کارم هەیە.

- **ئامرازی سەرسوڕمان:** ئەمانەی خوارەوەن.

١. بەڵکو ← دەچمە ئەوێ بەڵکو دەیبینم!

٢. ئەرێ ← ئەرێ بۆ ناخوێنن!

٣. ە ← کاکە چیت فەرمووا!

٤. ێ ← پورێ وەرە ئێرە!

٥. هێ ← هێ کچێ!

٦. هۆ ← هۆ کوڕە!

٧. یا ← یا شێخ!

٨. ئافەرین_بەە بەە ← ئافەرین بۆخۆت!

٩. هەی –هەی هەی ← هەی هەی لەم گاڵتە بازاڕە!

١٠. ئا- ئەها –ها ← ئەها کچەکە ڕۆیی!

١١. ئاخ – ئۆف – ئای ← ئاخ لەدەست ئەم زەمانە!

١٢. ئەدی ← ئەدی نەتزانیە کچەکە مێردی کرد!

١٣. پەککو ← پەککو چەند دووزمانە!

١٤. دەك ← دەك پێنەگەی!

١٥. پەح ← پەح چەند ناشرینە!

١٦. چش ← چت کرد؟ چش!

١٧. هەو ← هەو،خۆ تورەبوو!

١٨. عیو ← عیو چەند ترسنۆکی!

١٩. تەح ← فلأن کەس نەخۆشە, تەح!

٢٠. وەی وەی ← وەی وەی لەو درۆیە!

## تەوەری دووەم:

## أ- نـــاو - تـاییە تمەندی و جۆرەکانی

### ١- نـــاو:

بایــەخ پێــدان و شــوێنی نــاو وەك بەشــێك لــە بەشــە ســەرەکیەکانی ئاخــاوتن لــە هــەموو لایەنێکەوە جێگای بایەخ و سەرنج دانەو بەسەدان لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی دەربارەکراو.

بەرامبەر بەناوی تایبەتی مرۆڤ لە زانستی زمانـدا زاراوەی (ئـەنترۆپۆنیم) بـەکاردەهێنرێت، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا لە دوو وشەی یۆنانی (ئەنترۆ- مرۆڤ) (پۆنۆما- ناو) پێکهاتووە. (فاروق عمـر سـدیق، ١٩٩٠، ١٦١) نـاوی تایبـەتی مـرۆڤ و نـاوی بـاوك و بنەماڵـەو لەقـەب و نـاوی ناسـك و نازداری و بچووککردنەوە لقێك لە زانستی زماندا پێك دەهێنن کە پێی دەوترێت (ئـەنترۆپۆنیمیك) ئەمیش دەبێت بەبەشێك لە بەشەسەرەکیەکانی (ئەنۆماستیك)

زانستی (ئەنۆماستیك) لەم لقانە پێکهاتووە:

١- تۆپۆنیمیك (ناوی گێوگرافی).

٢- ئیتنۆنۆمیك (ناوی خێل و میللەت).

٣- کۆسمانۆمیك (ناوی گەردوون و بەشەکانی).

٤- زوونۆمیك (ناوی حەیوانات).

٥- ئەنترۆپۆنۆمیك (ناوی تایبەتی مرۆڤ).( سەرچاوەی پێشوو، ١٦١).

ناو لەبەشەکانی ئاخاوتندا چەند جۆر دەگرێتـەوە، بـەڵام نـاوی مـرۆڤ جێـی تایبـەتی هەیـە ئەو هێزو چالاکیەی کە تیایدایە لە ناوەکانی تردا بەو چەشنە بەدی ناکرێت.

ئەم چست و چالاکیەی ناوی مرۆڤ بەستراوە بەپێویستی مرۆڤ بەناو.

ناو هەر لە دروست بوونی کۆمەڵی سەرەتاییەوە یەکێك بووە لە پێویسـتیە هـەرە گرنگـەکانی مرۆڤ.

سەرەتا زمان بەناو دەستی پێکردووە، زمان تەنیا ناو بووە، ئێستاش ناو ئەگەرهـەموو زمـان نەبێت ئەوا بەشێکی گەورەی زمانە لە پاڵ پێکهاتەکانی دیکەی زماندا.

زۆر جار زمان بریتی دەبێت لە ڕستێك ناوی جۆراوجۆر ناوی کەس و شـتەکان و سـیفەتەکان

كە ئەوانیش هەر ناون، یان زۆر جار هەر بەناوی ناوێکی تر ڕاچە دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی لە زمانی دیکەشەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و، جا هاتنی ئەو ناوانە چ لە ڕێ ئاینەوە بووبێت، یان لە ڕێی تەکنەلۆژیا و ئەدەبیات... هتد، کاریگەرییان هەبووە لەسەر ناونان. زۆر جار لە ڕێی تەکنەلۆجیاوە لەگەڵ بەرهەمەکانی ئەوروپا، ناوەکان وەك خۆیان یان بەدەستکارییەوە هاتوونەتە ناو زمانەوە، بۆ نموونە لە سەردەمێکی زۆر زوودا بە (لاتینی)یان ئەوت (عەلەتریك) لە (ئیلیکتریك)ی ئینگلیزییەوە هاتبوو، یان (ترومبێل) کە لە (ئۆتۆمبیل) هاتووە، یان پارچەکانی ئۆتۆمبێل لە (بۆدی و فیت و پەمپ و...) هەر هەموویان ناوی بیانین هاتوونەتە ناو زمانی کوردی هەروەها وشەی (کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئاریافۆن و مۆبایل و ڕادیۆ). زۆربەی وشەی تری بیانی هاتوونەتە ناو زمانی کوردی. هەموو زمانەکانی دنیا پڕن لەو وشانەی کە بەڕەسەن ناوی ئەو زمانە نین و بەکاریان دێنن، ڕەنگە شێوەیەکی وایان پێ بەخشرابێت تا لەگەڵ ئەو زمانەدا بگونجێن، یان وەك خۆیان بەکار بهێنرێن، کەواتە هەموو زمانەکان تا ڕادەیەك پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە و هەمووشیان کاریان لە یەکتر کردووە، زمان نییە ناوی بیانی تێدا نەبێت زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی کە وشە و ناوی بیانی تێدایە.

## ٢- پێناسەی ناو لەدیدی زمانەوانان:

لە زۆرشوێندا پێناسەی ناو کراوە کە هەریەکەیان وەربگرین لە چوارچێوەی خۆیان هەمان چەمك و مەبەست بەدەستەوە دەدەن. بۆ نمونە:

١- (نوری علی أمین) دەربارەی ناو ئەم ڕایەی هەیە (ناو ووشەیەکە بۆ ناونانی کەسێ یا شتێ بەکاردەهێنرێت بەبێ ئەوەی سەیری تاقی بکرێ) وەك (شاسوار، گەلاوێژ، کەلار، هەولێر، کەرکوك، کور، کچ، بەژدار) هەریەك لەم ناوانە ناوێکە بۆ کەس و شت بەکارهاتووە بەبێ ئەوەی رەچاوی تاقی ناوەکان کرابێت). (نوری علی امین، ١٩٦٠ ، ٦٢).

٢- (شێخ محمدی خاڵ) بەو شێوەیە پێناسەی ناو دەکات: (ناو ئیسمێکە لە بۆ شتێ دانرابێ تا بەو ئیسمە ئەو شتە ناسرابێ). (شێخ محمدی خاڵ، ١٩٧٦، ٣٣٣).

٣- ( احمد حسن احمد) دەربارەی ناو دەڵێت: (ناو وتەیەکە کەسێك، گیانلەبەرێك، بێ گیانێك یان هەر شتێکی پێ دەناسین. (احمد حسن احمد، ١٩٧٦، ٨٧).

٤- ناو: ئەو وشەیەیە سەربەخۆ واتایەك دەگەیەنێت كە بەكاتەوە نەبەستراوە، وەك: كاوە، ساڵ، بەرد، پیاوەتی، هەولێر، گوڵ، پەپولە، هەڵپەڕكێ...). (لیژنەی زمان و زانستەكان، ١٩٧٦، ١٠).

٥- (صادق بهاء الدین ئامێدی) بەم شێوەیە پێناسەی ناوی كردووە (ناو وشەیەكی واتادارەكانی تێدا نیە، گیانلەبەرێك یان جێگایەك یان نەتەوەیەك یان شتێكی پێ ناو دەنرێ وەك (سەروەر، پلینگ، كورد، عێراق، ئامەد) (صادق بهاء الدین ئامێدی، ١٩٧٨، ١٥١).

٦- (ئەورەحمانی حاجی مارف) بەم شێوەیە پێناسەی ناو دەكات: (ناو ئەو وشەیەیە كە ناوی گیانداریك یان بێ گیانێك یان بیرێك یان كارێك دیاریدەكا. وەك (ژن، ئازاد، ئەسپ، كۆتر، ماسی، بەرد، چیا، گوڵ، زەوی، ترێ، خەم، بڕوا، مندالی، جوانی، تاریكایی، درومان، كۆكە...). هەریەكێ لەو ناوانەی سەرەوە ئاماژەیە بۆ ناوێك، ناوەكانی (ژن، ئازاد، كۆتر...) ئاماژەیە بۆ ناوی گیاندار. هەریەك لە ناوەكانی (بەرد، چیا، گوڵ...) ئاماژەیە بۆ ناوێكی بێ گیان، هەریەك لە ناوەكانی (خەم، بروا، جوانی...) ئاماژەن بۆ بیرێك. (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٩٣).

٧- (نەسرین فەخری و كوردستان موكریانی) دەربارەی ناو دەڵێن (ناو ئەو بەشە ئاخاوتنە كە كەتیگۆری رێزمانی، ناسیاری، نەناسیاری، كۆ، ڕەسەن و دۆخ دەگرێتەخۆی.

( نەسرین فەخری و كوردستان موكریانی: ١٩٨٢: ١٠).

٨- (ابراهیم عزیز ابراهیم) دەربارەی ناو ئەم بۆچوونەی هەیە (ناو ووشەیەكە كە بۆ ناونانی كەسێك یان شتێك یان گیانلەبەرێك یان رووەكێك بەكاردەهێنرێت كە بەكاتەوە نەبەسترابێتەوە. (ابراهیم عزیز ابراهیم ١٩٨٣: ١٠).

٩- (- ك. ك- كوردۆیڤ) بەمجۆرە پێناسەی ناوی كردووە (ناو بەشێكە لە بەشەكانی سەرەكی ئاخاوتن بەیارمەتی كەتیگۆری رێزمانی ناسیاری، نەناسیاری، رەسەن، ژمارەو دۆخ واتای شت دەبەخشێت. (ك. ك- كوردۆیڤ، ١٩٨٤: ٦١).

١٠- (صالح حسین حسن پشدەری) بەمجۆرە ناو پێناسە دەكات (ناو ووشەیەكە كرابێتە ناو بۆ مرۆڤ، گیاندار، سێو، هەنار، بێ گیان، رووەك، چەمك (واتایەك) سادەبێت، دارژاوبێ، داتاشراو، یان لێكدراو) وەك (سوزان، هیوا، برایەتی. (صالح حسین پشدەر، ١٩٨٥، ٧).

١١- (كوردستـان موكريـانی) دەربـارەی نـاو دەڵێـت (تایبەتمەندییـەكانی ڕێزمـانی لـە نـاوی كوردیـدا كۆدەبنـەوە كـە بـریتین لـە (نەناسـراو، ناسـراو، ڕەگـەز، كۆ، حالـەت) هەریەكـەش لـەو تایبەتمەندییانـە هێمـاو نیشانەی تایبـەتی خـۆی هەیـە، لـە پـیتی كوردیـدا بەكۆتاییـەوە دەلكـێ). (كوردستان موكریانی، ١٩٨٩، ٥٥).

١٢- (محسـن عبـدالرحمان) بـەو شـێوەیە پێناسـەی نـاوی كـردووە: (نـاو دیاریدەیـەكی كۆمەڵایەتییە، وشەیەكی ساكار یان وەرگیراو، یا تێكەڵاوە كە مەبەستی جیاكردنەوەی لـە كەسانی تر لە مـرۆڤ دەنرێت و لەگـەڵ تێپـەڕبوونی كات، واتـا و سیفەتی خـۆی وەرگرتـووە، نـاوی كـەس بـەپێی بارودۆخـە ئـابووری و ئـاینی و سیاسـی و كۆمەڵایەتییـەكان كـاری تـێ دەكرێـت (محسـن عبدالرحمان، ٢٠٠٢، ٩٩٢).

١٣- (لیژنـەیـەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە) بـەم شـێوەیە پێناسـەی ناویـان كـردووە: (نـاو ئـەو وشەیەیە كە بۆ ناونانی كەسێك یان گیاندارێك یان شوێنێك یان ڕووداوێـك یـان شـتێك یـان ئـەوەی كــە بــوونی بەرجەســتەییان نییــە و بــەهۆی بــیر و ئەندێشــەوە هەســتیان پــێ دەكرێــت، بەكاردەهێنرێت). (لیژنەیەك لـە وەزارەتـی پـەروەردە، ٢٠٠٥، ٣٨). نـاو جگـە لـەوەی كـە واتایـەكی تـەواو دەدات بەدەسـتەوە واتاكـەی هـیچ پەیوەندییـەكی بەكاتـەوە نییـە، چ لـە ڕابـردوو، ئێسـتا، داهاتوودا بێت، چونكە ئەگەر سەرنجی ناوەكان بدەین تێبینی هیچ كاتێك ناكەین.

١٤- (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە) بەم شێوەیە پێناسەی ناویان كردووە: (ناو وشە و بێژییێكە بەكار دێت بۆ ناونان و دیاریكردن و پیشاندانی گیاندارێك، مرۆڤ بێ، ئاژەڵ، یان ڕووەك یان بێ گیانێك شت بێ یان شوێن یان بیر و مەبەستێك. (لیژنـەیەك لە وەزارەتی پـەروەردە، ٢٠٠٧، ٦٥).

١٥- ناو: وشەیەكە بۆ ناولێنانی شتێك یان گیانلەبەرێك چ مرۆڤ بێت و چ گیانلەبـەرێكی تـر بێت بەكار دێت. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٨، ٨).

## ٣- تایبەتمەندییەكانی ناو:

هەموو شتێك خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیـە نـاویش وەك بەشـێكی سـەرەكی ئاخـاوتن چەند تایبەتمەندیەكی خۆی هەیە، كە گرنگترینییان ئەمانەن:

**یەکەم: ناساندن:** (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، ٢١، ٢٥)

یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ناو، ئەمەش بەچەند ڕێگایەك دەکرێ:

١- بەهۆی مۆرفیمی (ەکە) و ئەلۆمۆرفەکانی (یەکە، کە) دەکرێن بەناسراو:

بۆنمونە: کچەکە هات، مامۆستاکە هات. چرایەکە کوژاوە.

٢- بەهۆی (ئاوەڵناو)ەکانەوە دەکرێت بەناسراوی کە ئەوانیش بریتین لە:

أ- ئاوەڵناوی نیشانە:

- ئەم کچە هات.
- ئەم کوڕە هات.

ب- ئاوەڵناوی ژمارە:

- یەك کچ هات.
- دوو کوڕ هاتن.

ج- ئاوەڵناوی پرس:

- کام کچ هات.
- کام کچ جوانە.

و- ئاوەڵناوی نادیار:

- فلان کچ هات.
- فلان کوڕ هات.

هـ- ئاوەڵناوی پلەی بەراوورد و باڵا:

- کچە جوانترەکە هات.
- جوانترین کچ هات.

و- ئاوەڵناوی چۆنیەتی:

- کچە باشەکە هات.
- کوڕە باشەکە ڕۆیشت.

٣- بەهۆی (ناو)ەوە دەکرێت بەناسراوی وەك ئەمانەی خوارەوە:

أ- بەهۆی ناوی (مرۆڤ) وەك:

- کچی دارا هات.
- کوڕی نەسرین هات.
- کچی خاڵی کاوە هات.

ب- بەهۆی ناوی (هۆز) وەك:

- کچە خۆشناوەکە هات.
- کوڕە جافەکە هات.
- پیاوە دزییەکان ڕۆیشتن.

ج- بەهۆی ناویی (پیشە) وەك:

- کچە مامۆستاکە هات.
- کوڕە ئاسنگەرەکە هات.
- کوڕە دارتاشەکە هات.

و- بەهۆی ناوی (شوێن) وەك:

- کچەکانی هەولێر هاتن.
- قوتابیانی دهۆك هاتن.
- کوڕەکانی سلێمانی ڕۆیشتن.

٤- بەهۆی (جێناو)ەوە دەکرێن بەناسراو
وەك ئەمانەی خوارەوە:

أ- بەهۆی جێناوە (کەسییە سەربەخۆکان): وەك:

- کوڕی تۆهات.
- کچی ئەو رۆیشت.

ب- بەهۆی جێناوی (خۆیی): وەك:

- کچی خۆت هات.
- کوڕی خۆم هات.
- کوڕی خۆی هێنابوو.

ج- بەهۆی جێناوی (نیشانە) وەك:

- ئەوە کچی کێیە هات.
- ئەوە کوڕی کێ بوو ڕۆیشت.

و- بەهۆی جێناوی (پرس) وەك:

- کچێ کێ هات؟
- کوڕی کێ ڕۆیشت؟

**دووەم: نەناساندن:**

نەناساندن تایبەتمەندییەکی تری ناوە، ئەمەش بەچەند شێوەیەك دەکرێ بریتین لەمانەی خوارەوە: بەهۆی مۆرفیمی (ەك) و ئەلۆمۆرفەکانی (یەك، ێك، ێ) دەکرێن بە نەناسراو، وەك

- کوڕێ هات.
- ژنێ هات.
- کچەك هات.
- کوڕەك هات.
- مامۆستایەك هات.
- قوتابییەك هات.
- پیاوێك هات.
- ژنێك هات.

**سێیەم: کۆکردن:**

ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ناو، ئەویش بەم ڕێگایانە دەکرێت:

أ- بەهۆی نیشانەی (ان)ی مۆرفیمی کۆکردنەوە دەکرێت بەکۆ.

وەك:

- کوڕان بخوێنن.
- کچان وەرن.

ب- زۆرجار هەیە بەهۆی پاشگرەکانی (گەل، جات، هات، وات، ەها) ناو بکرێتە کۆ.

وەك: کوڕگەل، سەوزەوات، میوەجات، ساڵەها، دێهات).

## ب- جۆرەکانی ناو:

١- **جۆرەكانی ناو لە رووی دارشتنەوە:** - **(رۆنان)** (لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٨، ٧)

ناو لە ڕووی دارشتنەوە دەکریٚ بەدووبەش:

١- ***ناوی سادە.***

٢- ***ناوی ناسادە***

ناوی (ناسادە)ش دەكرێت بە دووبەش:

أ- ***ناوی دارژاو.***

ب- ***ناوی لێكدراو.***

١- **ناوی سادە:** ئەو ناوەیە كە تەنیا لە وشەیەك پێكهاتبیٚ، وەك (ئاو، دار، بەرد). (نەسرین فەخری و كوردستان موكریانی, ١٩٨٢، ١٠).

٢- ناوی ناسادە: ئەو ناوەیە لە ووشەیەك و بەندێك پێك هاتبێت، بەندەكە لەوانەیە پێشگر وەیا پاشگربیٚ (سەرچاوەی پێشوو, ١١).

أ- **ناوی دارژاو:** ئەو ناوانەن كە لە ناوێكی سادەو زیادەیەك پپكهاتبیٚ، ئەو زیادەیەش لە شێوەی (پێشگرو پاشگر) دەردەكەون. وەك (هەڵكەوت، گوڵدان، ئاسنگەر داهات، كارگە...).

ب- **ناوی لێكدراو:** ئەو ناوانەن كە بەلایەنی كەمەوە دوو وشەی واتاداری تێدایە، وەك (رەشماڵ، دارگوێز) زۆرجاریش ئەم لێكدانە بەیارمەتی ئامرازی (ە)ەوە دەبێت وەك (گوڵەباخ، شەكرەسێو، مێرگەسور...).

٢- **جۆرەكانی ناو لە رووی واتاوە: (ناوەرۆك)**. (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٧، ٦٧).

لەسەرەتادا نمایشێكی ئەودابەش كردنانە دەكەین كە لەمەوبەر لەلایەن زمانەوانانی كوردییەوە بۆ ناو لە رووی واتاوەكراون.

١- ماموٚستا سەعید صدقی: ناوی کردووە بە دووبەش:

أ- ناوی عام.

ب- ناوی خاص. (سعید صدقی کابان، ١٩٢٩، ٨٤).

ماموٚستا خاڵ لە فەرهەنگەکەیدا ناوی بۆ ئەم بەشانە دابەشکردووە:

أ- ناوی تایبەتی. وەك (شاسوار).

ب- ناوی گشتی. وەك (شار).

ج- ناوی ماددی. وەك (دەرگا).

و- ناوی مەعنەوی. وەك (ئازایی) (شێخ محمدی خاڵ، ١٩٧٦، ٣٣٤).

ه- ناوی تاك. وەك (منداڵ).

و- ناوی گەل. وەك (مەڕان).

لەناو هەموو ئەو دابەش کردنانەی کە بۆ ناو کراوە لە رووی واتاوە، ئەوەیان لە هەموویان پەسندترە.

١- ناوی تایبەتی.

٢- ناوی گشتی.

٣- ناوی کۆمەڵ.

- **ناوی تایبەتی**: بەو ناوە دەوترێ کە بەسەر گیاندارێك یان بێ گیانێکی دیاریکراودا دابڕابێ، لە هەموو زمانێك دا هەروەها لە زمانی کوردیش دا بەشێکی زۆری ناەی تایبەتی ناوی مرۆڤە. وەك (نەسرین، شیرین، پەروین، گوڵاڵە، شێرکۆ، هیوا، شێرزاد...). (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٩٤).

- **ناوی گشتی**: بەوناوە دەوترێت کە بەسەر ئەو هەموو گیاندارو بێ گیان و بیروکارانە دابڕاوە کە خاوەنی یەك ڕەگەز و یەك جنسن، وەك ناوی کەس (دایك، کچ، ژن، باوك، کوڕ، ماموٚستا...)، ناوی گیاندارو باڵندە (شێر، ئەسپ، کۆتر، کەو...)، ناوی شت (دار، بەرد، خانوو، رووبار، چیا...)، ناوی بیرو مەفهوم و کار (بڕوا، هێز، شەرم، جوانی، منداڵی، درومان...). (سەرچاوەی پێشوو، ٩٦).

لە زمانی کوردیدا ناوی گشتی دەتوانێ ببێتە ناوی تایبەتی بەتایبەتی ئەگەر بۆ ناونانی

کەسێك بەکاربێت و ناوی کەسێك بگەیەنێ. وەك (رووبار، تاڤگە...).

- **ناوی کۆمەڵ**: ئەو ناوەیە کە لە ڕواڵەتدا تاك و لە ناوەرۆکدا کۆ نیشاندەدات وەك (گەل، میللەت، هۆز، پۆل...). (سەرچاوەی پێشوو، ٩٨).

- هەولێر شارێکی گەورەیە. (شار) ناوێکی گشتییە.

- نەسرین ئافرەتێکی رۆشنبیرە. (نەسرین) ناوێکی تایبەتییە.

- گەلی کورد گەلێکی ڕەسەنە. (گەل) ناوێکی کۆمەڵە.

**٣- جۆرەکانی ناو لەڕووی ڕەگەزەوە:** (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، ٣٧)

١- ناوی تایبەت بەرەگەزی (نێر) ئەمەش دەبێتە چەند بەشێك:

أ- ناوی تایبەت بە رەگەزی نێر ناوی کەسانی نێرینە. وەك (باوك، خاڵ، برا...).

ب- ناوی تایبەتی کوڕ. وەك (هێمن، هەژار، کاوە...).

ج- ناوی تایبەت بەپیشەی نێر. وەك (قەساب، گاوان...).

د- ناوی تایبەت بە گیانداری نێر وەك (ئەسپ، کەلەشێر، بەران...).

٢- ناوی تایبەت بە رەگەزی (مێ) ئەمەش دەبێتە چەند بەشێك:

أ- ناوی تایبەت بەرەگەزی مێ، ناوی کەسانی مێینە. وەك (دایك، خوشك، خاڵۆژن...).

ب- ناوی تایبەتی کچ. وەك (شیرین، نەسرین...).

ج- ناوی تایبەت بەپیشەی مێ، وەك (مامان، دایەن...).

و- ناوی تایبەت بەگیانداری مێ، وەك (مریشك، ماین...).

٣- ناوی دوولایەن: ئەو ناوانەن کە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرومێ بەبێ جیاوازی بەکاردێت. وەك: مامۆستا، قوتابی...

٤- ناوی بێ لایەن: ئەو ناوانەن کە ڕەگەزی نێرومێیان تێدانیە. وەك (ئاو، بەرد، دار، ...).

**٤- جۆرەکانی ناو لە ڕووی هەبوونەوە:** (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٧، ٧٢).

**ناو لەڕووی هەبوونەوە دوو جۆرە:**

١- **ناوی مادی.**

٢- **ناوی مەعنەوی.**

- **ناوی مادی**: ناوی ئەو شتانەدەگرێتەوە کە بەریەکێك یاخود پتر لە پێنج هەستی مرۆڤ

بکەوێ.

وەك (کەو، دار، گوڵ، ئاسمان، ...). (ئەورەحمانی حاجی مارف، ١٩٧٩، ٩٩).

- **ناوی مەعنەوی:** ناوی شتێکە کە بوونی سەربەخۆی نیە، بەڵکو لە شتی بەرهەست وەیان لە بیرو خەیاڵدا پەیدا دەبێ، وەك (هۆش، بروا، خەم). (سەرچاوەی پێشوو، ١٠٠).

لە زمانی کوردیدا دەتوانرێ دووجۆر ناوی مەعنەوی دەست نیشان بکرێ:

**أ- ناوی مەعنەوی بنجی:** ئەو ناوانەن کە هەر لە بنچینەدا بۆ واتا دانراون، وەك (خەم، بروا، شەرم، هێز...).

**ب- ناوی مەعنەوی دروستکراو:** ئەو ناوانەن کە لە وشەیەکی مادی یان مەعنەوی وەرگیراون و بەیارمەتی پاشگر دروست بوون. وەك (منداڵی، جوانی، دۆستایەتی...).

ناوی معنەوی دروستکراو بەم جۆرانە دروست دەکرێن: (لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٨).

**١- دروستکردنی لە ناو:**

ناو + ەتی = پیاوەتی

ناو + ایەتی = کوردایەتی

ناو + ینی = بوکینی

**٢- دروستکردنی لە ئاوڵناو:**

- ئاوڵناو + ی = جوانی
- ئاوڵناو + یەتی = ئازایەتی

**٣- دروستکردنی لە ڕەگی کار:**

ڕەگی کار + ە = پرسە، ناڵە

**٤- دروستکردنی لە قەدی چاووگ:**

قەدی چاوگ + ار = مردار، کردار

**٥- دروستکردنی لە ئاوڵناوی بکەر:**

ئاوڵناوی بکەر + ی = نوسەری

ئەوەی جێگای سەرنج و بایەخ بێت لەم باسەدا ناوی تایبەتی مرۆڤە کە ئاوێتەی هەستە کاتێ ئەم بیرە لای فریگە چەسپا کە جیاوازی نێوان ناوی تایبەتی و تەنە ئاماژەپێکراوەکەی دیاریکردو بۆی دەرکەوت جیاوازی هەیە لەنێوان (ناو) و (ناولێنراو)دا، هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە (ناولێنراو) واتاینییە، کە زۆربەی زۆری زمانەوانەکان لێی نارازین، بەڵکو هەموو ناوەکان ئاماژەن بۆ واتا یان خود، (فریگە) جیاوازی نێوان وێنە بەرجەستەکانی کردووە کە دروست دەبن و پەیوەندی بەزانستی پێشترەوە هەیە، کە ئەم وێنەیەش ئاوێتەی هەست و سۆز و ویستی کەسە). (منقور عبدالجلیل، ٢٠٠١، ١٠٣).

# بەشی دووەم

## ناو و ناولێنراو و واتای ناو

### - تەوەری یەکەم

### - ناو و واتا.

1. ناونان.
2. ناو و ناولێنراو و پەیوەندی نێوانیان.
3. بەرجەستەکردنی ناوی کەسی.

### - تەوەری دووەم

أ ) جۆرەکانی واتای ناو.

١- واتای هۆشەکی.

٢- واتای بارکراو.

٣- واتای بابەتی.

ب ) شێوەکانی گۆڕانی واتای ناو.

١- گواستنەوەی واتا.

٢- تەسك بوونەوەی واتا.

٣- فراوان بوونی واتا.

٤- بەرز بوونەوەی واتا.

٥- نزم بوونەوەی واتا.

ج ) هۆکارەکانی گۆڕانی واتای ناو.

- هۆکارە دەروونییەکانی گۆڕانی ناو.

### - تەوەری سێیەم :

- ناو و نیشانە کۆمەلایەتیەکان

١- ناو و عەشیرەت.

٢- ناو و نازناو.

٣- ناو ناتۆرە.

بەشی دووەم

## ناو و ناولێنراو و واتای ناو

## تەوەری یەکەم

## نـــاو و واتـــا

### ١- ناونان:

مێژووی ناو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پەیدابوونی زمان و ناونانی شتەکان، کەواتە لەگەڵ پەیدابوونی زماندا ناویش پەیدا بووە هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا باسکراوە (وعلم أدم الاسماء کلها) سەرەتا مرۆڤ ناوی لە شتەکان ناوە بۆ ناسینەوەیان، دواتر ناونان لە مرۆڤ و ناونیشان بۆ شوێن و بەخشینی لەقەب و....هتد

ناونان وەکو دیاردە و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی جۆرێکە لە جۆرەکانی بەخشینی کەسایەتی بەمرۆڤ. سەرەتا مرۆڤ بەشێوە شتەکانی دەردەبڕی، واتە پێش ئەوەی زمان ناو لە شتەکان بنێت، وێنەی ئەو شتەیان دەکێشا کە مەبەستیان بوو، بۆ نموونە ئەو وێنەی کە ئێمە ئێستا بە(ڕۆژ) ناوی دەبەین سەرەتا شێوەکەی دروست ئەکرا بۆ ئەوەی مانای رۆژ بگەیەنێت.

مرۆڤ هەر لە زووەوە ناوی لە هەموو شتێکی دەوروبەری خۆی ناوە لەبەرئەوە ناونان وەکو پێویستییەکی ژیانی ساکارترین مرۆڤ بووە مرۆڤ هەڵساوە بەناونانی کەسانی دەوروبەری خۆی، بەم شێوەیەهەر شتێکەو لە زمانە جیاجیاکاندا ناویان وەرگرت و هەموو شتێك لە دەوروبەری مرۆڤ ناوێکی لێ نرا بۆ جیا کردنەوە لەگەڵ ڕەگەزەکانی هاوشانی خۆی, هەر لە بابەتەکانی سروشتەوە تا دیاردە و شتە فیزیکییەکان و نا فیزیکییەکانیش ناویان وەرگرت.

هەر لە دروستبوونی کۆمەڵگای سەرەتاییەوە، دوای ئەوەی مرۆڤ زمانی داهێنا، ناو پێویستییەکی گرینگی مرۆڤ بووە هەر لەو کاتەوە توانیویەتی قسە بکات و وشە دەرببڕێت هەوڵی ناو دێرکردنی شتەکانی داوە بۆ ناسینی شتەکانی سروشت و دەوروبەریان، بەڵام وەکو ناونانی ئێستا نەبووە و جیاوازییەکی زۆری هەبووە (ئەمەش دیارە لەبەر ئەوە بوو کە وشەی ئامادەکراوی نەبووە کە ناوی پێ لێ بنێ و دەبووایە دروستی بکردایە بەجۆرێك کە منداڵ دەبوو ناویان بەو چەمکی ئێستا لێ نەدەنا ئەوەی کە لێیان دەنا بریتیی بوو لە جۆرە لەقەبێك یان جۆرە ناونیشانێك). (فاروق عمر سدیق، ١٩٩٠، ١٦١).

لەگــەڵ بــەرەو پێشچــوونی کۆمــەڵگاو وپێشــکەوتنی زمــان، نــاویش گۆڕانکــاری و بــەرەو پێشچوونی جۆراوجۆری بەخۆوە بینی، ئیتر ناو بووە بابەتێك کە لە زۆر ڕووەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

دیارە هەر کۆمەڵگەیەك بەگوێرەی قۆناغەکانی ژیانی خۆی و بەپێی پێشکەوتنی رۆشنبیری گۆڕانکاری لە ناوەکان دروست کردووە، ناوەکان هەمیشە لە گۆڕان و نوێبوونەوە دان، نەوە بەدوای نەوە هەندێ ناو واتایان فراوانتر دەبێ و هەندێکی تریش بەرەو تەسك بوونەوەی واتاکانیان دەچن، چونکە (زمان بریتییە لە چالاکی بیری مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا، بیری مرۆڤیش لە یەکتر جیاوازە و زمانیش ڕەنگدانەوەی بیری مرۆڤە، بۆیە جیاوازی تێدەکەوێ). ( محمد أحمدابو الفرج، ١٩٦٦، ٣٠) (ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و شارستانی لە نێو هەر نەتەوەیەك کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر واتای شتەکان (ناولێنراو) بەرەو ئاراستەیەك دەیبات زۆر یان کەم دووری دەخاتەوە لە باری یەکەمی بەگوێرەی ڕێژەی پێشکەوتنی رۆشنبیری) . (نوال محمد عطية، ١٩٧٥، ٢٣).

هەرقۆناغێکی مێژوویی بەگوێرەی ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناو دروست دەکات، عادات و تەقالیدی کۆمەڵگا کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ فراوانبوونی یەکەی زمانەوانی (ناولێنراو بەگوێرەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی دەڕوا، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر یەکەی زمانەوانی، یەکەی زمانەوانی لە هەر کۆمەڵگایەك ئاوێنەیەکی ڕاست و دروستی ئەو دنیایەیە کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەریدەخات لە ڕووی رۆشنبیری و عادات و تەقالید. (سەرچاوەی پێشوو,٢٣).

مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە ناو لە هەموو دیاردە و شتەکانی دەوروبەری خۆی بنێ، ئەم بوارەش تەنها بۆ ئادەمیزاد هەیە وشەی نوێ بدۆزێتەوە یان بێنێتە بەرهەم.

(جلوريا و غيرە، ١٩٩٨، ٣٦٢).

ئەو توانایەشە کە مرۆڤی لە گیانلەبەرەکانی تری سەر ڕووی زەوی جیاکردۆتەوە، ئەو ناوانەش دەچنە ناو فەرهەنگی زمان و فەرهەنگی زمانی پێ دەوڵەمەند دەبێت، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر زۆربوونی ناو رۆژ لە دوای رۆژ لە نەوەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەیەکی

دی (ئەو شتانەی کە باب و باپیرانمان کۆیان کردۆتەوە لە زانست و زانیاری و پەیڕەو و پرۆگرام و یاسا ئەخلاقی و ئاینییەکان لە ڕێگای زمانەوە بەئێمە دەگات). (فاخر عاقل، ۱۹۷۸، ۱۷۳).

مرۆڤ دەتوانێ کۆمەڵە دەنگێك بکاتە هێما بۆ هەموو دیاردەکانی دەوروبەری خۆی، لەوانەش ناو بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵگا.

ناونان بریتییە لەو کارەی کە تیایدا مرۆڤ بەئارەزوو ویستی خۆیان دەتوانن لە ناو خۆیاندا پێك بێن و کۆمەڵە دەنگێ بکەنە هێما بۆ شتێك بۆ نموونە دەنگەکانی (گ، و، ڵ) بوونەتە هێما بۆ (گوڵ) ئەمە تەنها ڕێکەوتنە، چونکە ( زمان لە بنەڕەتدا بریتییە لەم ڕیکەوتنە کۆمەڵایەتی) ( محەمەد معروف فتاح، ۱۹۹۰، ۳۸).

هەرناوێك لە زماندا واتای تایبەتی خۆی هەیە و بەوشەیەك یان زیاتر ئاماژەی پێدەکرێ (وشەی هەر زمانێ هێمایە بەرامبەر بە (تەن، ڕووداو، شت، کەس) دەوەستێت لە دونیای دەرەوەدا). (عەبدولواحید موشیر دزەیی، ۲۰۰۵، ۲۳).

زمان بەشێکە لەباری کۆمەڵایەتی، تاك لە کۆمەڵگا فێری زمان دەبێت، لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانی زمان بۆتە ئامێرێکی گرنگ کە مرۆڤ بۆ پەیوەندیکردن لە بوارە جۆر بەجۆرەکان بەکاری دێنێ، بەو شێوەیە کە هەموو شتێ لە ژیانی رۆژانەمان پەیوەندی بەزمانەوە هەیە و هەرشتە و ناوێکی هەیە (مرۆڤ ناتوانێ بەبەردەوامی پەیوەندی بەشتەکانی دەرەوەی بکات بەبێ بەکارهێنانی هێما زمانییەکان).

(عبدالصبور شاهین، ۱۹۸۰، ۹۵).

ناونان دیاردەیەکی تەواو کۆمەڵایەتییە بەوەی تاکێکی نوێ دێنێتە دنیاوە لە لایەن ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی چوار دەوری کە تێیدا دەژی، ئیتر ناوێکی تازەی بۆ دەدۆزێتەوە تاکو ببێتە هێمایەك بۆ ناسینەوەی ئەو تاکە لە کۆمەڵگادا، (ناو لە نێو کۆمەڵدا کاریگەری کۆمەڵی پێوە دیارە). (موفق حمدانی، ۱۹۸۲، ۲۲۵).

ناونان کاریگەریی هەیە بە ئاستی هزری و کولتووری و ئاینی ئەو مرۆڤانەی کە ئەنجامدەری پرۆسەی ناونانەکەن، هەروەها کاتیش کاریگەرییەکی زۆری هەیە، واتە شێوە و ناوەڕۆکی ناوەکان بەگوێرەی ئەو گۆڕانکاریانەی تێیدا ڕوو دەدات دەگۆڕێت، چونکە ئاستەکانی هۆشیاری تاك لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی زەمەن دەگۆڕێت.

## ٢-ناو و ناولێنراو و پەیوەندی نێوانیان:

هەموو شتێك لەسەر ڕووی زەوی ناوێکی لێنراوە، هەر لە بابەتەکانی سروشتەوە تا مرۆڤ و دیاردە و شتە فیزیکییەکان و نافیزیکییەکانیش. هەموو ناوێك هێمایە بۆ شتێك کەواتە هەر ناوێك بەرامبەر بەناو لێنراوێك دەوەستێ.

ناو لێنراو وەکو دوو ڕووی دراوێك وان لە یەکتر جیانابنەوە (ناو) بەشێکە لە بەشە سەرکییەکانی ئاخاوتن، جا ئەو بەشەی ئاخاوتن کە ناوە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەخودی شتەکانەوە نیە، تەنها ئاماژەیە بۆ ئەو فۆرمەی کە لە زەینی مرۆڤدا هەیە و بۆ ئەوەیە کە مانای شتەکانی پێ بەر جەستە بێت کەواتە ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەیە پەیوەنییەکی لە خۆوەیە و تەنها سیاقی کۆمەلایەتی دروستی دەکات و بەپێی ڕێککەوتنی کۆمەڵە، بۆ نموونە ئەو دەنگانەی کە وشەی (بەرد)یان پێکهێناوە (ب، ە، ر، د) هیچ پەیوەندییەك نییە لە نێوان فۆرمی مادی و فیزیکی بەردەکەوە. تەنها ئەوەیە کە ڕێکەوتنێکی کۆمەڵی لەسەرە کە بەو مادەیە بڵێین (بەرد) واتە دەنگەکان تەنها دەبنە هێمایەك بۆ شتەکان و نابنە بەشێك لە خودی شتەکان.

نەبوبی پەیوەندی لەنێوان ناوو ناولێنراو لەناوی مرۆڤیشدا بەرچاو دەکەوێ, بۆ نمونە: ئەوانەی ناویان (جوان)ە مەرج نیە جوان بن, یان ئەوانەی ناویان (زیرەك)ە مەرج نیە زیرەك بن.

هەروەها ناوەکانی (ئارام , ئازا , زانا , هوشیار , ناسك، رەند....) ئەم ناوانە نابنە بەشێك لەخودی کەسەکان, تەنها دەبنە ئاماژەیەك بۆ کەسەکان وناسینەوەیان, واتا مەرج نیە هەڵگری ناوەکان ئەم سیفەتانەیان تێدابێت کەبۆتە ناو بۆیان.

(هەر لە سەرەتای ڕێزمانی کۆن بابەتی پەیوەندی نێوان وشە ئەو شتانەی ئاماژەیان پێدەکات سەری هەڵدا فەیلە سوفەکانی سەردەمی سوکرات و دواتر ئەفلاتوون ڕوانیویانە ئەم بابەتە. پێیان وابوو پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان و شتەکان پەیوەندییەکی ناو لێنانە). (جون لاینز، ١٩٦٨، ١٤).


کەرستەی زمان بریتییە لە هێما، بەڕای (سۆسێر) (هێنا، دوو ڕووی هەیە (فۆرم و واتا)). (جۆرج مونان، ١٩٨١، ١٢٠).

(فۆرم- زانینێکی دەروونییە بۆ وشەیەکی دەنگی).

(واتا – بۆچوونێك یان چەند بۆچوونێکە بەفۆرم بەستراوەکەوە کۆمەڵ بەکاری دێنێ).

(عبدالواحد موشیر دزەیی، ٢٠٠٥، ٢٤).

پەیوەندی نێوان ناو و ناولێنراو لەم سێگۆشەیەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە:




هێما: زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە کە وشە پێکدێنێت.

بیر: واتە ناوەڕۆك وەك (چەمك، وێنە، بۆچوون).

تەن: واتە شتی دەرەوە وەك (کەس، شت، ڕووداو).

(خاڵی گرینگ لەم سێگۆشەیەدا ئەوەیە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان (هێما و تەن)دا نییە، کەواتە واتای وشە ئاماژەیە بۆ شتێك کە خۆی نییە)( سەرچاوەی پێشوو، ٢٤).

گوتمان زمان بریتییە لە هێمای زمانی، ئەو هێمایانەش بەپێی ڕێکەوتنی کۆمەڵە، جاری واش هەیە زمان هێما لە ناو هێمایە، بەواتای ئەوەی وشەی (رۆژهەلات) دەنگەکانی (ر، ۆ، ژ، ه، ە، ڵ، ا، ت) بوونەتە هێما بۆ وشەی (رۆژهەلات) جگە لەوەش (رۆژهەلات) بەمانای (سەربەستی و ئازادی) دێ.

هەندێ شت هەیە لە زمان دوو ناوی هەیە و هەردوو ناوەکەش یەك مەبەست و مانا بەدەستەوە دەدەن، بەڵام بەپێی بەکارهێنانی کەسەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە وشەی (نابینا) و (کوێر) هەردووکیان یەك واتایان هەیە کە (کەسێکی نابینا)یە بەڵام وشەی (نابینا) جۆرە هەستێکی تیایە کە لە وشەی (کوێر)دا نییە. یان وشەی (درۆ) و (ناڕاست) جیاوازی لە چیدایە ئەگەر بەیەکێ بڵێی (قسەکەت ڕاست نییە) جیاوازە لەوەی پێی بڵێی (درۆت کرد) ئەوەی یەکەم هەستی تیایە.

ئـەم ڕسـتە و دەربڕینانــە بـەگوێرەی کەسـەکان دەگۆڕێـت کـە زمانەکـە بـەکاری دێنێـت (تێگەیشتنی واتای وشە دەگۆڕێت بەگۆڕانی بارودۆخی کەسایەتی و ئـەزموون و ڕادەی تێگەیشتنی، چونکە ئەمانە جیاوازن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر) (موفق حمدانی، ١٩٨٢، ١٧٥).

مـرۆڤ کـاتێ وشـەیەك یـان دەسـتەواژەیەك دەردەبڕێـت مەبەسـتی ئەوەیـە ئـەو چـەمکەی لـە مێشکی دایە لە ڕێگای ئەم وشەوە بیپێکێ، بـەڵام زۆرجـار بـەکارهێنانی وشـەکە لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسێکی تر جیاوازە بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی کە تێیدا دەژیـن (مـرۆڤ توشـی هەڵـە دەبێـت کـاتێ ئەو وشانە بەکاردێنی کـە سـیفەتی سـۆزیان تێدایـە وەکـو (دیمـوکراتی)، (نیشـتمانپەروەری) واتـای ئەو شتانە بەپێی کەسەکاندەگۆڕێت کە بەکاری دێنن). (أوتو كلينبرغ، ١٩٦٧، ٧٩).

لێرەدا مەبەست ئەوەیە چـەمکی (دیمـوکراتی) و (نیشـتمانپەروەری) بـەمانا فراوانەکـەی لای هـەموو کـەس وەکـو یەکـە، بـەڵام بـەپێی بـەکارهێنان لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوزازە بەگوێرەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی.

زۆرجاریش ناو لێنـراوەکان پەیوەندیان لەگەڵ یەکتردا هەیە بەو مانایەی کە وشـەیەك بـەکار دێنێت جگە لە واتای خۆی واتایەکی تریشی لە گەڵدایـە، بـۆ نموونـە ئەگـەر بڵێـی (مـاڵی کوڕەکـە) جگـە لـەوەی کـە مانـای (خـانووی کوڕەکە)یـە مانایـەکی تریشـی هەیـە کـە مەبەسـت (کەسـوکاری کوڕەکە)یە.

(لێکۆڵـەرەوەکان ئـەوەیان سـاغ کردۆتـەوە کـە (واتـا) دوو لایـەنی هەیـە، لایـەنی (واتـایی) (الدلالی) و لایـەنی ویـژدانی، لـە زۆربـەی وشـەکان مانـا ویژدانییەکـە زیـاتر گرنگـی هەیـە لـە واتـا (الدلالی) بۆ نموونە وشەی (ڕێبوار) و (بەرەڵڵا) ئاماژەن بۆ کەسێك کـە بەشـەقامدا دەڕوات، بـەڵام مانـا ویژدانییـەکان جیـاوازە واتـە ئەگـەر بڵێـی (ڕێبـوار)ێکم دیـت، جیـاوازە لـەوەی کـە بڵێـی (بەرەڵڵا)یەکم دیت) (موقف حمدانی، ١٩٨٢، ١٧٥).

هەندێ جاریش وشەکان بـەواتای خۆیـان بـەکار نایـەن و بـەڵکو وەکـو خوازەکـان بـەکار دێـت ئەمەش زیاتر لە زمانی شیعردایە (کاتێ لە وشەی (چاوی دەرزی) دەوێن مانای وایە وشـەی (چـاوی دەرزی) بـەخوازە بـەکارمان هێنـاوە کـە مەبەسـتمان (چـاوی مرۆڤـە) لێـرەدا وێکچـوونەکە هێنـدە بەهێزە لـە نێوانیانـدا، بـۆ یـە جیاوازییـەکان بایـەخی ئـەوتۆی پـێ نـادرێ لـە کـاتی بـەراوردکردن، بەڵکو جەخت لەسەر تایبەتمەندیە هاوبەشەکاندەکرێ لە نێوانیان) (ستيفن أولمان، ١٩٨٦، ١٨٣).

### ٣- بەرجەستەکردنی ناوی کەسی:

دایك و باوك کاتێك ناو بۆ منداڵەکانیان هەڵدەبژێرن، ئەم ناو هەڵبژاردنە بێ هۆکار و لەخۆوە دروست نەبووە، بەڵکو چەند هۆکارێك لە پاڵ هەڵبژاردنی ئەو ناوە هەبووە، هەر لە ڕێگای ناوەکانەوە دەتوانین لە سایکۆلۆژیای کەسی ناولێنەر بگەین، ناولێنەرەکان کە دایك و باوکن یان خزم و کەس، پرۆسەی ناولێنانەکە تەنیا لە زەین کۆبووەتەوە، بەڵام کەمناڵەکە هاتە دنیاوە ناوەکە بەرجەستە دەکرێت و دەیبرن بەسەر کائینێکی زیندوو کە منداڵەکەیە ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت هیچ پەیوەندییەکیش لە نێوان مناڵەکە و ئەو ناوەدا نییە کە بۆی هەڵبژێردراوە، بۆ نموونە ناوی منداڵەکە دەنێن (هێمن) کە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان (هێمن) و ئەو وێنەی منداڵەکە (هێمن)ی فیزیکی دا نییە، تەنها ڕێککەوتنە، دایك و باوك و خزم و کەس لەسەر ئەوە ڕێککەوتون کە ناوی (هێمن) بەسەر ئەم منداڵە ببڕن، هەروەکو زانای زمانەوان (فێنگشتاین) دەڵێ (هیچ وشەیەك مانای نییە، بەڵکو بەکارهێنان مانای پێ دەبەخشێ). (موریس ابو ناصر، ١٩٨٢، ٣٣).

دایك و باوك + بنەماڵە

↓

ناو ← بەپێی چەند هۆكارێك

↓

بەرجەستەكردنی ناو

↓

ناولێنراو

↓



## تـــەوەری دووەم

## أ- جۆرەكانی واتـای نـاو:

واتـا بـۆ چـەند شـێوەیەك دابەشـكراوە ئـەوەی پەیوەنـدی بـە باسـەكەی ئێمـە وە هـەبێت دابەشكردنەكەی ( لیچ )ە كە بە گشتی سێ جۆرە واتا جیا دەكاتەوە بەم شێوەی خوارەوە: -


١. واتای هۆشەكی .
٢. واتای باركراو ( لاوەكی ) .
   أ. راگەیاندن .
   ب. شێوازی .
   ت. دەروونی ( كاریگەری ) .
   پ. رەنگدلنەوە .
   ج. هاورێیەتی .
٣. واتای بابەتی ( LEECH , 1974 ,10 ) .

### ١- واتـای هۆشەكی: -

ئەم جۆرە واتایـە بـە هۆیـەكی سـەرەكی لـە یـەكتر گەیشـتن دادەنـرێ و بەشـێكە لـە واتـای فەرهەنگی ووشە (گرنگی بە دیهاتنی ئەم جۆرە واتایە ئەوەیە دەبێت بە كار هێنـەرەكانی لـە سـەر ئەم واتایە لە ناوخۆیاندا رێك بەكەون بەوەی كە ئەم ووشەیە بۆ شتێك دانراوە) (عەبدوللا عەزیز محەمەد, ١٩٩٠, ٥١).

ئەم جۆرە واتایە چەند تایبەتیەكی هەیە: -

١. لە هەموویان گرنگترە بۆ زمان .
٢. دەورێكی گرنگ دەبینێ لە پەیوەندی كردن دا .
٣. لە پێناسەی زمان پەیوەندی نێوان ( واتا و دەنگ )مەبەست لە واتا ئەم جۆرە واتایە یە .
٤. لە شێوە سیمای جیا كەرەوە خۆی دەنوێنێ وەك: -




**٢. واتای بارکراو ( لاوەکی ).**

**أ. واتای راگەیاندن : –**


هەموو ئەو واتا زیادانە دەگرێتەوە کە دەخرێتە سەر واتا هۆشەکیەکە ئەمەش لە گۆران دایە بە پێی کات و کۆمەلگاو سەردەم , ئەم جۆرە واتایە لە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێ چونکە بگۆرە و کۆتایی نیە و سیمای جیا کەرەوەی نیە , ئەم جۆرە واتایە چەند تایبەتیەکی هەیە: -


١. هەندێ جار تێکەل دەبێت لە گەل واتای هۆشیەکیەکە .

٢. لە گورانی بەردەوام دایە , چونکە پێشێ دەکەوێت , کۆتاییەکی کراوەی هەیە.

٣. پلەی پێوانی هەیە کەمتر , زیاتر .

بۆ نمونە: -



## ب- واتــاى شێوازى: -

هەموو ئەم واتايانە دەگريتــەوە كــە زانياريمــان دەربــارەى قســەكەر دەداتــێ ئــەم زانيارييــە بريتى يە لە دياريكردنى پلەى خويـنـدەوارى وئـيش و كـارى و جـۆرى زارەكـەو پـلـەى پێشكەوتويى زارەكە وەك ئەوەى زارى بازارێيە,نوسينە,ئەدەبە.هەندێ جار واتا كە لە ووشـەكان وگۆكردن بـەدى دەكرێت.

وەك: -

گور
- واتاى هۆشەكى (گوڵ)
- واتاى لاوەكى(شێوەزارى خۆشناوەتى)

بەرف
- واتاى هۆشەكى(بەفر)
- واتاى لاوەكى(شێوەزارى بۆتان)

چوومان
- واتاى هۆشەكى (چووين)
- واتاى لاوەكى (شێوەزارى كەركوك)

## جـ- واتــاى كـاريگەرى ( دەروونى ):

ئەم جۆرە واتايە هەست و سۆزى قسەكەر دەردەبـرێ ,واتــە بۆچـونى خـۆى دەردەبـرێ بـۆ سـەر سـورمان و نـاڕەزايى و ئـاخ و ئۆف,بـەزۆرى دەربـڕ واتـاى هۆشـەكى تێكەلـە.(واتاى كاريگـەرى ئـەتوانێت بـە هـۆى واتـاى هۆشـەكى يـان لاوەكيـەوە يـان شـێوازييە وە هەسـتى قسـەكەر دەربرێـت بەرامبەر ئەو بابەتەى كەلێى دەدوێت)(بێخال عبدالله سعيد,١٩٨٩,١٨).

وەك: -

ئاوەڵناو

جوان

هەست نرخاندن

یان بۆ دەربرینی نارەزایی بەکەسێك دەوترێت (تۆ مرۆڤێکی خراپ وبێ کەلکی)(محمد معروف فتاح,١٧٢,١٩٩٠).

## د. واتای رەنگدانەوە: -

( ئەم واتایە جگە لەوەی وشەیەك واتایەکی تایبەتی یان رووداوێك یان شتێکی دیاریکراو دەست نیشان دەکات, چەند شتێکی ترمان وەبیر دەخاتەوە,بۆ نمونە کەگوێمان لەدەنگی(هەلهەلە)دەبێت یەکسەر(شایی)مان وەبیردێت )( عەبدوللا عەزیز مەحەمەد, ٥٤,١٩٩٠).هەروەها ئەم جۆرە واتایە ( کاتێ هەستی پێدەکرێت کەیەکێك لە واتاکانی فۆرمەکە قەدەغەبێت.) (محمد معروف فتاح,١٦٠,١٩٩٠ ).

ئەم جۆرە واتایە زیاتر لە ووشە هاوبێژەکانداەبێت,یەکێ لەواتاکانی ئاساییە,بەلام ئەوی تریان کە پەیوەندی بەجەستەوە هەبێت کۆمەل زۆر رێی پێ نەدراوە.

بۆ نمونە: -

(دانەکانی بۆ چاکە ئێوەش دەستیچکی باشتان هەیە لەدانا).

ددان ——— أسنان.

دان ——— أعطا.

## هـ- واتای هاورییەتی:

بەپەیوەندی لەگەڵ ووشەی تر دادێت و هاورێیە تیەك دروست دەبێت لە نێوان دوو وشەکەو یەکیان ئەوی تر ڕادەکێشێ، بۆ نمونە ووشەی (کاڵ) لە ئەنجامی بەکارهاتنی زۆر لەگەڵ (ڕەنگ, چاو, چا) ئەوا هاورییێەتی پەیداکردووە:

چاو

کاڵ ← رەنگ

چا

یان وشەی (رەند,جوان,قۆز) یەك واتایان هەیە, بەلام بەپێی ئەو ناوانەی لەگەڵیان بەکاردێت جیادەکرینەوە. وەکو:

کوڕ ← قۆز.

کچ ← جوان.

کچ ← ڕەند.

گول ← جوان.

بەم پێیە وشەی (میاواندن,وەڕین,حیلاندن,نەڕاندن) لەڕووی گەیاندنی مەبەستەوە کە دەنگی گیانلەبەر دەگەیەنن هاوواتان,بەلام هەریەکان لەوی تریان جیادەکرێتەوە بەپێ ئەو وشەی لەدوایاندادێت ئەم وشانە لە ئاستی ستونیدا پۆلێن دەنونێن: -

شێر ← نەڕاندن.

پشیلە ← میاواندن.

سەگ ← وەڕاندن.

ئەسپ ← حیلاندن.

## ٣- واتای بابەتی: -

ئەم جۆرە واتایە گرنگی دەدات بەو ڕیگایەی کە قسەکەر تیایدا قسەکانی یان ووشەکانی ڕێك دەخات، بۆگەیاندنی مەبەستێکی تایبەتی,واتا بەڕێکخستنی جیاجیا مەبەستی جیاجیا دروست دەکات و بەپێی گرنگی دەگۆڕێ کە پەیوەندی بەریکخستنی ڕستە و بەلوتکەکردنەوە هەیە,واتا هۆشەکیەکەیان یەکە بەلاّم گرنگی هەریەکەیان بۆ بارێك یان کاتێك دەبێت: -

بۆ نمونە :

- کەرەکە کەپرەکەی خست .
- کەپرەکە کەرەکە خستی .
- کەپرەکە کەوت. (محمد معروف فتاح , ١٩٩٠,١٦١) .

یان: -

- خەلاّتەکە مامۆستادابەشیکرد .
- مامۆستا خەلاّتەکەی دابەشکرد.

لە رستەی یەکەم جەخت لەسەر(خەلاّتەکە) دەکریّ,بەلاّم لەرستەی دووەم جەخت لەسەر (مامۆستا) دەکریّ.

## ب- شێوەکانی گۆڕانی واتای ناو : -

١. گواستنەوەی واتا: -

أ- مەجاز (میتافۆر)

ب- ئیستیعارە(میتانۆمی)

٢. تەسك بونەوەی واتا.

٣. فراوان بونی واتا.

٤. بەرزبونەوەی واتا.

٥. نزم بونەوەی واتا.

### ١. گواستنەوەی واتا : -

فندریس لە بارەی گواستنەوەی واتاوە دەلێت: -

(گواستنەوەی واتا لەکاتێکدا ڕوودەدات کە هەردوو واتا کە بەرامبەر بەیەکترراوەستن,یان هێچ پێچەوانەیەك لەڕووی گشتی و تایبەتیەوە لەنێواندانەبێت. وەك گواستنەوەی واتای ووشە لەهۆکارەوە بۆ هۆ یان بەپێچەوانەوە)(أبراهيم أنيس,١٩٧٥,١٦٩ ).

ئەمەش دەبێتە دووبەش: -

**أ. مەجاز (میتافۆر): -**

ئەم وشانەی کەبەم ڕێبازە لەزماندا هاتونەتە ئاراوە بون بەکە رەسەی لێکۆلێنەوەلای فەیلەسوف و دەروونناسان و ئەدیبان وزمانەوانان و. چونکە هەریەکێ لەم جۆرە زانایانە بەپێی شارەزایی خۆیی و لەروانگەی بۆ چونی خۆی و لەمەیدانێکی تایبەتی زانست دا لە وشە خوازراوەکانی کۆلیوەتەوە.لەبابەتی مەجازدا دەبێت ووشە دوو تایبەتی هەبێت:

١. لەرووی شێوەوە لەیەك بچن: - وەك

- ملی شوشە
- سەری مەنجەڵ
- رووی مێز

٢. لەرووی ئەرکەوەلەیەك بچن- وەك

- ددانی مشار
- دەسکی دەرگا
- باڵی فرۆکە

ئەوەی شایەنی تیبنی یە هەندێ جار ئەرك و شێوە تێکەلاو دەبن, وەك (ددانی مشار).

## ب- ئیستیعاره ( میتا نۆمی ): -

له ئیستیعارەدا بەپێچەوانەی مەجازە, محەرج نیە لە شێوەو ئەرکدا لە یەك بچن,بەڵکو پێویستە پەیوەندییەکی تەواویان لە نێواندا هەبێت.خواستن ئەوەیە پشت بەپەیوەندی شت و مەك ببەستین لەیەك بۆشاییدا. بەواتایەکی تر دوو شت کە یەکیان لەناو ئەوی تریانەوە بێت,زۆرجار بەناوی شتی یەکەمەوە دووەم ناو ببرێت.

بۆ نمونە/ قوتابی و پۆل.

- قوتابیانی پۆلی چوارەم ئامادەن.

دەتوانری بو تری: -

- پۆلی چوارەم ئامادەن.

جۆرێکی تر لە خواستن بریتی یە لە ناوبردنی(بەش لە گشتی).

وەك: -

- دە مەرم هەیە.

دەتوانین بڵێین: -

- دە سەرم هەیە .

- ئەمجارەیان ناوبردنی(گشت لە بەشت)

وەك: -

- ئوتومبێلەکە پەنجەربوو.


لێرەدا مەبەست ( تایەی ئوتومبێلەکەیە ).

## ٢- تەسك بوونەوەی واتا :

ئەم دیاردەیە کاتێك ڕوودەدات، کاتێ مرۆڤ ووشەیەك لەسنورێکی فراوانی بەربلاوەوە دەبات بۆ شوێنێکی ترو تایبەتی پەیدا دەکات.( واتە وشەیەك یان مۆرفیمێك چەند واتای جۆر بەجۆری گەیاندووەوبەڵام پاشان لەبەر چەند هۆکارێك هەندێ لەواتاکانی لەدەست دا وە,ئێستا هەڵگری یەك واتایە لەزماندا ) ( فتاح مامە, ١,٢٠٠٧ ).

( تەسك بوونەوەی واتا دەگەڕێتەوە وە بۆ ئەوەی کە چەند سیمایەکی واتایی زیاتر خراوەتە سەر سیمای شتێك ) ( أحمد مختار عمر,۲۳۷,۱۹۸۲ ) ئەم دیاردەیە دەبێتە دەوڵەمەندکردنی فەرهنگی زانستی.

بۆ نمونە: ئاوەڵناوی ( شین )جاران هەموو رەنگە تۆخەکانی دەگرتەوە,بەلاّم ئێستا هەر بە واتای شین دێت.




## ۳- فراوان بوونی واتا :

فراوان بونی واتای وشە دیاردەیەکە لە زمان کەم روودەدات,(ئەمە وەك ئەوەی زمانەوانێك لێکی چواندوە بەو وشانەی منداڵێك بەکاریان دێنێ, کاتێك دەیەوێت ناوی شتێك بێنی فراوانی دەکاتەوە بۆ هەموو ئەو دیاردانەی کە جۆرەلێکچونێك لە نێوانیاندا هەیە بەپێی بۆ چونی خۆی) ( عەبدوڵلاّ عەزیز مەحەمەد,۸۱,۱۹۹۰ ).


بۆ نمونە: -

لەوانەیە منداڵ وشەی (بابە) بۆ هەموو کەس بەکاربێنی کە لەرووی دەم و چاوەوە شێوەی لە باوکی بکات. یان وشەی (بەعە) بەرامبەر هەموو ئاژەڵێك بەکاربێنێ مرۆڤ هەموکات لە ژیانیدا هەوڵ دەدات ئەرکی ئەندامانی ئاخاوتن کەم بکاتەوە, بە واتایەکی تر

( فراوانکردنی واتای ووشە دیار دەیەکی بەربلاوو سود بەخشە لە هەموو زمانەکاندا ) (ابراهيم أنيس , ۱۹۷۵ , ۱۵۵ ).

بۆ نمونە: -

ووشەی (نان) پێشتر تەنها بە (کولێرە) ئەوترا, بەلاّم ئێستابە کولێرەو خواردن و موچەش دەوترێ .




## ٤- بەرزبونەوەی واتا : -

مەبەست لەم دیاردەیە لە زماندا ئەوەیە ووشەیەك لە بنەڕەتدا باردۆخێکی خراپی گەیاندبێت و ئێستا وازی لەو واتایەی هێنا بێت و واتایەکی باشی وەرگرتبێت.

بۆ نمونە: -

ووشەی (شۆخ) کە ئێستا بەواتای (جوان) دێت، لە قۆناغێکی پێشتردا بە واتای (بێ حەیا) بەکار هاتووە.

هەروەها (مێش) جاران تەنها بە (باڵندە) دەوترا بەڵام ئێستا بە واتای (مێشی پرچ)یش دێت.

## ٥- نزم بوونەوەی واتا : -

ئەمەش بە پێچەوانەی بەرزبوونەوەی واتایە, ئەمە کاتێك روودەدات وشە واز لەواتایەکی باش یان بێلایەن بێنێ و واتایەك وەربگرێ کەسوکی و ریسوایی بگەیەنێ .

بۆ نمونە: -

ووشەی بۆر کە لە ووشەی (بۆرە پیاو) دادەبینرێ لە بنەرەتدا واتایەکی بێلایەنی هەبووە , واتا نەباش و نەخراپ , بەڵام ئێستا ئەم ووشە لە زمانی کوردیدا , بە مرۆڤێکی بێ بەهاو بێ پارە دەوترێ .

## ج- هۆکارەکانی گۆڕانی واتای ناو : -

١. هۆکاری زمانی: -

أ - دەنگ سازی .

ب - ڕێزمان .

جـ - بەکارهێنانی ووشە لەچوارچێوەی رستە .

٢- هۆکاری نازمانی: -

أ- کۆمەلایەتی .

ب- دەروونی .

جـ ـ مێـژوویی ( عەبـدوللا عـەزیز مەحەمـەد , ١٩٩٠ , ٦٥ — ٦٦ ) ئـەوەی پەیوەنـدی بـە باسەکەی ئێمەوە هەبێت هۆکارە دەروونیەکانە .

## هۆکارە دەروونیەکانی گۆڕانی ناو: -

ئەو گۆڕانانەی لە ناو ڕوودەدەن پەیوەندییان بە هەستی مرۆڤە وە هەیە .

ئـەم دیاردەیـە بـە ڕوونـی لـەو ناوانـە دەردەکـەوێت بـۆ هەسـت دەربڕینـی مـرۆڤ بـە بـاش و خراپـی, هەربۆیـەش خـەلکی لـە زۆر کۆنــەوە ئـەو هێــزو قـودرەت و گیانلەبەرانــەی سەرچـاوەی مەترسی بوون , سلیان لە ناوی ڕاستەقینەیان دەرکردەوە وایانزانیوە بە ناوی تـر نـاو ببـەن باشـترە ئەمیش بۆ ڕێز گرتن و دلّ ڕاگرتنیان بەو هیوایەی لە ئیش و ئازارو ڕق و کینەیان بە دووربن.

وەك: -

| | |
|---|---|
| (سرطان) | (دەردەپیسەکە) یان پێدەوت. |
| (سورێژە) | (موبارەکە) یان پێدەوت. |
| (تامیسکە) | (ئاگرەکە) یان پێدەوت. |
| (جنۆکە) | (لە مەچێتر) یان بێدەوت. |

هەروەها هەست دەربڕینی مرۆڤ بە باشی و خراپی کە پەیوەندی بـە دەروونـی قسـە کـەرەوە هەیە بە پێی هەستی کەسەکە دەگۆڕێ .

بۆ نمونە: -

ووشەی (مردن) ئەگەر هەست دەربڕینەکە بە باش بێ دەوترێ (ئەمری خوای کرد) یان (چرای ژیانی کوژایەوە).

ئەگەر هەست دەربرینەکە بە خراپی بێ دەوترێ:

- گۆربە گۆر چووە.
- تۆپی.

## تەوەری سێیەم:

## ناو و نیشانە کۆمەڵایەتیەکان:

### ١. ناوو عەشیرەت:-

هەر لە کونەوە تا ئێستا عەشیرەت یەکێك بووە لەو دیاردانەی کاری لە سەر ناوەوە کردووە هەر لە سیاسیەکانەوە تا دەگاتە هونەرمەند و ڕۆشنبیرو نووسەر و خەڵکی ئاسایی, کە وەك شانازیکردنێك ناوی عەشیرەتەکەیان هەڵدەبژێن و دەیکەنە پاشناو بۆ خۆیان .

لوتکەی دەسەڵاتی کوردیش عەشیرەتیان وەك ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە کار هێناوە وەکو (مستەفا بارزانی, سمکۆی شکاك, مەسعود بارزانی, جەلال تالەبانی....) ئەم دیارەیە لای شاعیرانی کلاسیکیش بەر چاو دەکەوێ وەکو (مەلای جزیری, صافی هیرانی, هەژاری موکریانی...) جگە لە وانیش ڕۆشنبیرو نووسەرو بەرپرسانی سیاسی و حکومی خەڵکی ئاسایی بە ناوی عەشیرتەکانیان دەناسرێنەوە وەك (نەوزاد خۆشناو, سەلام خۆشناو, ئەکرەم مەنتك, سەعدی بەرزنجی , نەجدەت ئاکرەیی, اسماعیل خور مالی , حەمەنجم جاف, عبدالواحد دزەیی, راوێژ هیرانی, تریفە دۆسکی, تەها بەرواری, رەفیق شوانی , ئەنوەر مەسیفی ..... ) .

### ٢. ناو و نازناو: -

( دانانی ناز ناو لە ئەنجامی ناڕەزایی مرۆڤە بەرامبەر ناوەکەی , یانیش لە ئەنجامی ئەوەیە کەسەکە هەستێکی لە باری نیە بەرامبەر ناوەکەی ) (علی زیعور، ب.ت، ٣٢)

ڕازی نەبوونی تاك بەرامبەر ناوەکانیان توشی نا ئارامی باری دەروونیان دەکات , جا بۆ دەرباز بوون لەم بارە , کەسەکان هەڵدەستن بە دانانی نازناو بۆ خۆیان وەك ( پەرۆش , چاوڕەش ,

ئاوارە , بێکەس , پەشێو , تەنیا ..... ) ئەمە جگە لەوەی زۆر جار نازناو تەعبیر لە کەسایەتی ئەو کەسە دەکات کە ناز ناوەکە بۆ خۆی هەلدبژێرێ بە پێی سروشتی کەسایەتی خۆی.

**٣. ناوو ناتۆرە: -**

زۆر جار لە پاڵ ناوێك دا ناتۆرەیەك بە مرۆڤەکان دەبەخشرێت هۆکاری ئەو ناتورانەش زۆرن , یەکێ لەوانە کەم و کوری کەسەکەیە لە ڕووی جەستەییەوە , ئیتر ناتۆرەیەکی بۆ دەدۆزرێتەوە بە پیێ ئەو کەم کوریەی هەیەتی وەکو ( شەلە, گوجە, کۆرە, بێ دەست....).

زۆر جاریش بۆ دەربڕینی ڕق و کینە ناتۆرەیەکی بۆ هەلدەبژێردرێت وەکۆ (عوسمان مێستۆ , حەمەی کەرزل, مێشك ئەستور, ڕەزا گران ..... ).

هەندێ جار سیفەتی مرۆڤەکان دەبێتە نازناو وەك: (دووزمان, دەنگ گەورە, لوت بەرز...) زۆر جاریش شێوەی کەسەکە دەبێتە نازناو بۆی وەك (دوبە , چورچە , کەپۆ گەورە, شەمولە, سورە, بۆرە ..... ).

# بەشی سێیەم

## ناونان و هەست

### - تەوەری یەکەم

### - هەست و واتا

١. پێناسەی هەست.

٢. ڕەوشی هەست.

٣. تایبەتمەندییەکانی هەست.

٤. بنەماکانی هەست.

٥. هەست وەك بنەمایەکی واتایی.

### - تەوەری دووەم :

- ناو نان و هەست.

١. ناونان وهەست.

٢. ڕێژەی هەست لە ناودا

٣. ڕەنگدانەوەی هەست لەناودا.

أ- ڕەنگدانەوەی باش.

ب- ڕەنگدانەوەی خراپ.

٤. ناو گۆڕین لە کۆمەڵگای کوردەواری.

٥. هۆکارەکانی دەروونی ناوگۆڕین.

# بەشی سێیەم

## ناونان و هەست

## تەوەری یەکەم

## هەست و واتا

### ١- پێناسەی هەست:

(هەست وەرگـرتن و پێشـوازیکردنی مرۆڤـە بـۆ زانیارییـە وروژێنـەرەکان و ئـەو ڕووداو و دیاردانەی کە لە دەورووبەری هەن بەکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکان دەژمێردرێت لە کارلێکی مـرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی) (طلعت منصور و غيره, ١٩٨٤، ١٦٠).

کەواتـە هەسـت کاریگـەری بەسـەر هـەموو ئەندامـەکانی مـرۆڤ هەیـە، هەسـت کاریگـەری بەسـەر یـەکێ لـە ئەنـدامانی مـرۆڤ بـەجێ دێڵـێ بـۆ نموونـە (کـاتێ گڵۆپی سـوور دەبیـنین دەبـێ ڕاوەسـتێ، کـاتێ تەلەفۆنەکـەی لێـدەدات، وەڵامـی دەداتـەوە، هەسـت وا دەکـات مـرۆڤ دەنگـی برادەرەکـانی بناسـێتەوە و لـە یـەکتریان جیـا بکاتـەوە، هـەروەها بـۆنی نانەواخانـە و زۆر شـتی تریش)(سەرچاوەی پێشوو، ١٩٨٤، ١٦٠).

ئەمانە هەموویان پەیوەندیان بەوەرگرتنی زانیارییەوە هەیە کە پێی دەڵێن هەست.

### ٢-ڕەوشتی هەست

هەسـت سـاکارترین کـردەی دەروونییـە لـە ئـەنجامی کـارتێکردنی چـەند شـتێك یـان چـەند دیاردەیەك و رووداوە یەك لە دوای یەکـەکانی جیهـانی دەرەوە دێتـە کایـەوە. (سەرچـاوەی پێشـوو ، ١٩٨٤، ١٦٠).

هەسـت لـە ئـەنجامی کـارتێکردن و ڕەنگدانـەوەی تاکەکەسـیش دروسـت دەبێـت، لـەم ڕەنگدانـەوە تایبەتیانەشـی نـاوە، واتـە ڕەنگدانـەوەی نـاوی تایبـەتی مـرۆڤ بەسـەر مـرۆڤ و ئەندامـەکانی هەسـتکردنی مـرۆڤ، چونکە بێگومـان هـەموو مرۆڤێـك بەرامبـەر بەناوەکـەی خـۆی هەستێکی دیاریکراوی هەیە، جا ئەو هەستە لایەنی باش و خراپ دەگرێتەوە.

## ٣- تایبه تمەندییەکانی هەست:

١- هەست بریتی نییە لە سیفەتێکی جێگیر یان پێوانە بێت بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان، جاری وا هەیە چالاکییەکان دڵخۆشکەرن یان زۆر ناخۆشن.

٢- بێگومان هەست ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە ڕەفتار، بۆیە هەستەکان بەردەوام لە گۆڕان دان، بەپێی ئەم کاتەی تییای دەژی.

٣- هەست کۆنترۆڵی لەسەر ناکرێ، وە هیچ کاتێك پێوانە ناکرێ.

٤- هەستەکان کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر کارەکانمان بۆیە کاتێ مرۆڤ هەست بەخۆشی شتێك دەکات هەوڵ دەدات لێی نزیك بێتەوە وە کاتێ هەست بەشتێك دەکات کە ناخۆشە یان بەئازارە خۆی دوورە پەرێز ڕادەگرێ.

٥- زۆرجار هەست بەشتێك دەکرێ جارێ ڕووی نەداوە، یاخود هەر ڕوونادا، بەڵام تۆ هەستت بۆی دەچێ. ( برنهارت، ١٩٨٤، ٨٢).

## ٤-بنەماکانی هەست:

هەست جۆرێکە لە هەڵچوون، لایەنێکی بنەڕەتییە لە ژیانی دەروونی مرۆڤایەتی و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. هەروەها (سۆز ئامادەبوونێکی ویژدانی و ئاوێتەیە و ڕێکخستنێکی تایبەتە کە لە هەڵچوونەوە وەرگیراوە، بەرەو هەڵوێستێکی تایبەت کە خاوەنەکەی بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێکی تایبەت دەبا، بەواتا ئەگەر کۆمەڵێك هەڵچوون لە دەورووبەری بابەتێك کۆبوونەوە سۆزێکی تایبەت دەبەخشێ و خاوەنەکەی بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتارێکی تایبەت دەبا) (طلعت منصور و غیرە، ١٩٨٤، ١٥٥).

ئەو ڕەفتارە تایبەتییەی مرۆڤ لە ناونان ڕەنگی داوەتەوە هەروەها (سۆز لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی ژیانی تاکە) (عبدالرحمان محمد عیسوی، ١٩٧٢، ١٣٠).

بەڵام مرۆڤ دەبێ ئەوە بزانێ کە کاردانەوەی هەڵچوونەکەی دڵخۆشکەرە یان نا، چونکە ئەمە هاندەرە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە مەبەستە. ئەگەر دڵخۆشکەر بوو کاردانەوەکە (ئەرێ)یە، ئیجابی دەبێ ئەگەر دڵخۆشکەر نەبوو کاردانەوەکە (نەرێی) سلبی دەبێ، چونکە مرۆڤ

کاتێ بیردەکاتەوە و هەست دەکا کارێك ئەنجام دەدا، هەموو ئەمانە کاریگەری باری کۆمەڵایەتی بەسەردا زاڵە. (فوزیه العطیة، ۱۹۹۲، ۲٦۹).


جگەلەوانەش خۆشەویستی کاردانەوەیەکی هەڵچونە بەگشت جۆرەکانییەوە. (نبیهه صالح السامرائی، عثمان علی أمیمن، ۲۰۰۲، ۱۲۹) دەتوانین بڵێین ئەم لایەنەش پەیوەندی بەناونانەوە هەیە ئەگەر لە ژێر رۆشنایی لایەنی خۆشەویستی مرۆڤ بەرامبەر یاردەیەك یان کەسێك یان هەر شتێکی تر ئەوا لە ناونانەکەی ڕەنگ دەداتەوە، ڕقیش بەهەمان شێوە، چونکە زۆرجار مرۆڤ ڕقی لە یەکێکە، هەموو ئەو کەسانەی ڕق لێیە کە لە شێوەی ئەو دەکەن یان هەلگری ئەو ناوەن کە ناوی ئەوە، بەڵام کەلێی دەپرسن بۆ ڕقت لەم ناوەیە دەڵێ بەدەست خۆم نییە، زۆربەی مرۆڤ هەست بەکار و کاردانەوە دەروونییەکانیان ناکەن. (امیمه علی خان، ۱۹۷۰، ۱۱٦ ).

گرنگی هەڵچوون لە ژیانی رۆژانەمان لەم خاڵانە کۆدەبێتەوە (پەیوەندی، ڕێکخستن، هێماکردن، پاڵنەرەکان، هەڵسەنگاندن، خەملاندن، راوێژکاری، پاراستن و بەرگرکردن. (محمد بنی یونس، ۲۰۰٤، ۲۸٤- ۲۸٥).

ئەوەی بەلای ئێمە گرنگ بێ و کاریگەری هەبێ لەسەر ناونان پاڵنەرەکانە، چونکە لە پاڵ پاڵنەرێکەوە ناو لە شتەکان دەنرێت.

## ٥-هەست وەك بنەمایەکی واتایی :

(نرخ ومەبەست بیروکاریگەری بنەماکانی واتاپێك دێنن) (نورالهدی لوشن, ۱۹۹٥, ٤٨.)(کاریگەری لەسەر بنچینەی هەست وسوز بنیات دەنریت)(Hartm a stork(N.D)34 ).



کەواتە هەست بەشێکەلەبنەماکانی واتا (هەڵوێست وهەستی کەس دەردەخا بەرامبەر کەس و ڕووداوو شت... کە بە پێی کەس و کومەڵگا دەگۆڕیت. )( محمد علی الخولی،١٩٩١, ٨)

(زور جاریش بەپیی تاقی کردنەوەو دەوروبەر گورانی بەسەردادیت )(محمد علی ابو حمدە،١٩٨١, ١٧٧)زۆر وشە هەیەهەڵگری واتای کاریگەرییە هەست دەوروژێێنی وەك ئاوڵناو وئامرازەکانی ڕامان وەك(ئاخ، ئۆف، ئای،ئوخەی،وەیرۆ،پەککو،هۆیهاو هۆی حەی و...ئەمانە هەست و ئارەزوی نێرەر دەردەخەن بەشدارن لە داڕشتنی ڕستەی سەرسوڕمان وئازار دەربڕین وگالتە پێکردن و سەرنج ڕاکیشان.

ئەم گۆڕانەش بەسەر هەموو وشەیەکدا نایەت و وشە لەخۆیەوە واتای کاریگەری لێ کۆ نابێتەوەو هەست ناوروژێنێ بەڵکو هەندێ هۆکار هەن دەبنە هۆی ئەوەی کە وشە و دەربڕینەکان هەڵگری واتای کاریگەری بن وەك:

### ١- دووبارە بوونەوە:

ئەو وشانەی لە بۆنەی باش و خراپدا بەکار دەهێنرێت و زۆر دووبارە دەبنەوە و لەگەڵ یەکدا دێن، زیاتر بارگاوی تر دەبن بەهێزێکی دەروونی لە لایەن بەکار هێنەر و وشە کە هەستی کەسی تیا ڕەنگدەداتەوە. (عزیز حنا داود وناظم هاشم العبیدی، ١٩٩٠، ٢٦١)، (چونکە هەر کەسێ بەکاری دێنێ هێزێکی دەروونی پێ دەبەخشێت و واتایەکی زیادە دەخاتە سەر واتا هۆشەکییەکە) .( Lyons,1977,449)

بۆ نموونە وشەی (باوەژن) لەگەڵ دووبارە بوونەوە و بەیەکەوە هاتنی لەگەڵ وشەی (بێ بەزەیی و خوانەترس) ئەوا بۆتە واتایەکی زیادە چۆتە سەر واتای (باوەژن) (ئومێد مەسعودی، ٢٠٠٢، ٥٠).

### ٢- تاقیکردنەوە:

زۆر وشە بەتایبەتی ناوەکان هەڵگری واتای دەروونی نین، بەڵام یادگاری و تاقیکردنەوە لەگەڵ ئەم وشانە وا دەکات هەڵگری واتای دەروونی بێت بۆ نموونە (بورجی ئیڤل، یان دیواری بەرلین) بەبێ تاقیکردنەوە هیچ واتایەکی دەروونی نییە، بەڵام لە وانەشە هەندێ کەس یادگاری تاڵ و شیرینیان لەگەڵیان هەبێت ئەوەی نەشیدیبێ لای ئاساییە. (نور الهدی لوشن، ١٩٩٥، ٩٩).

هەروەها وشەیەکی وەك ئەنفال یان هەڵەبجە لەبەرئـەوەی تاقیکردنەوەیـەکی کـورد خراپـی لەگـەڵ ئەم وشانەدا هەیە ئەو بۆتە هۆی ئەوەی ئەم وشانە هەلگری کاریگەری خراپ بن.

## ٣- ناونان:

بیروبـاوەڕ و بیرکردنــەوە لــە ناونــان ڕەنگدەداتــەوە ( فـاروق عومــەر ســدیق، ١٩٩٠، ١٦٢)، چونکە کـاتێ مـرۆڤ نـاو لـە شـتێ یـان کەسـێك یـان ڕووداوێـك دەنێـت، چۆنی دەبینێت ئـاوا نـاوی لێــدەنێت بــۆ نموونــە ناوەکــانی (چــەتە، تیرۆریســت، ئــاژاوەگێڕ، خــەباتکار، بەرگریکــەر، شۆڕشگێڕ...) زادەی هەست و سۆزی نێرەرن.

## ٤- هێز و ئاواز:

هێـز و ئـاواز و خێرایـی قسـەکردن هۆکـارێکن بـۆ هـەلگری واتـای کاریگـەری ئەگـەر هێـزی بەرامبـەری لەسـەر هـەر وشـەیەك بێـت ئـەوا بـۆ ئەوەیـە کـە وەرگـر بۆچـوونێك وەربگـرێ لەسـەر نێرەر، واتە هێز لەسەر کام وشە بێت، ئەم وشەی بـەلای نێـرەرەوە گرنگـە. هـەر ئەمەشـە وای لـە شـاعیران کـردووە گرنگـی بـدەن بـەدەنگ و مۆسـیقای وشـە و دووبارەبوونـەوەی دەنـگ کـە جـۆرە هەست و سۆزێکی دەروونی دەبەخشێ.

## تەوەری دووەم

## ناونان و هەست:

### ١- ناونان و هەست:

هەموو ناوێك لە پاڵ هەستێکەوە دەنرێت، بەڵام کۆمەڵێك پاڵنەر هەن کار لە هەستی مرۆڤ دەکەن و پاڵنەرانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ناوناندا هەیە، هەست لە پرۆسەی ناوناندا دەورێکی باڵای هەیە و کاریگەری لەسەر کەسەکان هەیە کە ئەنجامدەری ناونانەکەن.

بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی هۆکارەکانی ناونان ڕاپرسییەکمان ئەنجام داوە لە نیوان (١٠٠) بنەماڵە, ئەم بنەماڵانە لە چینە جۆربە جۆرەکانی کۆمەڵگا پێکهاتبون ,هۆکارەکانی ناونانیان بۆ ئەم هۆکارانە گەڕاندەوە کە لەم خشتەیەدا زیاتر ڕوونی دەکەینەوە:

خشتەی ژمارە (١)

| هۆکاری ناونان | ژمارە | ریژە |
|---|---|---|
| ١- هەستی نەتەوایەتی | ٢١ | ٪٢١ |
| ٢- ئاینی | ١٧ | ٪١٧ |
| ٣- هۆکاری سیاسی | ٧ | ٪٧ |
| ٤- سروشت | ٨ | ٪٨ |
| ٥- ئەدەب | ٧ | ٪٧ |
| ٦- فەلسەفە | ٣ | ٪٣ |
| ٧- هونەر | ٦ | ٪٦ |
| ٨- جیهانگیری | ٣ | ٪٣ |
| ٩- کەلتور | ٤ | ٪٤ |
| ١٠- سەرواو ئاواز | ٩ | ٪٩ |
| ١١- بەناوکردنەوە | ١٠ | ٪١٠ |
| ١٢- خەون | ٥ | ٪٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪١٠٠ |

لەم ڕاپرسییەدا ئەوەی ئاشکرایە هەستی نەتەوایەتی هۆکارێکی سەرەکی ناونانە, لەکۆی(١٠٠)کەس,(٢١)کەس بەڕێژەی (٪٢١) ئاماژەیان پێکردوە,دواترئاین(١٧) کەس, بەڕێژەی (٪١٧)

دواتــر هۆکــاری سیاســی(٧)کــەس بەرپێــژەی(٧٪),دواتــر سروشــت(٨) کــەس  بەرپێــژەی (٨٪),دواتــر ئــەدەب(٧) کــەس بەرپێــژەی(٧٪), دواتــر فەلســەفە (٣)کــەس بەرپێــژەی(٣٪),دواتــر هونــەر(٦)کــەس بەرپێژەی(٦٪),دواتر جیهانگیری (٣)کەس بەرپێـژەی(٣٪),دواتـر کـەلتور(٤)کـەس بەرپێـژەی(٤٪),دواتـر سەرواوئاواز(٩)کەس  بەرپێژەی(٩٪), دواتر بەناوکردنەوە(١٠)کەس بەرپێژەی(١٠٪),خەونیش(٥)کـەس بەرپێژەی(٥٪)ئاماژەیان پێکردوە,کۆی هەموی دەکاتە(١٠٠)کەس بەرپێژەی(١٠٠٪).

## ١-  هەستی نەتەوایەتی:

هەستی نەتەوایەتی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ناونان ئەم دیاردەیە زۆر بـەزەقی لـە ناونانـدا ڕەنگـی داوەتـەوە. کـورد بەدرێـژایی هـەزاران سـاڵە لەسـەر ئـەم خاکـە ژیـان بەسـەر دەبـات هەرچی کارەسات و نەهامەتی و کوێرەوەری هەیـە چـێژتوویەتی و هـەتا پێـی کرابێـت بـەرگری لـە مانەوەی خۆی کردووە،  توانیویەتی پشت بەکێ و چیا سەرکەشەکان و ڕەسـەنی نەتەوایـەتی خـۆی بپارێزێ لە سەرووی هەمووشیانەوە زمانە کە بەهۆیـەوە مانـەوەی خـۆی جـێگیر کـردووە ئـەویش زۆرتری ناوی کەس و تاکەکانی میللەتەکەمانە بەزمانی خۆمان،  باو و باپیرانمان بەقەدەر بـۆ لـوان ناوە نەتەوەییەکانیان پاراستووە و بەشوێن ناوی وا دەگـەڕێن کـە نـاوی نەتـەوەکانیانی پـێ نـاوزەد بکەن ئەگەر یەکێ کوردی باش نەزانێ پرسیاری واتای ناوەکە دەکات.

نەتـەوەی کـورد وەکـو بەشـێك لـە پاراسـتنی ناسـنامەی نەتـەوەیی خـۆی هـەوڵی داوە نـاوی کوردی لە ڕۆڵەکانی خۆی بنێ وەکو بەشێك لە دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی خۆی تەنانەت ئەگـەر ناوەکانیش کوردی نەبووبن ئەمە سەرەڕای دڵسۆزی و پابەنـدبوونی کـورد بـە ئـاینی ئیسلام و ئـەو ناوانەی کە لە ڕێگای ئیسلامەوە لە منداڵەکانی خۆی ناوە ڕووپۆشێکی کوردی پێ بەخشیوە،  وەکو: محەمەدی کردۆتە حەمە و عبداللەی کردۆتە عەولا.

هـەروەها شۆڕشـی ئـەیلول کاریگەرییـەکی زۆری هـەبوو لەسـەر نـاوی کـوردی بەهـەمان شـێوە دوای ڕاپەڕین ئەو ناوە شیرینانەی کوردی کە پێناسەیان لە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی کورد کرد بـووە بەشێك لە دەربڕینی هەستی نەتەوەیی بەجۆرێك ناوی کوردی وەکـو نـەریتێك لـە شـار و لادێکانـدا پەرەی سەندووە ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕینی ناوی شەقام و قوتابخانە و نەخۆشـخانە و شـوێنە گشتییەکان بۆ ناوی کوردی ڕەسەن.

سیاسەتی داگیرکارانی کورد هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە زمان و ناوی کوردی بنەبڕ بکەن، بەڵام ئەم کارەیان پێنەکراوە و ناشکرێت، چونکە ناو و ناونان ڕاستەوخۆ تەعبیر لە دۆخی کەس و میللەت و کۆمەڵگا دەکات. هەروەها تەعبیریش لەو قۆناغە دەکات کە میللەتی تێدایە، بۆیە میللەتیش لە هەموو کاتەکاندا بەناو لە روحی خۆڕاگری و بەرگری خۆی دەدوێ ، بۆیە زۆرێك لەو کەسانە لە دژوارترین باری ژیانیاندا ناوی کۆرپەکانیان بەناوی چیا و ڕەمزە کوردییەکان کردووە وەك (هەندرێن، مەتین، سەفین، پیران...) هەروەها ناوی (ڕێباز، شۆڕش، قارەمان، جەنگی، شێروان...) ئەمەش دیارە کاریگەری ئەو رۆژگارە بووە کە دەسەڵاتەکان دروستیان کردووە. هەروەها لایەنێکی دیکەی هەستی نەتەوایەتی لە ناوناندا، ناوی ئەو قارەمانانەیە کە لە ڕێی سەرفیزای کورد گیانیان لە دەست داوە و تێکۆشانیان کردووە وەکو (شێخ مەحمودی حەفید، مستەفا بارزانی، سمکۆی شکاك، لیلی قاسم).

جگە لە ناوی کەسەکان ناوی میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانیش بەگوێرەی قۆناغەکانی مێژووییەوە زۆر ناویان بۆ جێ هێشتووین، کە ئەو ناوانەش تەعبیر لەو کەسانە دەکەن کە لەو سەردەمەدا لە شوێنێکی دیاردا حوکمڕانی بەشێکی کوردییان کردووە جا ناوی ئەم میرنشینانە وەگیراوە بۆ منالانی کورد، وەك (سۆران، بابان، بۆتان، ...).

ناو تەعبیر لە هەستی کەسەکان دەکات بەگوێرەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی، واقیعی کۆمەڵایەتی کورد لە ژیانی کە پڕە لە کارەسات و مەینەتی نائومێدی، ئەمە وای کردووە ئەم واقیعە لە ناوناندا ڕەنگ بداتەوە، وەکو کۆچڕەوەکەی ساڵی (١٩٩١) کە بارودۆخێکە میللەتی کورد قەت لە بیری ناچێتەوە، بۆیە لەو کاتەدا زۆربەی منداڵانی کورد بەناوی ئەو دیاردەیەوە کراون (ئاوارە، بێوار،نامۆ...)، کە ئەمانە زادەی بیری کوردن لەم قۆناغەدا.

هەستی نەتەوایەتی بەزۆر شێوە لە ناونان ڕەنگی داوەتەوە بۆ نموونە:

- باوکێك ناوی لە منالەکانی ناوە (ئەژین، کاروان، بۆ کورد) مەبەستی ئەوەیە بڵێ (ئەژین بۆ کاروانی کورد).

- ابراهیم ناوی لە کوڕەکەی ناوە (ئاری) و ناوی کچەکەشی ناوە (میدیا) مەبەستی ئەوەیە (کوردی ئارین و لە نەتەوەی میدیا).

- (هیوا و ئومید) باوکی ناوی لێیان ناوە، چونکە ئەوان لە دەرەوەی کوردستان لە دایك ببون باوکەکەش بە هیوا و ئومێدی گەڕانەوە بووە بۆ کوردستان.

- (داستان) باپیری ناوی لێناوە چونکە لە داستانی خواکورك بەشداری کردووە.

- (شاد و یاد) دایك و باوکی ناویان لێناون چونکە لە دەرەوەی کوردستان لە دایك بووینە، واتا (یادی کوردستان دەکەین و بە کوردستان شاد دەبینەوە).

هەروەها باوکی (حەمەنەجم جاف و حەمەسالّح جاف) کاتی خۆی وتوویەتی (کوڕەکانم وا ناو دەنێم، هەرکەس گوێی لە ناوەکانیان بێت بزانێ کوردن، چونکە حەمە بوو بەدەقێکی کوردی و با هەرچیی لە دواوە بێت خەڵك هەر بە کوردییان ئەزانێت).

هەروەها (عەلی بەگ جاف) کە خۆی پێشمەرگەی دێرینە ئەو ناوانەی بۆ منداڵەکانی هەڵبژاردووە، کە پیتەکان لە ڕێنووسی کوردی دان و لە عەرەبیدا نییە وەکو (ڕێژەن، دژوار، ئاژێن).

جگە لەمانەش لەناو بنەماڵەی خۆمان ئێمە هەموو ناوەکانمان کوردییە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە باوکم پێش شۆڕشی ئەیلوول کوردایەتی کردووە ، لە شۆڕشی ئەیلولیش گیانی کوردایەتی بڵاوکردۆتەوە.

ئەمانە ئەو پەڕی شانازی کردنە بە زمانی کوردی و نەتەوەکەمان.

## ٢- ئاين

ئاين كاريگەری زۆری هەیە لەسەر پێكهاتە جۆربەجۆرەكانی هەر نەتەوەیەك،لە كۆمەڵگای كوردیشدا ناوەكانی پێش ئاینی ئیسلام لە دینەكانی زەردەشت و یەزیدیدا جیاواز بوون لە ناوەكانی دوای ئیسلام. دینی ئیسلام كاریگەری لەسەر دینەكانی پێش خۆشی هەبووە، بۆ نموونە كە دینی یەزیدی پێش ئیسلام هەبوو بەدەربوو لە كاریگەری ئیسلام، بەڵام دوای هاتنی ئیسلام ئێستا دەبینین یەزیدییەكانیش جۆرەها ناوی عەرەبی و ڕەمزە ئیسلامییەكانیان هەیە، وەك (مەجید، مەحمود.. هتد).

كۆمەڵگەی كوردی پڕە لە ناوی عەرەبی ئیسلامی، كە بەهاتنی ئیسلام ئەم ناوانە بڵاوبوونەتەوە، ئەمجۆرە ناوانەش لە ژێر كاریگەری ئەوەیە كە دایك و باوك هەست دەكەن ئەم ناوانە وەكو سمبولی ئاینی دەبێ بە بەرز و پیرۆز ڕابگیرێن لایەنێكی تری ئەم ناونانەش ئەوەیە كە لە ژێر ڕۆشنایی فەرموودەی پێغەمبەرە كە دەفەرموێ (خیر الاسماء ماعبد وحمد) واتە (باشترین ناو ئەو ناوانەن كە مانای بەندەیی خوا ئەبەخشن و باسی حەمد و سەنای خوایان تێدایە) ( فاروق عمر سدیق ، ١٩٩٠، ١٦٤) ناوەكانیش بریتین لە (عبدالكریم، عبدالعزیز، عبدالبارئ، صابر، رحیم، رحمان، ئیمان، فاتمە، زەهرا، حەلیمە، عائیشە، زەینەب...) ناوەكان هەم بۆ كوڕ و بۆ كچ بەكار دەهێنرێت.

ئاینی ئیسلام كاریگەری زۆر گەورەی لەسەر كۆمەڵگەی كوردی هەبووە لە ناونانی منداڵەكانیان، بە درێژایی چەندین سەدە هەست بەو كاریگەرییە دەكرێت. ناوی پێغەمبەر (محمد) یەكێكە لە ناوە هەرە بڵاو و باوەكانی كورد، هەروەها ناوەكانی دیكەی وەك خەلیفەكانی ڕاشدین و سەركردە ئیسلامییەكان و ناوی ژنەكانی پێغەمبەر زۆر بڵاون قورئان كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر ناوی كەسەكان كردووە.

كورد لە ڕووی مێژووییەوە چەندین ئاینی هەبووە، هەر هەموو ئاینەكان بەگوێرەی قۆناغە مێژووییەكان ڕەنگدانەوەی خۆیان هەبووە لەسەر هەستی مرۆڤەكان و ناونانی كەسەكان ئەم كاریگەریەش تا ئێستا بەردەوامە و بەهێزە. دایك و باوك زۆر جار كە ناو بۆ منداڵەكەیان هەڵدەبژێرن جگە لە هۆكارە ئاینییەكە دەیانەوێ منداڵەكەیان لە ڕێگای ناوەكەیەوە هەڵگری سیفەت و واتای ناوەكە بێت وەكو (مطیع، صابر، رحیم...).

## ٣- هۆكاری سیاسی

دیارە یەكێك لەو كایە گرنگانەی لە كۆمەڵگەی كوردیدا كاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی خەڵك و هەست و ژیانیان هەیە، سیاسەتە كە كاریگەرییەكی زۆری لەسە ناونانـدا هەیە، كورد لەگەڵ پەیدابوون و دەركەوتنی پارت و لایەنە سیاسییەكان لە ناوەوە و دەرەوەی كۆمەڵگای كوردی و كاریگەری بەسەر نوخبەیەك لە مرۆڤی كورد زۆربەی ناوی ئەو كەسایەتیانەی كە دەركەوتوون دووبارە دەبنەوە وەكو ناوی سەركردە و دار و دەستە حزبییەكان وەك (مەسعود، نێچیرڤان، كۆسرەت، نەوشێروان، مەسروور...) ئەمانە ڕاستەوخۆ كاریگەری بەسەر كەسەكان هەبووە كە ئەم ناوانەیان هەڵبژاردووە بۆ مناڵەكانیان.

هەروەها لە دەرەوەی ناوە كوردییەكانیش لە سەردەمی بەهێزبوونی ئاڕاستەی ماركسییەن لە كوردستان زۆر ناوی (لینین و ستالین) زۆر بوون، یان ناوی ئەو سەركردانەی كە كاریگەری زۆریان لەسەر خەڵك و دنیا و وڵات هەبووە وەكو (هیتلەر و گیڤارا).

لە سەردەمانی ڕژێمی بەعس ناوی (صدام، حەلا، عودەی...) وەك نیشانەیەك لە لایەن بنەماڵەی ئەو كەسانەوە بۆ وەفاداری و ڕێزگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئەوسا ئەم ناوانەیان بۆ منالەكانیان هەڵدەبژارد. بەڵام ئێستا بەشێوەیەكی ترە.

هەر بۆ مەبەستی كاریگەری سیاسەت لەسەر ناونان چەند نموونەیەكی زیندوو دێنمەوە:

- مستەفا كوری خۆی ناوناوە (مسعود).
- مستەفا كوری خۆی ناوناوە (نەوشیروان).

ئەم دوو ناوە تەعبیر لە دوو دەسەڵاتی حزبی جیاواز دەكەن.

- (مەڵبەند) باوكی ناوی لێناوە، چونكە باوكەكە ئەندامی كارگێڕی یەكێتی بووە.
- (نێچیروان) باوكی ناوی لێناوە لەبەر خۆشەویستی بەرامبەر (نێچیروان بارزانی).

ناوی كۆمەڵە سەركردەیەكی دەسەڵاتی كوردی بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ دوای ڕاپەڕین زیادیان كرد، چونكە ئەو كەسانە پەیوەندییەكی هەستەوەری و سۆزدارییان بەتاكی كۆمەڵە كەسانێكەوە هەیە، بۆیە ناونانی منداڵ و نەوەی نوێ بەم ناوانەوە مەغزایەكی سۆزداری هەیە.

## ٤- سروشت:

هەندێك ناوە كوردییەكان و سروشت ئەگەڕێننەوە سەر ئاینی زەردەشت، بەوەی ئاینی زەردەشت چوار توخمی سەرەكی بۆ ژیان دەستنیشان كردووە كە ئەمانەن: (ئاو، ئاگر، هەوا، خاك) كە ناوی مرۆڤەكانی كوردیش دەگەڕێننەوە بۆ ئەو توخمانە.

كوردستان ئاوی زۆرە و خاكێكی بەپیت و بەرەكەتی هەیە و هەوایەكی ساردی هەیە و پێویستی بە ئاگر هەیە بۆ گەرم بوونەوە ئەم توخمانە پەیوەندییەكی توندوتۆڵیان بەناوی ڕەگەزەكانەوە هەیە (نێر و مێ) كە زیاتر توخمە مێینەكان بۆ توخمی (ئاو و ئاگر) ئەگەڕێتەوە، توخمی نێریش بۆ هەوا و خاك) وەك ناوەكانی مێینە (خوناو، گوڵاڵە، هەتاو، فێنك، سروە، شەپۆڵ، بڵێسە، ڕووبار، تریسكە، باران، دەریا...) ناوی كوڕانەش زۆریان لە توخمەكانی خاك و هەواوە هەیە وەك: (چیا، بڵند، دەشتی، بەرزی، شەماڵ، سەركەش...) هەروەها جگە لەو ناوانەش ناوی هاوبەش لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیەكە دەگەڕێنەوە سەر ئەو توخمانەی ژیان دروست دەكەن.

سروشت كاریگەرییەكی دەروونی لەسەر هەستی مرۆڤەكاندا هەیە، باران كاریگەری خۆی هەیە وەك چۆن هەتاو و هەور و سەوزایی و دەشت و شینایی ئاسمان و چیاو و دەشت. هەریەكەیان بەشێوەیەك كار لە مرۆڤ دەكەن و مرۆڤ پێیان سەرسامە، ئەمە ڕاستەوخۆ لە ناوناندا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە ئەو كەسانەی لە ناوچە شاخاوییەكاندا دەژین ناوی وا هەڵدەبژێرن لەگەڵ سروشتی ناوچەكەیانبگونجێت، بۆ نموونە لە شەقڵاوە ناوی سەفین زۆرە چونكە چیای سەفین بۆتە ڕەمزێك بۆ شەقڵاوە، هەروەها لە دهۆك ناوی مەتین زۆرە چونكە چیای مەتین لەو دەڤەرەیە، جگە لە مانەش لە هەموو شوێنەكانی دیكەی كوردستانیش ناوی چیا و شوێنە سروشتییەكان و دار و درەخت و گوڵ و ڕووبار و دەشتەكان كاریگەری لەسەر دانانی ناوەكان لەسەر مرۆڤەكان هەیە، وەكو ( تاڤگە، شەوبۆ، شلێر، باران، چیا، ڕووبار، زریان...) هەروەها زۆر خێزانی گوندنشین كە دوورن لە شار و هەموو ئەو لایەنانەی پەیوەستە بەشار، دەبینین ناو بەگوێرەی دەوروبەرەكەیان بۆ منداڵەكانیان هەڵدەبژێرن، واتە بەگوێرەی سروشتی ناوچەكەیان ناوەكان هەڵدەبژێرن و چ شتێكی لە دەوروبەریان هەبێت دەیكەن بەناوی منداڵەكانیان وەكو (سنەوبەر، كانی، سێوێ...).

هـەروەها وەرزەكـانی سـاڵیش كـەم دەرو نــین لەسـەر ناونـان لـە كۆمـەڵگای كـوردەواری، منداڵەكـە لـە كامـە وەرز بـەرگی ژیـان لەبـەر بكا بـەم وەرزە نـاو دەنرێت وەك: (بـەهار، هـاوین، زستان، پایز). جگە لەوانەش كـەش و هـەوای سروشـتی ناوچـەكە كاریگـەری هەیـە لەسـەر ناونـان، منداڵەكە لە چ كەش و هەوایەك لە دایك بێت ئەم ناوەی لێ دەنرێت وەك (باران، لافاو، تـەزرە، سامالّ، فێنـك، زریـان، ڕەهێڵ، ڕێژنـە...) هـەروەها جـوانی دیمـەنی دێ و شـار و شارۆچـكەكانی كوردستان وایان لە مرۆڤ كـردووە منالّـەكانیان بـەو ناوانـە بكـەن كـە خۆیـان لـەم ناوچانە ژیانیـان بەسەر بردووە، یان بەڕێكەوت لەوێ گوزەریـان كـردووە، بـەجوانی ناوچـەكە سەرسـام بوونـە وەك (شنۆ، مهاباد، رانیە، چۆمان، هیران، خۆشناو، بارزان... هتد).

هەروەها جگە لە ناوی تایبەتی مرۆڤ ناوی گەڕەك و قوتابخانە و شەقام و رۆژنامە و گۆڤـار و ناوەندە رۆشنبیری و ئەدەبییـەكان و... هتـد هـەر لـە ژێـر ئـەو كاریگەریـەدان، بۆیـە بـە ئاسـانی دەتوانین دەستنیشانی جۆرەها ناو بكەین كە پەیوەندییان بەسروشتەوە هەیە، بۆ نموونـە گۆڤـاری باران، قوتابخانەی كانی سەرەتایی.

## ٥- ئەدەب

دیارە ئەدەبیاتیش یەكێكە لەو كایانەی بەزۆر شێوە كاری لە ناونان كردووە لـە زۆر ئاسـتدا، چ لە ئاستی ناوی كتێب و چیرۆك و ڕۆمـان و شـیعرەوە بێـت، یـان لـە نـاوی نوسـەران و شـاعیران و ئەدیبــەكان خۆیانــەوەبێت. نــاوی شــاعیر و رۆمانووســەكان كاریــان كردۆتــە ســەر خــەڵكی و منداڵەكانیان بەو ناوانەوە ناون، وەك ( هەژار، هێمن، صافی، زیوەر، گۆران، دڵدار، بێكـەس...) هەروەها ناوی شاعیر و نووسەری كورد نەك تەنیا كاریگەری هەبێ لەسەر ناونانی تایبـەتی، بـەڵكو زۆر نـاوی قوتابخانـە و شـوێنە گشـتییەكان بـەناوی ئەوانـەوە كـراون وەكـو (دواناوەنـدی ئەحمـەدی خانی، و قوتابخانەی نالی سەرەتایی و مەولەوی سەرەتایی و پیرەمێردی سـەرەتایی سـێریانی سـافی و چوارڕیانی زوبێر بیلال ئیسماعیل و... هتد).

هەروەها زۆر كەسی تر لە ئەنجامی كاریگەری كتێبێك یان ڕۆمانێك ناوی پاڵەوانەكان بۆتـە نـاوی منداڵـەكانیان بـۆ نموونـە دوای بڵاوبوونـەوەی ڕۆمـانی (دواهـەمین هـەناری دونیـای بـەختیار عەلی) هەندێك منـداڵ بـەناوی (سـەریاس) كـران یـان دوای بڵاوبوونـەوە ڕۆمـانی (دایكی مەكسـیم

گۆڕکێ) زۆر منداڵ بەناوی (پاڤێڵ)ەوە کران، هەورەها کچ ناوی جەمیلە کران دوای شعرەکەی کامەران موکری.

هەروەها داستانە کوردییەکان کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ناونان هەبوو زۆربەی کەس ناوی منالەکانیان بەناوی داستانەکان کردووە وەکو (شیرن و فەرهاد، مەم و زین، خەج و سیامەند... هتد) زۆرجار ئەو وشە و زاراوانەی شاعیرانی کلاسیك لە شیعرەکانیان بەکاری دێنن، کاریگەرییەکی زۆر دەخاتە سەر ئەو کەسانەی کە خوێنەری شیعری کلاسیکن و سەرسامن بەو شاعیرانە، بۆیە ناوی منالەکانیان لە شیعرەمانەوە دیاری دەکەن:

- (یەڵدا) دایکی ناوی لێناوە، چونکە سەرسام بووە بەو شیعرەی نالی کە دەڵێ: (شەوی یەڵدایە یان دەیجورە ئەمشەو).
- (بەقا) باوکی ناوی لێناوە ئەم زاراوەیە لە شیعرە سۆفیگەرییەکانی شاعیرانی کلاسیك زۆر بەرچاو دەکەوێ ئەویش سەرسامە بەشیعری کلاسیك.
- باوك و دایکێك بڕیاریان داوە ناوی منالەکەیان بکەن بە (مانی) چونکە سەرسامن بەشیعری (چاوەڕوانی) سالم کە لەو شیعرە ناوی (مانی) هێناوە.
- (حەبیبە) دایکی بەناوی حەبیبەی نالی کردووە.

## ٦- فەلسەفە

لەگەڵ ئەوەی فەلسەفە زانستێکی تازە و نوێیە سەبارەت بە ڕۆشنبیری کوردی هەندێ ناوە فەلسەفییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە بۆ ناونانی کەسەکان، بۆ نموونە:

- (هۆشەنگ): کە خۆی کۆمەڵە شیعرێکی لە کتێبێکدا کۆکردووەتەوە بەناوی (نێرڤانا) بڵاوی کردۆتەوە کچەکەشی بەناوی (نێرڤانا) کردووە، نێرڤاناش گەڕانەوەیە بۆ (فەلسەفەی بودا).
- (زیاد) کوڕەکەی ناوناوە (ئوشا) کە لە فەلسەفەی زەردەشتی بەناوی (تریفەی ڕاستگۆیی) دێ.
- (عەلی) کوڕەکەی ناوناوە (میترا) کەئەمەش ناوی خاوەندەکانە.
- یەکێکی تر کوڕەکەی ناوەناوە (باخوس) ئەمەش خواوەندی تایبەتی (مەی)ە لای یۆنانییەکان.

## ٧- هونەر

هونەریش دیسان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناونانـدا هـەبووە و هەیـە، یەکـەم کاریگـەری هەڵبژاردنی ناوە هونەرییەکانە لە لایەن هونەرمەندان خۆیانەوە دواتـریش کاریگـەری نـاوی ئـەوان لەسەر گوێگران و خەڵکی. بۆ نموونە (حەسەن زیرەك) کـە تـەنیا بـەزیرەکیش ناسـراوە خـۆی ئـەو نازناوەی هەڵبژاردووە، ناوەکەشی کاریگـەری زۆر بـووە لەسـەر خـەڵکی، بۆیـە زۆرێـك لـە خـەڵکی کوڕەکانیان ناوناوە زیرەك لە خۆشەویستییانەوە بۆ هونەرمەند حەسەن زیرەك هەروەها نموونـەی دیکـەش زۆرن چ لـە جیهـانی مۆسـیقای کـوردی یـان عـەرەبی و... هتـد. کۆمەڵـە گۆرانیبێـژێك کاریگەری زۆریان هـەبووە لەسـەر هەسـتی خـەڵکی و خـەڵکیش لـە ئـەنجامی خۆشەویسـتی و ڕێـزی زۆریـان بـۆ ئـەو هونەرمەندانـە، نـاوی منداڵـەکانیان بـەو ناوانـەوە کـردووە وەکـو (ئەسمـەهان، فەیروز، کەلسوم، صباح، صونگوڵ) ئێستا ڕەنگە ناوی زەکەریا وەك هونەرمەندێکی نـوێ و گـەنج جێگـەی بایـەخێکی زۆر لـە گـوێگرانی بێـت، چـونکە کەسـێکە بـەگۆرانی و هونەرەکـەی کاریگەرییەکەی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی خەڵك ناوی ئەو دانێتە سەر کۆرپەکانیان، لێرەدا زەکـەریا پـێش ئـەو نـاوی پێغەمبـەرێك بـووە بـەڵام لـە نـاو کـورد لـە ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠٠٢ دوای دەرکـەوتنی زەکەریای هونەرمەند جارێکی دیکە ئەو ناوە بڵاوبۆتەوە، جگە لەویش (هەردی و لیلی فـەریقی و چۆپی و باخـان و... هتـد) بەهـەمان شـێوە کاریـان لـە هەسـتی گوێگرەکانیـان کـردووە و کاریگـەری هەبووە لەسەر ناونـانی مناڵەکانیان. هـەروەها جگـە لـە هونـەری گـۆرانی، مۆسـیقا و شـێوەکاری و شانۆش بەزۆر شێوە کار لە هەستی خەڵکی دەکەن و کۆمەڵە ناوێك دروست دەکـەن، بـۆ نموونـە لـە دنیای هونەری شێوەکاری ناوەکانی (نیگار، تابلۆ، ڕەنگین، شێوە) لە ناوی کچ بەرچاو دەکەون.

هەر سەبارەت بە کاریگەری هونەر لەسەر ناونان، ئەو زنجیرە دۆبلاژکراوانـەی وەردەگێڕدرێنـە سەر زمانی کوردی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریان لە هەستی بینەرەکانیان کـردووە و کاریگـەرییان هـەبووە لەسـەر ناونـان وەکـو زنجـیرەی (پیـاوانی ئەشـکەوت و چـیرۆکی خۆشەویسـتی خـەمناك و سۆناتای زستان و...) ئەگەر ناوی مناڵەکانیشیان بەپاڵەوانانی ئەم زنجیرانـەوە نـەکردبن ئـەوا نـاوی شوێنیان بەناویان کردووە وەك (سەرتاشخانەی ژوانیۆن، ئارێشگای هاین، شوێنی هێلین...).

## ٨- جیهانگیریی

دیـارە کاریگـەری جیهـانگیری هـەموو ئاسـتەکانی گرتۆتـەوە کـە بەلێشـاو بەرهـەمی نـوێ و تێگەیشتنی نوێ، ناو بەرهەم دێنێت و بەخێراترین کاتیش دەیگەیەنێتە هەموو سوچەکانی دنیـا، یــەکێك لــە دەرکەوتــەکانی ئــەو کاریگەرییــە، نــاوی باڵەخانــە و شــوێنە گشــتییەکان و شــوێنی نیشتەجێبوونە، وەك ناوەکانی (گونـدی ئینگلیـزی، گونـدی ئـەڵمانی نیوسـتی، هـای سـتی، هـاپی تایم، ئەکوا پارك، مۆدێرن ستی، دریم ستی، سوپەرمارکێت، مۆڵ...) دەردەکەوێت.

هەروەها دیسانەوە لە ناوی ڕۆژنامە و گۆڤار و سـایتەکانی ئەنتەرنێتیشـدا ئـەو کاریگەرییـە دیارە، وەك (کوردستان نێت، کوردستان پۆست، کوردستان ڕاپۆرت، کوردسـتان فۆرنیـوز، گلۆبـاڵ و زۆر ناوی دیکە).

## ٩- کەلتوور

لە ڕووی کەلتوورییەوە نەتەوەی کورد وەکـو زۆربـەی نەتـەوەکان نـاوی دابەشـکردۆتە سـەر ڕەگـەزی نێـر و مـێ، کۆمەڵـە ناوێـك هـەن تایبـەتن بەڕەگـەزی نێـر، کۆمەڵـە نـاوێکیش تایبـەتن بەڕەگــەزی مــێ، هەنــدێ نــاویش هــەن بــۆ هــەردوو ڕەگەزەکــە بــەکاردێن. نــاوی نێرینــەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەی توندوتیژییان پێوە دیارە کە ڕەمزێکن بۆ هێـز و دەسـەڵات و وزەیـەکی عەقڵی گەورە، وەك (قارەمان، پاڵەوان، شێرکۆ، دڵشێر، بەهێز، سـەنگەر، چاپوك، زانـا، دانـا، شـاڵاو، هۆشمەنـد، دلێـر، توانـا، چـالاك، زیـرەك...) ئەگـەر تێبـینی بکـەین ئـەم ناوانـە تایبـەتن بەرەگــەزی نێــر، کــەس بــۆ ڕەگــەزی مــێ بــەکاریان نــاهێنێ. چــونکە ئــەم ناوانــە هێمــای هێــزی جەسـتەییان تێدایـە، ئەمـەش ڕەنگدانـەوەی خـۆی هەبووەلەسـەر هەسـتی تـاکی کـورد بـۆ ناونـانی کەسەکان، کورد لـە نـاوە بـەهێز و توندەکانـدا هەسـت بەگـەورەیی و هێـز و دەسـەڵات دەکـات، لـە بەرامبەریشدا بەرامبەر ناوی کچ و ڕەگەزی مێینە ناوی نەرم و نیـان و شـتە ناسـکەکان سروشـتیان بـۆ هەڵدەبـژێرێت وەك (تریفـە، ناسـکە، جـوان، نیـان، چـیمەن، وەنەوشـە، پـەری، نێرگـز، شەونم، شنە، باران...).

دابەشکردنی ناو لە کولتوری کوردیدا بەسـەر دوو ڕەگـەزی نێـر و مـێ دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بارەی کوردی تێدا ژیاوە.

## ١٠- سەروا و ئاواز

یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ناونان گونجانی ناوی خوشك و براکانە لەگەڵ یەکتری، کاتێ باوك و دایك ناوەکە هەڵدەبژێرن ڕەچاوی سەروا و ئاوازی ناوەکان دەکەن.

بۆ نموونە یەکێ ناوی منداڵەکانی بەو شێوەیە ڕێکخستووە (ڕۆژگار، یادگار، سازگار، شەوگار).

ـ هەروەها باوکێك کە خۆی ناوی هاوڕێیە ناوی مناڵەکانی لەسەر ئاوازی ناوی خۆی ڕێکخستووە (هاوکار، هاوناز، هاوژین).

ـ بنەماڵەیەکی تر ناوی مناڵەکانی بەم شێوەیە داناوە (سان، ڤان، بان، ئان).

ـ چەند خوشکێك ناویان بەم شێوەیە (نەوین،ئەوین،شەوین).

زوڕ جاریش دایك وباوکەکە لە پیتەکانی ناوی خۆیان ناو بۆ منداڵەکانیان دادەنین،واتە لە پیتی یەکەمی ناوی باوکەکەو پیتی کۆتایی ناوی دایکەکە ناوەکە هەلدەبژێرن یان بەپێچەوانەوە.

وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

ـ (سامان و شیرین) کچەکەیان ناو ناوە(ساوین).

ـ (سامالّ وئاشنا) کچەکەیان ناو ناوە (سانا).

ـ (سەرمەد وجوان) کوڕەکەیان ناو ناوە (سان).

ـ (پەیمان و دانا) کچەکەیان ناو ناوە (پەنا)

ـ (هۆگر و ڕۆژان) کوەکەیان ناو ناوە (هۆزان).

## ١١- بەناوکردنەوە:

زۆر جار بەهۆکاری بەناوکردنەوە ناو بەمرۆڤەکان دەبەخشرێت، ئەمەش بۆ گەلێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان خۆشەویستی کەسێکی دی لە ناو بنەماڵە، کاتێکەسێکی ئازیز و خۆشەویست دەمرێت یان دوور دەکەوێەوە زۆر جار ناوەکەی بەسەر منداڵەکەیان دەبرن بۆ ئەوەی هەر زیندوو بمینێتەوە، زۆر جار کچ و کوڕ بەناوی دایك و باوکیانەوە کراون واتا باپیر و داپیریان، ئەمەش وەك ڕێز و خۆشەویستی نواندنێك بەرامبەر بەو کەسەی کۆچی دوایی کردووە، زۆر جار مناڵەکە هێشتا لە دایك نەبووە باوکی دەمرێت، جا ئەگەر کوڕ بوو بەناوی باوکی دەکرێتەوە،

زۆر جاریش منالەکە بەناوی یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان دەکەنەوە، دەیانەوێ کاتێ منداڵەکە گەورە دەبێ هەموو سیفەتی ئەو کەسەی لێ دەربکەوێ کە بەناوی کراوە.

هەندێ جاریش منالێ بەناوی پوری یان مامی یان هەرکەسێکی تری خێزانەکەیان کراوەتەوە چونکە لە ڕووی ڕوخسارەوە جۆرە لێکچونێك بەدی دەکرێت لە نێوانیان بۆیە بەهەمان ناوی ئەوی دەکەن.

وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

ـ(ئاڤان)بەناوی پوری کرایە,چونکە شێوەی ڕوخساری لەو دەچوو.

ـ (دلێر)بەناوی مامی کرایە بە هەمان هۆکاری پێشوو.

ـ(بەهرە)بەناوی پوری کرایە بەهەمان هۆکار.

دیاردەی بەناوکردنەوە بەزۆری لە لایەن بنەماڵەی شێخەکان و منالی مەلایەکان و ئاغا و عەشیرەتەکان زیاتر بەرچاو دەکەوێ، بۆیە زۆر جار دەبینین باوکەکە ناوی کوردییە، بەڵام منالەکەی ناوی عەرەبییە چونکە بەناوی باپیری کرایە، وەك:

- مستەفا ڕاوێژ.
- عەزیز هۆشیار.
- محمد سامان.
- مستەفا ڕێدار.
- هۆکاری دووەمی بەناوکردنەوە خۆشەویستی کەسێکی ترە لە دەرەوەی بنەماڵە، بەو مانایەی هەندێ خێزان باوەڕیان بەمەزاری شێخەکان و مەزاری پیاوە ئاینییەکان بەشێوەیەك بەهێزە، کاتێ ژن و مێر خێزان دروست دەکەن و ماوەیەك خوا منالیان پێ نابەخشێ ئیتر لەسەر مەزاری شێخە و سەید و پیاوە ئاینییەکان دوعا دەکەن و دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی ببن بەدایك و باوك کاتێ خوا منالی پێ بەخشین، منداڵەکە بەناوی ئەو کەسەدەکەن کە گوایە لەسەر گۆڕی ئەو دوعایان کردووە و مرازەکەیان هاتۆتە دی، یان زۆر جار ئەو کەسانە لە خەو دەبینن. بۆ نموونە:
- صافی بەناوی (صافی هیرانی) کراوە، بەپێی باوەڕی دایکی لەوێ دوعای کردووە.
- زەکیە بەناوی کچی (صافی) کراوە، بەهەمان شێوە باوەڕی وایە لەوێ دووعای کردووە.

- یونس بەناوی (نەبی یونس) کراوە بەهەمان هۆکاری پێشوو.
- عبدالقادر بەناوی (شێخ عبدالقادری گەیلانی) کراوە، باپیری لەوێ دوعای کردووە.
- گەیلان بەناوی (شێخ عبدالقادری گەیلانی) کراوە، دایکی لەوێ ئەم دوعایەی کردووە.
- عوزێر بەناوی (عوزێر پێغەمبەر) کراوە، دایکەکە لەوێ مرازی خواستووە.
- شێخ محمد جگە لەوەی ناوی پێغەمبەرە، بەناوی (شێخ محمەدی زارگەلی) کراوە، بەهەمان شێوە لەوێ دوعایان کردووە.

هۆکارێکی تری بەناوکرنەوە لە کۆمەڵگای کوردەواری سۆزی خۆشەویستی کوڕە بەرامبەر کچ کاتێ کوڕێك کچێکی خۆشدەوێ و بەقیسمەتی نابێ یان لێی جیا دەبێتەوە، کوڕەکە کاتێ لەگەڵ یەکی تر ژیان دەگوزەرێنێ، ناوی کچی خۆی بەناوی ئەو کچە دەکات کە پێشتر خۆشیویستووە. بۆ نموونە:

- شەوین، سەردار بەناوی ئەو کچەی کردووە کە خۆشی ویستووە.
- تریفە، دڵزار بەناوی ئەو کچەی کردووە کە خۆشی ویستووە.
- بێگەرد، ئومێد بەناوی ئەو کچەی کردووە کە خۆشی ویستووە.

## ١٢- خەون

یەکێ لە هۆکارەکانی ناونان(خەون)ە, زۆر جار لە ڕێگای خەونەوە ناو بە کەسەکان دەبەخشرێت,ئەم دیاردەیە کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەستی ناولێنەرەکە هەیە.

بۆ ئەم مەبەستە چەند نمونەیەك دینمەوە:

- (زێبا)دایکی ناوی لێناوە,چونکە هەفتەیەك بەر لەدایك بونی منداڵەکە خەوی بە زێبای خێزانی صافی بینیوە.

- (مصطفی) دایکی ناوی لیناوە,چونکە لە خەودا پیان وتوە ئەم ناوەی لیبنێ.

- (یوسف) باوکی ناوی لێناوە, ئەویش لە خەودا پیان وتوە.

- (علی) باپیری ناوی لێناوە, ئەویش بەهەمان شێوە لە خەودا پێیان وتوە.

سەبارەت بەکاریگەری هەستی نەتەوایەتی لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ هەروەها (موسڵح ئیروانی) لە کتێبێکدا بەناوی (ئیسلام و ناسیۆنالیزم لە کوردستاندا) لە لاپەڕە(١٦٦) لە

خشتەیەکدا پەیوەندی نێوان بایەخپێدان بەهۆشیاری نەتەوەیی و کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ دەردەخات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

خشتەی ژمارە - ٢-

| بایەخدان بەپەروەردەی نەتەوەیی / ناوی منداڵ | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| کوردی | ٣٢<br>٩,٧٠٪ | ٣<br>٠,٩١٪ | ٣٥<br>١٠,٦١٪ |
| عەرەبی | ٥<br>١,٥٢٪ | ١٥<br>٤,٥٤٪ | ٢٠<br>٦,٠٦٪ |
| تێکەڵاو | ٩<br>٢,٧٣٪ | ٥<br>١,٥٢٪ | ١٤<br>٤,٢٤٪ |
| ناویان نەدراوە | ٣٨<br>١١,٥٢٪ | ٧<br>٢٠,١٢٪ | ٤٥<br>١٣,٦٤٪ |
| سەڵتن و منداڵیان نییە | ١٨٥<br>٥٦,٠٦٪ | ٣١<br>٩,٣٩٪ | ٢١٦<br>٦٥,٤٥٪ |
| کۆی گشتی | ٢٩٦<br>٨١,٥٢٪ | ٦١<br>١٨,٤٨٪ | ٣٣٠<br>١٠٠,٠٠٪ |

وەك دیارە لەکۆی ٣٥ کەس بەڕێژەی (١٠,٦١٪) لەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان٣٢ کەسە بەڕێژەی ٩,٧٠٪ ناوی کوردییان لە منداڵەکانیان ناوە، لە بەرامبەردا ئەوانەی بایەخ بە پەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی نادەن ژمارەیان تەنها ٣ کەسە بەڕێژەی ٠,٩١٪ هەروەها ئەوانەی ناوی عەرەبی – ئیسلامییان لە منداڵەکانیان ناوە لە کۆی ٢٠ کەس بەڕێژەی ٦,٠٦٪ لەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی نادەن ژمارەیان ١٥ کەسە بەڕێژەی ٤,٥٤٪ بەڵام لە لایەن ئەوانەی بایەخی پێدەدەن ڕێژەی ناوی عەرەبییان دابەزیوەبۆ ١,٥٢٪ کە ژمارەیان ٥ کەسە. ئەو ناوانەی کە دووبارە بوونەتەوە بۆ کوڕان ئەمانەن (سالم، أسامة، أحمد، مصطفى، علي، جهاد، یاسر، عبدالهادي، عبدالستار) ناوی کچانەش (هدي، سمیة، ایمان، الاء،

بشري) تەنانەت ناوی کوردی وەکو (بەهەشت) و بڕوا)ش بەرچاو دەکەون هەروەها ئەوانەی زیاتر له منداڵێکیان هەبوو، ناوی هەندێ منداڵیان کوردی بوو، هەندێکیشیان عەرەبی بوو لەکۆی ١٤ کەس بەڕێژەی (٤,٢٤٪)، ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هۆشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان ٩ کەسە و بە ڕێژەی ٢,٧٣٪ لە بەرامبەر ئەوانەی کە بایەخی پێ نادەن ژمارەیان ٥ کەسە ڕێژەی (١,٥٢٪).

هەروەها ئەوانەی ناوی منداڵەکانیان نەداوە لە کۆی ٤٥ کەس بەڕێژەی ١٣,٦٤٪ ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان ٣٨ کەسە بەڕێژەی ١١,٥٢٪ لە بەرامبەر ئەوانەی کە بایەخی پێ نادەن ژمارەیان ٧ کەسە بەڕێژەی ٢,١٢٪ ئەوەی کە دەشمێنێتەوە سەڵتن و منداڵیان نییە ژمارەیان ٢١٦ کەسە بەڕێژەی ٦٥,٤٥٪. ژمارەی ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ١٨٥ کەسن بەڕێژەی ٥٦,٠٦٪ لە بەرامبەر ئەوانەی کە بایەخی پێ نادەن ژمارەیان ٣١ کەسە بەڕێژەی ٩,٣٩٪. کەواتە لە کۆی گشتی ٣٣٠ کەس ئەوانەی بایەخ بەپەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی دەدەن ژمارەیان ٢٩٦ کەسە، بەڕێژەی ٨١,٥٢٪ لە بەرامبەر ئەوانەی کە بایەخ بە پەروەردە و هوشیاری نەتەوەیی نادەن ژمارەیان ٦١ کەسە بەڕێژەی ١٨,٤٨.

هەروەها (چنار سەعد عەبدوڵڵا) لە کتێبێکدا بەناوی (کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هوشیاری نەتەوەیی کورد دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١) لە لاپەڕە (١٩٠- ١٩١) لە خشتەیەکدا بەراوردی ناوە کوردییەکان و ناوە بیانییەکان کردووە، بەم شێوەیە:

**خشتەی ژمارە - ٣-**

**ژمارەی منداڵانی لە دایك بوو لە مانگی حەوتی ساڵانی (٢٠٠٠، ١٩٩٥، ١٩٩٠) لە پارێزگای هەولێر**

| ساڵ / جۆری ناو | ١٩٩٠ | | ١٩٩٥ | | ٢٠٠٠ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ٪ | ژ | ٪ | ژ | ٪ |
| ناوی کوردی | ١٠٤٨ | ٦٣,١٣ | ٧١٣ | ٥٥,٢٢ | ٨١٧ | ٣١,٣٦ |
| ناوی بیانی | ٦١٢ | ٣٦,٨٦ | ٥٧٨ | ٤٤,٧٧ | ١٧٨٨ | ٦٨,٦٣ |
| کۆی گشتی | ١٦٦٠ | ١٠٠٪ | ١٢٩١ | ١٠٠٪ | ٢٦٠٥ | ١٠٠٪ |

له ئەنجامی ئەم زانیارییانە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٩٠ لە مانگی حەوت لە کۆی ١٦٦٠ منداڵی لە دایك بوو لەو مانگەوە ١٠٤٨ منداڵ کە ڕێژەکەی دەگاتە ٦٣,١٣٪ ناوەکانیان کوردییە و ٦١٢ منداڵ کە ڕێکەیان دەگاتە ٣٦,٨٦٪ ناویان کوردی نەبووە، واتا ناوی عەرەبیان لێنراوە.

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٥ لە هەمان مانگ مانگی حەوت لە کۆی ١٢٩١ منداڵی لە دایك بوو لەو مانگەدا ٧١٣یان کە ڕێژەکە دەگاتە ٥٥,٢٢٪ ناوەکانیان کوردی بووە، وە ٥٧٨ منداڵ، واتا ٤٤,٧٧٪ ناوەکانیان عەرەبی بوو.

سەبارە بەساڵی ٢٠٠٠ ئەگەر سەیر بکەین ئەوا دەبینین بارەکە پێچەوانە بۆتەوە، واتا لە کۆی ٢٦٠٥ منداڵی لە دایك بوو لە مانگی حەوت، تەنها ٨١٧ منداڵ واتا ٣١,٣٦٪ منداڵ ناویان کوردییە و لە کاتێکدا ١٧٨٨ منداڵ، واتا ١٧٨٨ منداڵ، واتا ٦٨,٦٣ ڕێژەکە ناوی عەرەبییە.

## ٢-ڕێژەی هەست لە ناودا

(ڕێژەی هەست لە هەمو وشەیەکدا وەك یەك نیە) هەندێ وشە ڕێژەی هەستی زیاترە لە وشەیەکی تر (ئەمەش بە پێی کەس و کومەلگا دەگورێت)(محمد علی الخولی, ١٩٩١,٨) بو نمونە هەندێ وشەی وەکو(ڕوژئاوا,کەناری دەریا,بەفربارین,گەڵاوەرین,گوڵی سور.....)ڕێژەی هەست لەم جۆرە وشانە بەپێی کەس دەگۆڕێت.

هەروەها هەندی وشەی وەکو(دیموکراتی,سەربەستی,هەستی نەتەوایەتی....)لە کومەلگایەك بۆ کۆمەلگایەکی تر دەگۆڕێت,هەستی نەتەوایەتی لای کورد ڕێژەی هەستی زیاتر تیایە وەك لای نەتەوەیەکی تر.

هەروەها هەندی وشەی وەکو(چەکدار,خەباتکار,تیرۆرست...)ڕێژەی هەست لەم جۆرە وشانە بە پێی کۆمەلگا دەگۆڕێت,چونکە تیرۆرست لای کورد تیرۆرستە,بەلام لای ئەو نەتەوەیەی کە لێیهاتوە لەوانەیە خەباتکار بیت.

ناوی تایبەتی مرۆڤیش بە هەمان شێوە ڕێژەی هەستی تیدا وەك یەك نیە,بۆ نمونە لە کومەلگایەکی ئاینی ناوە ئاینیەکان ڕێژەی هەستیان زیاتر تێدایە وەك لە ناوەکانی تر.

زۆرجاریش ڕێژەی هەست لەناوی تایبەتی مرۆڤدا بەپێی تاقیکردنەوەی کەسەکان دەگۆڕێت, واتا مرۆڤ ئەگەر یەکی خۆشبوێت, ئیتر بەهۆی ئەوەوە هەمو ئەو کەسانەی خۆشدەوێت کەهەڵگری ئەو ناوەن.

وە ئەگەر رقیشی لەیەکێك بێتەوە, بەهۆی ئەوەوە رقی لەهەمو ئەو کەسانەیە کەهەڵگری ئەو ناوەن.

## ٣- ڕەنگدانەوەی هەست لەناوناندا :

### أ- ڕەنگدانەوەی باش :

هەندێ ناو کاریگەری هەیە لەسەر هەستی مرۆڤ بەتایبەتی ئەو ناوانەی کە گەشبینی دەگەیەنن, یان ئەو ناوانەی کۆمەڵگا ئەزمونیکیان لەگەل هەیە(هەندی لەم ناوانە هەڵگری هەڵوێستن و نرخێکی دیاری کراویان هەیە)( حاکم مالك,١٩٨٠,٣١٤).

بۆ نمونە ناوە ئاینیەکانی وەکو(محمد وعلی وعمر....)و ناوی سەرکردەکانی کورد وەکو(شێخ محمود وقازی محمدو بارزانی....)و هەندێ ناوی وەکو(مزگەوت وگوڵ وپەپولەو بولبول....)ڕەنگدانەوەیەکی باشیان لەسەر هەستی کەسەکان هەیە, هەروەها هەندێ ناوی وەکو(سەربەستی وئازادی و نیشتمانپەروەری...) ڕەنگدانەوەیەکی باشیان لەسەر کۆمەڵگا هەیە.

ئەم ڕەنگدانەوەیە لەناوی تایبەتی مرۆڤیش ڕەنگی داوەتەوە, لێرەدا کاریگەری ناوی مرۆڤ بەسەر دەرونی دەردەکەویت, چونکە هەموو کەسێك بەرامبەر ناوی خۆی هەستیکی دیاریکراوی هەیە.

زۆر جار هەست لە بازنەی ڕەنگدانەوەدا ڕێچکەی قبوڵکردن و ڕازی بوونێك دەگرێت، بەواتای ئەوەی کەسەکان بەرامبەر بەناوەکانی خۆیان هەستێکی باشیان هەیە و هیچ جۆرە بێزارییەك دەرنابڕن بەرامبەر ناوەکانیان ئەمەش زیاتر ناوی سەردەم و ناوی ناسك و پر واتا دەگرێتەوە، هەر چەندیش ناو گوزارشت لە شتێکی دروست و بەجێ بکات ئەوەندە پەسندتر و شیاوتر دەبێت.

ناونان پەیوەستە بەهەستی کەسی ناولینەر کە بەپیی چرکە ساتی لەدایکبونی منداڵەکە دەگۆڕیت, واتە ئەگەر تاکی نوێ چانسیکی وەهای هەبیت لەچرکە ساتیکی خۆش وتەندروست

بەگویرەی خیزان وژینگەکەی لەدایك بیت ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوەی هەیە ببیتە هەلگری ئەو ناوانەی کەگوزارشت لەخۆشی وشادی دەکەن,ئەمە جگە لەوەی هەندی ناو واتای گەشبینیان تیدایە رەنگدانەوەیەکی باشی بەسەر هەستی کەسەکان هەیە کە هەلگری ناوەکانن وەکو ناوی (بەختیار, کامەران, ئومید, دلشاد, شادمان, ئاوات, ئامانج, تەبا,....).

زۆرجاریش ناونان بەگویرەی بارودۆخی ژیانی خیزان دەگۆریت, کەلەرۆژگاری ژیانیاندا لەشوینیکدا بۆ ماوەیەك ژیانیکی خۆشیان بەسەر بردوەو یادگاری خۆشیان لی جیهیشتوە, وەك یادکردنەوەیەك ناوی شوینەکە لەمندالەکانیان دەنین.

زۆرجاریش ناونان بۆسەرسام بونی دایك وباوك دەگەریتەوە بەرامبەر هەندێ کەسایەتی کەرەنگدانەوەیەکی باش لەسەر هەستیان دروست دەکات و لەناونانی مندالەکەیان رەنگدەداتەوە.

هەندێ ناویش هەن هەربەڕوالەت دەزانرێ لەئەنجامی جۆرە گەشبینیەك ئەم ناوەی لینراوە.

سەبارەت بەرەنگدانەوەی باش لەناونان چەند نمونەیەك دینمەوە:

ـ(هۆزان) دایکی ناوی لێناوە، چونکە لەسەر دەستی دکتۆرێك بەو ناوە شیفای بۆ هاتووە.

- (سەرۆك) باوکی ناوی لێناوە، چونکە ئەو ڕۆژە لە دایك بووە کە مەسعوود بارزانی بووە سەرۆکی هەرێم.

- (بڕیار) باوك و دایکی ئەو ناوەیان لێناوە، چونکە لەو ڕۆژەوە لە دایك بووە بڕیاری ڕاوەستان درا لە نێوان عێراق و ئێران.

- (ڕێکەوت) دایك و باوکی ناویان لێناوە، چونکە بەڕێکەوت یەکتریان بینیوە.

- ( هیران) دایکی ناوی لێناوە، چونکە لە هیران مامۆستا بووە زۆر یادگاری خۆشی لەوێ هەبووە.

- (چرا) دایك و باوکی ئەم ناوەیان بۆ هەڵبژاردووە، چونکە دوای ماوەیەکی زۆر خوا ئەو منالەی پێبەخشیون، بۆتە چرای ماڵیان.

- ( کەیفی) باوکی ناوی لێناوە، چونکە باوکیان بەوە ناسراوە هەموو کات بەکەیف بووە.

- ( کۆنگرە) باوکی ناوی لێناوە، چونکە لە یەکەم ڕۆژی بەستنی کۆنگرەی یازدە لە هۆڵی زەرد ئەو منالە لە دایك بووە.

- (دیاری) باپیری ناوی لێناوە، واتا بووی بەدیاری بۆ دایك و باوکت.

- (نور) دایکی ناوی لێناوە، چونکە سەرسام بووە بەکەسایەتی نور لە زینجیرەی دۆبلاژکراوی عەرەبی نور.

- (شادان) دایکی ناوی لێناوە، چونکە سەرسام بووە بە ڕووخساری کچێك بەم ناوە.

- (میر ان) باوکی ناوی لێناوە چونکە دۆستایەتییەکی زۆریان هەبووە لەگەڵ بنەماڵەی میرەکانی شەقلاوە، وەکو یادکردنەوەیەکی ئەو بنەماڵە، ئەو ناوەی لێناوە.

ـ (گەڵا) دایکی ناوی لێناوە، چونکە لە وەرزی پایز کاتی گەڵا وەرین لە دایك بووە، دیمەنی گەڵاکانی زۆر لا جوان بووە.

ــ (ڕانیـە)دایکی ناوی لێناوە,وەکو یادگارییەکی ئەو شۆینە,چونکە خۆیان نیشتەجێی بەغدا بون,بەڵام ماوەیەك لەوێ

نیشتەجێ ببون.

ـ(سەفین)دایك وباوکی ناویان لی ناوە بە یادگاری شەقلاوە,چونکە بو ماوەی ساڵێك لەوێ ژیانیان بەسەر بردوە.

- (ژیاوە) باوکی ناوی لێناوە، چونکە لە کاتی لە دایك بوونی منداڵەکە دایکی زۆر بێ حاڵ دەبێت، کە ئەم مناڵەکەی ناو ناوە ژیاوە واتە دایکەکە ژیاوە و نەمرد.

## ب - ڕەنگدانەوەی خراپ:

هەندی ناو کاریگەریەکی خراپیان هەیە لەسەر هەستی مرۆڤ بەتایبەتی ئەو ناوانەی مرۆڤ تاقیکردنەوەیەکی خراپی لەگەلیان هەیە وەکو ناوی(صدام, علی کیمیاوی, شیخ زانا....)هەروەهاناوەکانی(شەر, ئاژاوە, تەقینەوە, تیرۆرست, کۆچرەو....)ڕەنگدانەوەیەکی خراپیان لەسەر هەستی کۆمەلگا هەیە.

هەندێ ناوی مرۆڤ هەن جۆرە ڕەشبینیەکیان تیدایە, ئەم ناوانە ڕەنگدانەوەیەکی خراپ بەسەر هەستی کەسەکان دروست دەکات کە هەلگری ناوەکانن وەکو ناوی(غەمبار, غەمگین....) هەروەها هەندێ ناوی بکەرو بەرکاریش ڕەنگدانەوەیەکی خراپیان هەیە,وەکو(بکوژ, بخۆر),(سوتاو, کوژراو) دیاردەی ناونان پەیوەستە بە هەستی کەسی ناولینەرو چرکە سادی لەدایکبونی مندال,

واتا ئەگەر تاکە نوێیەکە لەچرکە ساتیکی پر خەم و ئازار لەدایك بیت لەوانەیە هەلگری ئەوناوە بیت کە گوزارشت لەخەفەت وناخۆشی دەکەن.

زۆرجاریش بەپێی بارودۆخی ژیانی ئەو خیزانەی کەمنداڵەکەی لی بەدنیا دێت ناوەکەی بۆ هەڵدەبژێردرێت, بۆیە هەر بەرواڵەت دەزانرێت ئەو ناوە لەئەنجامی جۆرە ڕەشبینیەك هاتۆتە ئارا.

هەندێ جاریش لەئەنجامی ڕووبەڕووبونەوەی خێزانەکە بەرامبەر کارەساتێکی ناخۆش, منداڵەکە ناوێکی وای لێدەنرێت کە گوێت لەناوەکە دەبێت یەکسەر دەزانرێت هۆکارەکەی چیە, چونکە ناوەکە تەعبیر لەو بارودۆخە دەکات کەخێزانەکە پێیدا گوزەری کردوە.

زۆرجاریش کەسەکە ناویکی وای لێنراوە کە بەهۆیەوە هەست بەجۆرە شەرمێك دەکات وەکو ناوی(خۆخێ، دڵی، بەفراو، شوشە، شەربەت....).

یان هەندێ جار ناوەکە لەم جۆرانەیە جیاوازە لەگەل کەسایەتیەکەی وەکو ناوی(شێرکوژ، دژوار، بێباك، چەتە، ڕێگر....).

لێرەدا هەست لەبازنەی ڕەنگدانەوەدا جۆرە ناڕازیبونێك دەگرێت, بەواتا کەسەکان بەرامبەر ناوەکانی خۆیان هەستێکی باشیان نیەو ناڕازین لەناوەکانیان, زۆرجار گلەیی لەدایك وباوك وکەسی ناولێنەر دەکەن بۆچی ئەو ناوەیان لێیناوە.

سەبارەت بەڕەنگدانەوەی خراپ لەسەر ناونان چەند نمونەیەك دێنمەوە:

وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

- (شیوەن) دایکی ناوی لێناوە، چونکە هەفتەیەك بەر لە دایك بوونی منداڵەکە باوکی مناڵەکە کۆچی دوایی کردووە.
- (ڕابەر) باوکی ناوی لێناوە بەناوی برای خۆی کردۆتەوە کە بەکارەساتی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست داوە.
- (فرمێسك) دایکی ناوی لێناوە چونکە باوکیان لە دەرەوە بووە، هەموو کات چاو بەفرمێسك بووینە.
- (هانا) باوکی بەناوی برای خۆی کردووە کە شەهید کراوە.
- (عومەر) دایکی ناوی لێناوە چونکە کە مێردەکەی مردووە ئەو لە سکی بووە.

- (زامدار) دایكی ناوی لێناوە، چونكە لە ڕۆژی لە دایك بوونی مامێكی ئەو منالە لە شەڕ بریندار دەكرێت.

- (جوان) بەناوی دایكی كراوە، چونكە دایكەكە بەو منالەوە گیانی لە دەست داوە.

- (ماتەم) دایك و باوكی ناویان لێناوە، چونكە لە ڕۆژی كارەساتەكەی ۱ی شوبات لە دایك بووە.

- (بێزار) دایكی ناوی لێناوە, چونكە كاتێك لە دایك بوە شەڕ هەبوە لە نێوان دوو بنەمالە.

- (محمد) باوكی ناوی لێناوە، بەناوی برای خۆی كردۆتەوە كە مردووە.

- (شیرین) دایكی ناوی لێناوە, بەناوی خوشكی خۆی كردووە كە مردووە.

- (عبدالكریم) بەناوی مامی كراوە, چونكە دوو رۆژ بەر لەدایك بوونی مندالەكە, مامی بە كارەساتی ئوتومبێل گیانی لەدەست داوە.

هەر سەبارەت بە ڕازیبون و ڕازینەبونی تاكەكان بەرامبەر ناوی خویان ,ئێمە راپرسیەكمان لە زانكۆ ئەنجامدا لەسەر ناو لە مانگی چواری (۲۰۰۸) جەند پرسیارێكمان ئاراستەی قوتابیانی زانكو كرد كە ئایە لە ناوەكانی خویان ڕازین یان نا,ئایا هۆكاری نا ڕازیبونەكەیان بۆچی دەگەڕیتەوە,ئایا نیازی ناو گۆرینیان هەیە یان نا,ئەگەر نیازیان هەیە دەیكەن بە چی,لەم خشتەیەدا زیاتر ڕوونی دەكەینەوە:

خشتەی ژمارە - ٤-

| | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| ئایا لە ناوی خۆت ڕازی | ١٩٣ | ١٣٧ | ٣٣٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٥٨٪ | ٤٢٪ | ١٠٠٪ |

| | ناوەکەم کوردی نییە | ناوەکەم کۆنە | حەزم لەناوی ئاینییە | حەزم لە ناوی بیانییە | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|
| هۆی چییە لە ناوەکەت ناڕازی | ٧٢ | ٣٢ | ٢٦ | ٧ | ١٣٧ |
| ڕێژەی سەدی | ٥٢,٦٪ | ٢٣,٤٪ | ١٩٪ | ٥٪ | ١٠٠٪ |

| | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| نیازی گۆڕینت هەیە | ٩٥ | ٤٢ | ١٣٧ |
| ڕێژەی سەدی | ٦٩,٣٪ | ٣١,٧٪ | ١٠٠٪ |

| | کوردی | ئاینی | بیانی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| دەتەوێ ناوەکەت بکەیت بەچی | ٦١ | ٢٣ | ١١ | ٩٥ |
| ڕێژەی سەدی | ٦٤,٢٪ | ٢٤,٤٪ | ١١,٤٪ | ١٠٠٪ |

**کەواتە لەم ڕاپرسییەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لە کۆی ٣٣٠ قوتابیانی زانکۆ ١٩٣ قوتابی بەڕێژەی ٨٥٪ لە ناوەکانی خۆیان ڕازین و ١٣٧ قوتابیش بەڕێژەی ٤٢٪ لە ناوەکانیان ناڕازین، لەو ١٣٧ قوتابییەی کە لە ناوەکانیان ناڕازین هۆکارەکانیان بەم شێوەیە دیاریکردووە: ٧٢ قوتابی بەڕێژەی ٥٢,٦٪ ناوەکانیان کوردی نییە و ٣٢ قوتابیش بەڕێژەی ٢٣,٤٪ ناوەکانیان کۆنن و ٢٦ی دیکەش بەڕێژەی ١٩٪ حەزیان دەکرد ناویان ئاینی بوایە و ئەو ٧ قوتابییەش کە ڕێژەیان ٥٪ حەزیان دەکرد ناویان بیانی بوایە. هەروەها ئەو ١٣٧ قوتابیە کە ناڕازین لە ناوەکانیان، ٩٥ قوتابی بەڕێژەی ٦٩,٣٪ نیازی ناوگۆڕینیان هەیە و ٤٢ قوتابیش بەڕێژەی ٣١,٧٪ نیازی ناوگۆڕینیان نییە.**

ئەو ٩٥ قوتابییەی کە نیازی ناوگۆڕینیان هەیە ٦١ قوتابی بەرێژەی ٦٤،٢٪ دەیانەوێ ناوەکەیان بکەن بەناوێکی کوردی،  ٢٣ قوتابیش بەرێژەی ٢٤،٤٪ دەیانەوێ ناوەکەیان بکەن بە ناوێکی ئاینی ئەوەی کە دەشمینێتەوە دەیانەوێ ناوەکەیان بکەن بەناوێکی بیانی ژمارەیان ١١ قوتابییە و ڕێژەیان ١١،٤٪٥.

جکە لەو ڕاپرسییەی ئیمە ئەنجاماندا, راپرسییەکی تر  لە ژمارە ٢٨ی نیسانی ٢٠٠٨ی لەگۆڤاری کۆوار لە لاپەڕە ٤٤- ٤٥ لەلایەن(هاوکار ئیبراهیم) لەسەر ناو ئەنجام دراوە کە ئەنجامەکەی بەم شێوەیە:

خشتەی ژمارە (٥)

| | بەڵێ | نەخێر | کۆ |
|---|---|---|---|
| ئایا لە ناوی خۆت ڕازی | ١٧٤ | ١٢٦ | ٣٠٠ |
| ڕێژەی سەدی | ٥٨٪ | ٤٢٪ | ١٠٠٪ |

| | زمانی ناوەکەم بەدڵ نییە | ناوەکەم لەگەڵ کەسایەتیم نایەتەوە | ناوەکەم بۆت هۆی گاڵتەپێکردن | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| هۆی چییە لە ناوەکەت ناڕازی | ٧٨ | ٣١ | ١٧ | ١٢٦ |
| ڕێژەی سەدی | ٦١،٩٪ | ٢٤،٦٪ | ١٣،٤٪ | ٩٩،٩٪ |

| | کوردی | عەرەبی | بیانی | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| گەر زمانی ناوەکەت بەدڵ نییە حەزت دەکرد چ زمانێك بوایە؟ | ٤٣ | ٩ | ٢٦ | ٧٨ |
| ڕێژەی سەدی | ٥٥،١٪ | ١١،٥٪ | ٣٣،٣٪ | ٩٩،٩٪ |

لە کۆی ٣٠٠ کەس لە ٨٥٪ی تاکەکان لە ناوەکانیان ڕازین کە لێیان نراوە،  لە بەرامبەریشدا ٤٢٪ لە ناوەکانیان نا ڕازین،  لە ٦١،٩٪ ئەوانەی لە ناوەکانیان ناڕازین بەهۆی ئەوەیە کە زمانی ناوەکانیان بەدڵ نییە،  لە ١٣،٤٪ هۆکاری ناڕازیبونیان لەناوەکانیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەو

هۆیەوە بووەتە هۆی گاڵتەپێکردن، لە ڕێگای بچووککردنەوەی ناوەکانیان بۆ ناوێکی گاڵتە ئامێز. هەروەها لە ٢٤,٦٪ لەبەرئەوە لە ناوەکانیان ناڕازین چونکە پێیان وایە ناوەکانیان لەگەڵ دید و کەسایەتی و حەزیاندا نایەتەوە.

لە ڕاپرسییەکدا ئەوە دەرکەوتووە ٥٥,١٪ ئەوانەی کە زمانی ناوەکانیان بەدڵ نییە حەزیان دەکرد ناوەکانیان ناوی کوردی بوان، لە ٣٣,٣٪ حەزیان دەکرد ناوەکانیان بیانی بوایە، لە کاتێکیشدا تەنیا ١١,٥٪ ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ناوەکانیان عەرەبی بوایە،

## ٤- ناوگۆڕین لە کۆمەڵگای کوردەواری

ئەگەر سەرنج بدەینە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەست بەوە دەکەین ناوگۆڕین وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێهاتووە ئەمەش لە ئەنجامی ناڕازیبوونی تاکەکانە بەرامبەر ناوەکانیان. بۆ ئەم مەبەستە لە ژمارە (١٧)ی هەفتەنامەی پرووشە، ڕۆژی دووشەممەی ٢٠٠٧/١١/١٧ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حاکم عبدالرحمان سیوەیلی دادوەری دادگای باری شارستانی هەولێر ئەنجامدراوە، تیایدا ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠٠٧/١٠/٢١، (٧٨١ )حاڵەتی ناوگۆڕین ئەنجامدراوە، ئەم حاڵەتانەش هەندێکیان گۆڕینی ناون، بەڵام هەندێکی تریان چاکردنەوەی ناون. ئێمە بۆ زیاتر زانیاری دیاردەی ناوگۆڕین لە کۆمەڵگلی کوردەواری سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە و کاروباری شارستانی هەولێر)مانکرد. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە خستیانە بەردەستمان لە ٢٠٠٨/١/١ تا ٢٠٠٨/١٠/١، (٢١٤) کەس ناوی خۆیان گۆڕیوە. لەکۆی ئەم ژمارەیە، (١١٨ ) کەس ڕەگەزی نێرن و (٩٦ ) کەس ڕەگەزی مێن، کەواتە بەپێی ئەو مێژووەی دیاریمان کردووە ئەوانەی ناوی خۆیان گۆڕیوە زیاترینیان ڕەگەزی ( نێر)ن.

## ٥- هۆکارەکانی دەروونی ناوگۆڕین

یەکێك لە دیاردەکانی کۆمەڵگا ناوگۆڕینە، زۆر کەس هەن لە تەمەنێکی دیاریکراودا ناوی خۆیان دەگۆڕن بەپێی ئەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجامانداوە لەگەڵ ئەوکەسانەی ناویان گۆڕیوە یان نیازی ناوگۆڕینیان هەیە وە بەپێی ئەو زانیاریانەی لە(بەڕێوەبەرایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی

هـەولێر) وەرمـان گرتـوە گەیشـتومەتە ئـەو ئەنجامـەی دیـاردەی نـاوگۆڕین بـۆ چـەند هۆکارێـك دەگەڕێتەوە, ئەوەی پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەبێت ئەمانەی خوارەوەن:

### ١- هۆکاری سیاسی:

بەهۆی گۆڕانکاری بارودۆخی سیاسی زۆر جار کەسەکان بـەگۆڕانکاری بـارودۆخێکی تایبـەت ناوەکانیـان دەگـۆڕن، چـونکە ناوەکـان تـەعبیر لـە ڕەمزەکـانی دەسـەڵا تێکـی سیاسـی دەکـات، بارودۆخـەکانی کوردسـتان لـەم چـەند سـاڵەی دوایـیـدا وایکـرد زۆر کـەس ناوەکانیـان بگـۆڕن، بەتایبەتی ئەو ناوانـەی کـە ڕاسـتەوخۆ دەربڕینیـان لـە نـاوی بەرپرسـە سیاسـییەکان و ڕەمزەکـانی هێزە سیاسییەکان دەکرد وەك ئەم ناوانەی خوارەوە:

مـەڵبەند ئەحمەد

جـــەلال هیوا

مـــەلا بەختیار

نەوشیروان شێروان

### ٢- تێکەڵاوی ناوی کوڕ و کچ:

بەهۆی جیاوازی نەکردن یان تێکەڵاوبوونی هەندێ نـاو لـە نێـوان کـچ و کـوڕ وایکـردووە زۆر کەس ناوی خۆیان بگۆڕن، چونکە ناوەکان هەم بۆ کچان هەم بۆ کوڕانیش بەکار دێـن ئەمـەش وای کردووە هەندێ کوڕ ناوی کچانە هەڵنەگرێت یان بەپێچەوانەوە، بۆیـە سـەختە کـوڕ قبـووڵی نـاوی کچ بکات و بەپێچەوانەوە. وەك گۆڕینی ئەم ناوانەی خوارەوە:

دلگەش ~~مەستی~~

دلگەش ~~ئارام~~

هاوژین ~~شوان~~

ئاریان ~~ئاری~~

هانا ~~سانا~~

دیاری ~~توانا~~

عصمت ~~مهرەبان~~

ئاشتی ~~خانزاد~~

ئاشتی ~~ئەحمەد~~

## ٣- خراپی واتای ناوەكە :

زۆرجار كەسەمان ناوی خۆیان دەگۆڕن، چونكە ناوەكە واتایەكی باشی نییە، یانیش ناوەكە دەبێتە بچوككردنەوەی كەسایەتییەكەی. وەكو (ڕێگر، چەتە، مشكۆ...)

ڕێگر ~~احمد~~

چەتە ~~نەوزاد~~

## ٤- پرسیاركردن :

هەندێ ناو هەن دەبنە هۆی جێگەی پرسیاركردنی بەردەوامی خەڵك، لێرەدا خاوەنی ناوەكە پێی بێزار بێت، چونكە هەركاتێ پرسیاری ناوەكەی لێ دەكەن، دەبێ چیرۆكەكەیان بۆ بگێرێتەوە، بەمەش خاوەنەكەی ناچار دەبێت ناوەكەی بگۆڕێت، وەك:

هتلەر ~~دلێر~~

گیڤارا ~~ئیبراهیم~~

عەنتەر ~~سالار~~

## ٥- باونەمانی ناوەكە :

زۆر ناوهەن لە سەردەمێکدا جێگەی گرنگ و بایەخ پێدانی خەڵکی بوو، بەڵام بەپێپەڕبوونی ڕۆژگار ناوەکان باویان نامێنێ، هەر بۆ نموونە لە سەردەمی ڕژێمی بەعس ناوەکانی (سەدام و عودەی و قوسەی و حەلا) زۆر بوونبن بەڵام بەگۆڕانی ڕۆژگار و تێپەڕبوونی کات ناوەکان باویان نەماوە، زۆر کەس لەوانەی هەڵگری ئەو ناوانەن ناوەکانیان گۆڕی بۆ ناوێکی تر وەك:

سەدام ← سەرهەد

سەدام ← سەردار

سەدام ← سەلام

سەدام ← شالاو

سەدام ← ئارام

سەدام ← محمد

سەدام ← هەژار

سەدام ← ڕێبوار

سەدام ← سەفین

سەدام ← هەڤاڵ

سەدام ← دیار

سەدام ← سامان

سەدام ← ڕێگار

عدی ← بڵند

حەلا ← نیان

کاسترۆ ← علی

## ٦- بەدناوبوونی ناوەکە :

هەندێ کەس لە ڕووی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئاینییەوە بەکاری خراپە دەناسرێن، جا ئەوانەی کە هەڵگری ناوی خۆیانن ناوەکەیان دەبێتە ڕەمزێك بۆ خراپەکاری و بەد ڕەفتاری. بۆ نموونە دوای ئاشکرابوونی باندی (شێخ زانا) و گرووپە تیرۆریستییەکەی، وای کرد ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی ناویان زانایە ناوەکانیان بگۆڕن ئەمەش لە ئەنجامی ئەو هەست و ڕق و بێزاریەی لە لایەن خەڵکەوە دروست بوو بەرامبەر بەشێخ زانا و گرووپەکەی، لێرەدا کاریگەری زانا ئەوە بوو سیفەتێکی ناشیرین بەو ناوە ببەخشێت، بۆیە زۆر خەڵك بێزیان لەو ناوە بۆوە بەیانتوانی چی دی ئەو ناوە هەڵگرن، جگە لە ناوی زانا ناوی (ئوسامە)یە چونکە کەسایەتی (ئوسامە بن لادن) لە لای زۆر کەسەوە بووە ڕەمزێك بۆ خراپەکاری، زۆر کەس کە هەڵگری ئەو ناوە بوون ناوەکەیان گۆڕی بۆ ناوی تر:

زانـــا ← ئاکۆ

زانـــا ← زەردەشت

زانـــا ← ئالان

ئوسامە ← بەڵێن

ئوسامە ← ئەحمەد

ئوسامە ← سامان

## ٧- ڕق لێبوونەوە:

هەندێ کەس لە ئەنجامی ڕق لێبوونەوە لە کەسێك ناوی خۆیان دەگۆڕن، چونکە کەسەکە هاوناوە لەگەڵ ئەو کەسەی ڕقی لێیەتی، بۆیە ناوەکەی خۆی دەکاتە ناوێکی دی. بۆ نموونە:

- (شادیە) ناوی خۆی گۆڕی بۆ شادی لە ڕقی زڕدایکی کە هەمان ناوزی لێیە.

- (علی) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (توانا) لە ڕقی مامۆستاکەی، چونکە لە وانەی ئەو کەوتبوو.

- (کوردستان) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (بەهار) چونکە لەگەڵ کچێك بەو ناوە کێشەی هەبوو.

- (جوان) ناوی خۆی کردە (ئاڤان) لە ڕقی کەسێك کە هەمان ناوە لەگەڵی.

- (فەرهاد) ناوی خۆی گۆڕی بۆ (محمد) بەهۆی دووبەرەکی خێڵەکی لە نێوان دوو بنەماڵە، کە ئەوانیش فەرهادیان هەبوو.

### ٨- کۆنی ناوەکە :

زۆر جار کەسەکان ناوەکانیان خۆیان دەگۆڕن بەو پێیەی ناوەکانینا لە ناو کۆمەڵگادا کۆن بووە، جا ناوی نوێ وەکو مۆدیلێك بۆ خۆیان هەڵدەبژێرن وەك:

| | |
|---|---|
| داهیە | پەرواز |
| عەونی | ڕێبین |
| جوان | ألیسا |
| حەلیمە | بۆکان |
| شکریە | دنیا |
| نزیرە | فریشتە |
| حاتیکە | دالیا |
| صدرالدین | دانیار |
| ڕێناس | یاریا |
| تانیا | سیدرە |
| ڕێزان | ڕوژی |
| سەیران | سیلان |
| فەرهاد | ئەلەند |
| فارس | فابیس |
| میدیا | نتالیا |
| سامی | سەربەست |
| عەباس | هەڵێر |
| هەمین | لانە |
| ظاهرة | ڤینە |
| یسری | ڕۆنیا |
| رضی | سۆما |

سمیعه ئاشنا

وعدیه سۆلین

عزیزه بەهرە

عزیمه نازە

قدریه سازگار

## ٩- تێگەیشتنی هەڵ لە مانای ناو:

ناوی وا هەیە واتایەکی باشی نییە و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە شەرمی تێدایە، بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆز لە سورەتی رحمان وشەی (تکذبان) زۆر دووبارە بۆتەوە، بۆیە زۆر کەس ناوی کچەکانیان بەناوی (کەزیبان) ناو ناوە، کە ئەمەش واتایەکی باشی نییە، بۆیە دەبینین زۆر لەوانەی ناویان (کەزیبان)ە داوای گۆڕینی ناویان دەکەن.

کەزیبان شنۆ

کازیبه تابان

## ١٠- هەڵەی ڕێنووس:

بەزۆری ناوە کوردییەکان لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا لە کاتی تۆمارکردنی ناوەکە بەناتەواوی نووسراوە یان بەڕێنووسی عەرەبی نووسراوە، ئەم دیاردەیەش تەواو واتای ناوەکەی گۆڕیوە، بۆیە ئەو کەسانەی کە ناوەکانیان کوردییە و بەڕێنووسی عەرەبی نووسراوە هەست بەئارامی باری دەرونیان دەکەن، چونکە ناوەکان واتای فەرهەنگی خۆیان لە دەست داوە، بۆیە خاوەن ناوەکانیان داوای گۆڕینی ناوەکەیان دەکەن بۆ ڕێنووس کوردی، وەك:

کوران گۆران

بیشرەو پێشڕەو

هلکوت هەڵکەوت

## ١١- تەواونەکردنی ناوی ئاینی:

**هەنـدێ نـاوی ئـاینی هـەن وەك: (رحـیم، رحمـان، كـریم، بـارئ...) ئـەم ناوانــە نـاوە پیرۆرزەكانی خودای گەورەن، كەسەكان نابێت هەلگری ناوی خودا بـن، بۆیـە هـەلگری ئـەم ناوانـە داوا دەكەن ناوی (عبد)یان بۆ زیاد بكرێ، بۆ ئەوەی ناوەكـان واتـای بەنـدەی خـوا ببەخشـن، نـەك ناوەكانی خودی خوا. وەك:**

**رحيم ← عبدالرحيم**

**سميع ← عبدالسميع**

**كريم ← عبدالكريم**

**رحمان ← عبدالرحمان**

**بارئ ← عبدالبارئ**

# ئه نجامەكان:

١. لایـەنی دەروونـی كۆمـەڵگا رۆڵـی كاریگـەری هەیـە لـە زمانـدا و هـەموو كەسـێك بـە ئاسـانی هەستی پێدەكات بە تایبەتیش ناو , كە تاكو ئێستا هەر لە لایـەنی وشەسازییەوە لێكۆلینـەوەی لەسەركراوە بـە واتایـەكی تـر تـەنها لـە رووی فۆرمـەوە لێیكۆڵدراوەتـەوە لایـەنی ناوەرۆكەكـەی فەرامۆش كراوە.

٢. مـرۆڤ نـاو لـە هـەموو شـتێك دەنێـت بـۆ ناسـینەوەیان و جیاكردنـەوەیان لـە یـەكتر، بۆیـە پرۆسەی ناونان پرۆسەیەكی گرنگە شایەنی بایـەخ پێـدانی زمانەوانییە.لەگـەڵ ئـەوەش خـودی مرۆڤ هەڵگری ناوێكە هیچ تاكێك نییە لـە كۆمـەڵگادا نـاوێكی نـەبێت هەڵبـژاردنی ئـەم نـاوەش لەلایەن كەسانی ترەوە بێ هۆكارو لەخۆەش ئەم ناوانە لە مرۆڤ ناندرێت.

٣. ناونـان لـەلای میللـەتی كـورد وەك هـەموو میللـەتانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت بـە پێـوەدانگی چەند بەهایەك پراكتیزە دەكرێت، لـەو بەهایانـەش بـەهای ئـاینی، كۆمەڵایـەتی، ئەفسانـەیی ئامادەیە.

٤. رەگەزی هەست لە ناوەكان دا بەرجەستە دەبێت، ئەم بەرجەستە بوونەش وا دەكات ناوەكـە رەهەندێكی سایكولۆژیان هەبێ، هەروەها كاریگەریان بەسـەر دەروونـی مـرۆڤ هـەبێ، جا ئـەو كاریگەریە خراپ بێت یاخود باش بێت.

٥. هەسـت و سـۆز ئاوێتـەی زوربـەی زۆری نـاوە كوردییـەكان بـوو ئـەمیش لـە ئـەنجامی ئـەو گۆرانكارییە كۆمەڵایەتییەوە هاتەكایەوە كە لە كۆمەڵگای كوردیدا روویدا

٦. كاتێك ناوەكان ناوی كۆن و ناوی بێ ماناو یان هـەر جـۆرە ناوێـك بـێ كـە ڕەشـبینی وهەسـت كردن بە سوكایەتی لەلای هەڵگری ناوەكە دروست بكات، ئەوە رەنگدانەوەیەكی خراپی بەسـەر دەروون و كەسایەتی ناولێنراوەكە دەبێت، بۆیە ئەم كەسە هەوڵ دەدات نـاوی خـۆی بگـۆرێت و یاخود نازناو بۆ خۆی دابنێت بـە پێچـەوانەوە ئەگـەر ناوەكـە نـاوێكی سـەردەمیانەو مانایـەكی بەرزو ناسك و ئاوازێكی خۆشی هەبێت ئەوە جێ رەزەماندی هەڵگرەكەی دەبێت..

٧. ناو وەکو جلوبەرگ و ئۆتۆمۆبیل و زۆرشتیتر لە ژیاندا کە مۆدیلیان دەروات و لە گۆڕاندان. ناوی مرۆڤی کورد، هەر وەك سەرجەم شتەکانی تری کوردستان سیمای گۆڕاوە ، بۆیە هەندێ تاکی کۆمەڵگای لە رووی سایکولۆژییە و کەسێتییەوە لە ناوەکانیان رازی نین.

٨. ناوەگشتی و تایبەتییەکان شەقلی سەردەمیان پێوەدیارە ئەنجامی پاڵنەرە دەروونیەکان جا خۆشی بێ یان ناخۆشی.

٩. ڕێژەی هەست لە ناوەکاندا وەك و یەك نیە ، ئەمەش بە پێی تاقیکردنەوەی کەس و کۆمەلگا دەگۆڕێت.

١٠. هۆکارە پاڵنەرەکانی ناونان لە زمانی کوردی دەگەرێتەوە بۆ (هەستی نەتەوایەتی , ئاین,هۆکاری سیاسی,سروشت , ئەدەب , فەلسەفە, هونەر,جیهانگیری,کەلتوور ,سەرواوئاواز,بەناوکردنەوە,خەون)

١١. رەنگدانەوەی هەست لە ناونانی زمانی کوردی بە دوو شێوە دەربڕاوە، ڕەنگدانەوەی باش و ڕەنگدانەوەی خراپ.

١٢. بەپێی سەرژمێری ساڵانی (١٩٩٠-١٩٩٥- ٢٠٠٠)، لە ساڵانی (١٩٩٠) و (١٩٩٥) ناوی کوردی پلەی یەکەمی وەرگرتووە، ناوی عەرەبیش پلەی دووەم، بەلاّم لە ساڵی (٢٠٠٠) بارەکە پێچەوانە بۆتەوە ناوی عەرەبی پلەی یەکەم و ناوی کوردیش پلەی دووەمە ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە.

أ- کاریگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوەخۆ لە ساڵانی (١٩٩٥- ١٩٩٨) کە ئەم هۆکارە ئەزموونی کوردی لە بەر چاوی خەڵك خست.

ب- دەرکەوتنی پارت و لایەنی سیاسی هەمەجۆر لەو کاتەدا.

١٣. لە ئەنجامی راپرسی کە لە نێوان (٣٣٠) کەس ئەنجامدراوە دەرکەوتووە (١٩٣)کەس بە ڕێژەی ٥٨٪ ڕایان لە ناوەکانی خۆیانە،ئەوانەی کە ڕایان لە ناوی خۆیان نیە (١٣٧) کەسە بە ڕێژەی ڕێژە٤٢٪، لەوانەی کە ڕایان لێ نیە( ٩٥ )کەس بە ڕێژەی ٦٩,٣٪ نیازی ناوگۆڕینیان هەیە.

١٤. هەستی نەتەوایەتی کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر هەڵبژاردنی ناوی منداڵ، لە سەرژمێریەکدا ناوی کوردی پلەی یەکەمی وەرگرتوە کە دەگەڕێتەوە بۆ هوشیار بوونەوەی گەلی

کورد و دواتریش ناوی بیانی به پلەی دووەم دێت ئەمیش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کەلتووری بیانی لەسەر کورد و ناوە عەرەبیەکانیش بە پلەی سێیەم دێت هۆمارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ موسڵمانییتی کورد.

١٥. .ناوگۆڕین دیاردەیەکی بەرچاوە دوای ڕاپەرین هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ (سیاسی , تێکەڵاوی ناوی کوروکچ , خراپی ناو, پرسیارکردن, باونەمانی ناو, بەدناوبوونی ناو, ر قلێبوونەوە، کۆنی ناوەکە ,تێگەیشتنی هەڵە لە واتای ناو، هەڵەی ڕێنوس، تەواو نەکردنی ناوی ئایینی.

١٦. لە ٢٠٠٨/١/١ تا ٢٠٠٨/١٠/١ (٢١٤) کەس ناوی خۆیان گۆڕیوە , (١١٨)کەس ڕەگەزی (نێر)ن و (٩٦ )کەس ڕەگەزی (می)ن، کەواتە لەو ماوەیە ئەوی زیاتر ناوی گۆڕیوە ڕەگەزی (نێر)ن.

# سەرچاوەکان

## به زمانی کوردی


١. ئاڤان سەعید مصطفى ، ٢٠٠٥ ، ڕەنگدانەوەی لایەنی دەرونی لە ناودا ، باسێکی بڵاو نەکراوە بە سەرپەرشتی عەبدولواحید موشیر دزەیی.

٢. ئەحمەد حەسەن ئەحمەد ، ١٩٧٦ ، ڕێزمانی کوردی ، بەکوردی و بە عەرەبی ، چاپخانەی دار الجاحظ ، بەغدا.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٧٩ ، مۆرفۆلۆژی ، ناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی سێیەم ، بەغدا.

٤. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٨٧ ، ڕێزمانی کوردی ، وشەسازی ، ، جێناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی دووەم ، بەغدا.

٥. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٢ ، ڕێزمانی کوردی ، وشەسازی ، ئاوەڵناو ، بەرگی یەکەم ، بەشی سێیەم ، بەغدا.

٦. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ١٩٩٨ ، ڕێزمانی کوردی، وشەسازی ، ژمارەو ئاوەڵکردار ، بەرگی یەکەم ، بەشی چوارەم ، بەغدا.

٧. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ، ٢٠٠٥ ، بەرهەمە زمانەوانیەکانم ، بەرگی سێیەم ، سلێمانی.

٨. ئیبراهیم عزیز ئیبراهیم ، ١٩٨٣ ، ڕێزمانی زمانی کوردی ، هەولێر.

٩. ئومێد مسعودی ، ٢٠٠٢ ، بنەمانی دارشتن لە میدیاکاندا ، وەرگێرانی مەجید ساڵح ، سلێمانی .

١٠. بێخاڵ عەبدولاّ سعید ، ١٩٨٩ ، واتا سازی وشە ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

١١. توفیق وەهبی ، ١٩٢٩ ، دەستوری زمانی کوردی ، جیزمی یەکەم ، بەغدا.

١٢. چنار سەعد عەبدولاّ ، ٢٠٠٥ ، کاریگەری باری سیاسی لەسەر گەشە کردنی هۆشیاری نەتەوەی کورد دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ .

١٣. سەعید صدقی کابان ، ١٩٢٩ ، مختصر صرف ونحوی کوردی .

١٤. شێخ محەمەدی خاڵ ، ١٩٧٦ ، جیزمی سێیەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد .

١٥. صادق بەهائەدین ئامێدی ، ١٩٨٧ ، رێزمانا کوردی کرمانجا ژۆری و ژێری یا ، چاپا یەکێ.

١٦. صالح حوسێن حەسەن پشدەر ، ١٩٨٥ ، کورتەیەك لە رێزمانی کوردی ، چاپخانەی بەغدا.

١٧. عەبدولا حوسێن ڕەسول ، ٢٠٠٦ ، پوختەیەکی وردی ڕستە سازی کوردی ، چاپی دووەم ، هەولێر .

١٨. عەبدولا عەزیز موحەمەد ، ١٩٩٠ ، گۆرانی واتای وشە لەزمانی کوردی ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین .

١٩. عەبدولرەحمان سیوەیلی(حاکم)،٢٠٠٧ هەفتەنامەی پروشە،چاوپێکەوتن،ژ١٧

٢٠. عەبدولواحید موشیر دزەیی ، ٢٠٠٥، ڕەهەندی دەرونی لە بواری ڕاگەیاندندا ، چاپی یەکەم ، هەولێر - کوردستان.

٢١. فەتاح مامە ، ٢٠٠٧ ، لەبارەی زمانەوانیەوە ، کۆلیجی پەروەردەی بنیات ، زانکۆی سەلاحەدین.

٢٢. فاروق عومەر سدیق ، ١٩٩٠ ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ١٢٥.

٢٣. کوردۆیف ك.ك. ، ١٩٨٤ ، رێزمانی کوردی، بەکەرستەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وەرگێڕانی لەروسی یەوە، کوردستان موکریانی، هەولێر.

٢٤. لیژنەی زمان و زانستەکان،١٩٧٦، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

٢٥. لیژنەیەك لەوەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٤، زمان و ئەدەبی کوردی بۆپۆلی دووەمی ناوەندی، چاپی پێنجەم.

٢٦. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥ ، زمان و ئەدەبی کوردی ، بۆپۆلی شەشەمی ناوەندی، چاپی دووەم.

٢٧. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٧، زمان و ئەدەبی کوردی، بۆپۆلی یەکەمی ناوەندی، چاپی یەکەم.

٢٨. ليژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ، ٢٠٠٨، زمان و ئـەدەبی کـوردی، بۆپـۆلی دەهـەمی ئامادەیی، چاپی دووەم.

٢٩. محسـن عەبـدالرحمان ، ٢٠٠٢ ، ئـادار ، گۆڤـاری مـەتین ، دەزگـای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنی خانی ، ژ١٢٢.

٣٠. محمەد مەعروف فەتاح ، ١٩٩٠ ، زمانەوانی .

٣١. موسڵح ئیروانی ، ٢٠٠٣ ، ئیسلام و ناسیۆ نالیزم ، سـەرەتایەك لـەبارەی کۆمەڵناسی ئاینیەوە .

٣٢. نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی ، ١٩٨٢ ، ڕێزمانی کـوردی بـۆ پـۆلی یەکـەمی بەشی زمانی کوردی زانکۆی صەلاحەدین کۆلیژی ئادب.

٣٣. نوری عەلی ئەمین ، ١٩٦٠ ، ، ڕێزمانی کوردی .

٣٤. هاوکار ئیبراهیم ، ٢٠٠٨ ، نیسان گۆڤاری کۆوار، ساڵی سێیەم ، ژ ٢٨.

## بەزمانی عەرەبی

١. ابراهيم انيس ، ١٩٧٥، دلالة الالفاظ، الطبعة الثالثة، مكتبة الانجلو المصرية، قاهرة.

٢. احمد مختار عمر، ١٩٨٢، علم الدلالة، جامعة الكويت، مكتبة دار العروبة.

٣. اميمـة علي خـان، ١٩٧٠ ، علـم الـنفس، كليـة البنـات، جامعـة بغـداد، مطبعـة العـاني، بغداد.

٤. اوتوكلينبرغ, ١٩٦٧، علم النفس، الاجتماعي,ترجمة حافض الجمالي الطبعـة الثانيـة، دارمكتبة الحيات، بيروت.

٥. برنهـارت، ١٩٨٤، علـم الـنفس في حياتنـا العلميـة، ترجمـة ابـراهيم عبـدالله محسـن، الطبعة الرابعة، بغداد

٦. جلوريـا ج- بـوردن، كـاثرين س.هـارس، لـورانس ج. رافائيـل، ١٩٩٨، اساسـيات علـم الكلام، ترجمة محي الدين حميدي، الطبعة الاولى.

٧. جورج مونان، ١٩٨١ ، مفاتيح الالسنية، ترجمة طيب بكوش، تقديم صالح قرمـادي، تونس.

٨. جون لاينز، ١٩٦٨، علم الدلالة، ترجمة، مجيد عبدالحليم الماشطة ١٩٨٠، كلية الاداب، جامعة البصرة.

٩. حاكم مالك لعيي ، ١٩٨٠، الترادف في اللغة، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، سلسلة الدراسات ( ٢٢١ )، بغداد.

١٠. ستيفن أولمان ،١٩٨٦، دور الكلمة في اللغة، ترجمة كمال محمد بشير، الطبعة العاشرة، مكتبة الشباب.

١١. طلعت منصور ,انور شرقاوي ,عادل عزالدين، فاروق ابو عوف، ١٩٨٤ ، اسس علم النفس العام، كلية تربية، جامعة عين الشمس.

١٢. عبد الرحمان محمد عيسوي، ١٩٧٢، معالم علم النفس، دار المطبوعات الجامعية.

١٣. عبدالصبور شاهين، ١٩٨٠ ، في العلم اللغة العام ، الطبعة الثالثة.

١٤. عزيز حنا داود - ناظم هاشم العبيدي، ١٩٩٠ ، علم النفس الشخصية ، مطابع تعليم العالي، الموصل.

١٥. علي زيعور، ب- ت، التحليل النفسي للذات، دار الطليعة، بيروت.

١٦. فاخر عاقل، ١٩٨٧ ، أصول علم النفس وتطبيقاته، دار العلم للعلاين، بيروت.

١٧. فوزية العطية، ١٩٩٢، المدخل الى دراسة علم النفس الاجتماعي، كلية الاداب، جامعة بغداد

١٨. كوردستان موكرياني، ١٩٨٩ ، قواعد اللغة الكردية، بغداد.

١٩. محمد أحمد ابوالفرج ، ١٩٦٦ ، فقه اللغة,الطبعة الاولى، بيروت.

٢٠. محمد بني يونس، ٢٠٠٤ ، مبادئ علم النفس، الطبعة العربية الاولى..

٢١. محمد علي ابوحمدة، ١٩٨١ ، فن الكتابة والتعبير، جمعية عمال المطابع التعاونية، الطبعة الاولى، الاردن.

٢٢. محمد علي الخولى ، ١٩٩١ ، معجم علم اللغة النظري ، (انكليزي- عربي)، بيروت ، لبنان.

٢٣. منقور عبدالجليل ، ٢٠٠١، علم الدلالة ، اصولة و مباحثة فى التراث العربي ، ديمشق.

٢٤. موريس ابو ناصر ، ١٩٨٢ ، مدخل الى علم الدلة الألسنى، مجلة الفكر العربي المعاصر ، عدد(١٨- ١٩)بيروت.

٢٥. موفق حمداني ، ١٩٨٢، اللغة و علم النفس، كلية الاداب، جامعة بغداد.

٢٦. نبيهة صالح صالح السامرائي ، عثمان علي اميمن ، ٢٠٠٢ ، مقدمة في علم النفس.

٢٧. نوال محمد عطية ، ١٩٧٥ ، علم النفس اللغوي ، كلية التربية ، جامعة عين شمس ، الطبعة الاولى.

٢٨. نور الهدى لوشن ، ١٩٩٥ ، علم الدلالة ، دراسة و تطبيقا، الطبعة الاولى ، بنغازي ، ليبيا.

**به زمانی ئینگلیزی**

1. Hartmann,rr.,ARTMANN,RR.K & STORKF .C ((Dictionary of Language and lingustice)) APPLIED SCIENCE PUPLISHERS (Redunclancy)
2. LEECH, CTEOFFREY, 1974 , SEMANTICS ,PELIAN .
3. LYONS.J,1977,((Sementics))CAMBRIDGE UNIVERSITY,PRESS,LONDON & NEW YORK .

**جگە لەم سەرچاوانەی ئاماژەم پێکردن، لەم دام‌و دەزگا حکومیانەی خوارەوە زانیاریم وەرگرتووە:**

**١- بەڕێوەبەرایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر.**

**٢- بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەو کاروباری شارستانی هەولێر.**

# پوختەی لێکۆڵینەوەکە


زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە چونکە پەیوەندییەکی بەهێزی بە کۆمەڵەوە هەیە و هیچ کۆمەڵێك بێ زمان نییە و و هیچ زمانێکیش بێ کۆمەڵ و نەتەوە نییە هەر گۆرانکارییەك لە کۆمەڵدا رووبدات ئەوا لە زمانیشدا رەنگدەداتەوە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ زمان لە لایەنی دەروونی دوورکەوتبێتەوە بەڵکو لایەنی دەروونی کۆمەڵگاش رۆڵی کاریگەری هەیە بەسەر زماندا و بە ئاسانی هەموو کەسێك هەستی پێدەکات بە تایبەتیش ناو کە تاکو ئێستا تەنها لە رووی فۆرمەوە لێیکۆڵدراوەتەوە لایەنی ناوەرۆکەکەی فەرامۆش کراوە ئەم باسەی من هەوڵدانێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی ناو و دەرخستنی رێژەی هەست لە ناودا چونکە لەم چەند ساڵی رابردوودا هەست و سۆز ئاوێتەی زوربەی زۆری ناوە کوردییەکان بوو ئەمیش لە ئەنجامی ئەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەوە هاتەکایەوە کە لە کۆمەڵگای کوردیدا روویدا ,لەم باسەمدا هەوڵدەدەم بەپێی توانا رێژەی هەست لە هەندێ ناوەکوردیەکان بخەمە روو و هۆکارەکانی دەستنیشان بکەم .

(ناونان و هەست لە زمانی کوردیدا ) کە باس لە رەنگدانەوەی هەست دەکات لە ناوناندا و رادەی کاریگەری کەس و کۆمەڵگا دیاریدەکات لە ناونانەکان.

شیکردنەوەی ناوەرۆکی هەندێ ناو دەکات لە زمانی کوردیدا و هۆکاری ناونانەکان دەخاتە روو پشت بەست و بە هەندێ سەرژمێری و چاوپێکەوتن کە لەگەڵ چەند کەسانێکدا ئەنجام دراوە.باسەکەم باس لە رەنگدانەوەی رێژەی هەستدەکات لە ناوە گشتی و تایبەتییەکان دەکات کە لەپاڵ هەستی کۆمەڵگای کوردی دەربڕاوە و هەڵوێست نیشاندەدات و کەسانی پێدەناسرێتەوە .باسەکە لە ژێر رۆشنایی رێبازی وەسفی باس لە رەنگدانەوەی هەست دەکات لە ناوناندا لە زمانی کوردی.باسەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە، بەشی یەکەم، ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆی: (بەشەکانی ئاخاوتن, ناو، جێناو، ئاوەڵناو، کار، ئاوەڵکار، ژمارە، ئامراز، پێناسەی ناو لە دیدی زمانەوانان, تایبەتمەندییەکانی ناو, جۆرەکانی ناو کە ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە جۆرەکانی ناو لە رووی دارشتنەوە,جۆرەکانی ناو لە رووی واتاوە.جۆرەکانی ناو لە رووی رەگەزەوە, جۆرەکانی ناو لە رووی هەبوونەوە).

بەشی دووەم ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆی: (ناونان, ناو ناولێنراو و پەیوەندی نێوانیان, بەرجەستەکردنی ناوی کەسی, جۆرەکانی واتای ناو,واتای هۆشەکی، واتای بارکراو، واتای بابەت شێوەکانی گۆرانی واتای ناو,گواستنەوەی واتا، تەسك بوونەوەی واتا، فراوان بوونی واتا، بەرزبوونەوەی واتا، نزم بوونەوەی واتا هۆکارەکانی گۆرانی واتای ناو, هۆکارەدەروونییەکانی

گۆڕانی ناو , نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی ناو، ناو و عەشیرەت ناو ونازناو، ناو وناتۆرە)بەشی سێیەم ئەم سەردێرانە دەگرێتەخۆ: (پێناسەی هەست,رەوشتی هەست,تایبەتمەندییەکانی هەست, بنەماکانی هەست, هەست وەك بنەمایەکی واتایی, ناونان و هەست, ڕێژەی هەست لە ناودا, رەنگدانەوەی هەست لە ناوناندا, کە رەنگدانەوەی باش و خراپ دەگرێتەوە, ناوگۆرین لە کۆمەلگای کوردەواریدا, هۆکارەدەروونییەکانی ناوگۆڕین)

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان پێشکەشکراوە لەگەڵ کورتەیەك بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

# ملخــص البحــث

ان اللغة هي ظاهرة اجتماعية لان لها علاقة متينة بالمجتمع، و لا توجد مجتمع بـدون اللغـة و لا للغة من دون المجتمع . ان التغيرات التي تطرأ في المجتمع تـنعكس علـى اللغـة و هـذا لايعـني بـأن اللغة ابتعدت عن سيايكولوجية المجتمع، بل ان الجانب النفسي(سايكولوجي) لها دور فعال على اللغـة و يمكن شعور بها من قبل اي شخص بسهولة و خاصة بما تخص الاسماء .

لقـد اجريـت الابحـاث حـول الشـكل و تكـوين الاسمـاء و اهملـت جانـب المضـمون في الدراسـات المتعلقة حتى الان . ان هـذا البحـث هـي بمثابـة محاولـة لدراسـة المضـمون الاسمـاء و اظهـار نسـبة العاطفة في محتوى الاكثرية الاسماء الكوردية والناجمة عن تغيرات الاجتماعية الـتي حـدث في المجتمـع الكـوردي، و حاولـت بقـدر المسـتطاع ان ابـين نسـبة العاطفيـة في بعـض الاسمـاء الكورديـة و تشـخص الاسبابها .

( التسمية و الشعور في اللغة الكوردية ) التي تعكس العاطفة في الاسماء وما مدى تـأير الافـراد و المجتمع في تعين الاسماء .

ان تحليل المضمون لبعض الاسماء في اللغة الكوردية لبيان الاسباب التسمية و التى تستند علـى الاحصائيات السكانية و عدد من مقابلات الفردية . ان البحث تتنـاول انعكـاس نسـبة شعورالعاطفي في الاسماء العامة و الخاصة و التي عبر عنها المجتمع الكوردي و تبين الموقـف و تـتم معرفـة الاشـخاص بها . لقد استخدمت اسلوب الوصفي في البحث بشأن انعكاس العاطفة في للاسماء من اللغة الكوردية .

ان البحث تتكون من المقدمة و ثلاث الاجـزاء و تشمل الجـزء الاول علـى العنـاوين: ( اقسـام الكلام، الاسماء ، الضمائر، الصفة، الفعل، الظرف، العدد و الاداة، تعريف الاسم من منظور علـم اللغويات، وخصائص و انواع الاسم و تغطي المحاور ( انواع الاسماء من جانب تكوين وانشـاء، و انـواع الاسماء من الجانب المعنى و انواع الاسماء من الناحية الجنس وانواع الاسماء من الناحيـة الوجوديـة . و ان الجزء الثاني من البحث تشمل العناوين: ( تسمية، تسمية بالاسماء و علاقة بينهمـا، و تجسـيد الاسماء الشخصي، و انواع المعاني للاسماء معنى الحقيقى، معنى الثانوى ، معنـى الموضـوعي، شـكل التغيرات معنى للاسماء - تحويل المعنى ، تحديد المعنى و التوسيع المعنى، ارتفاع المعنى و انخفـاض

المعنى ، و و اسباب التغير المعاني الاسماء، و عوامل النفسية في تغير الاسماء، و علامات الاجتماعية للاسم ، الاسم و العشيرة ، اسم وللفب، اسم السيئة ، و تشمل الجزء الثالث على العناوين:

( تعريف الشعور و سلوك الشعور، وخواص الشعور، و اسس الشعور، و الشعوركأساس للمعنى، ، و التسمية والشعور، نسبة الشعورفي الاسماء، انعكاس الشعور في تسمية الاسماء و التي تشمل انعكاس الايجابي و السلبي، و تغير الاسماء في المجتمع الكوردي، و العوامل النفسية للتغير الاسماء و في الختام قدمت الاستنتاجات مع ملخص باللغتين الانكليزية و الكوردية .

in the linguistics point of view, specification and kinds of names which is covering types of names in formation aspect and kinds of names in the meaning aspect , types of names in gender field and types of names in existing aspect). The second part includes the titles ( naming , called names and their relation between them , tangible names, types of names meanings , nominal meaning , sub meaning , subjective meaning and forms of changing , transferring of meaning , limiting meaning, widening the meaning. Elevation of meaning , lowering the meaning and the factors behind changing of names and the psychological factors of changing names and the social features of names, Name and tribe , name and surname and names & bad names .The third part is dealing with includes: (definition of emotion, attitude of emotion, emotion specifications, bases of emotion, emotion as a meaning base , naming and emotion, rate of emotion in naming , refection of emotion in naming process which covers good and bad sides, changing of names in Kurdish community and the psychological reasons behind changing the names) .Finally there are conclusions presented in Kurdish and Arabic languages.

## ABSTRACT

Language is a social phenomenon. It has a strong with society and there neither community without language and nor a language exiting without community and nation. Whenever there will be any changes in the community it has a refection on the community. This dose not mean that the language is separated from the psychology of community, but the psychological condition of community has an active role on the language and everyone can feel it easily ,in particular concerning Names, until nowadays there are studies on the forms of names but the content of name was neglected. My research is an effort to study the content of names to indicate emotion rate in names because in the recent past years feeling, notions were compounded with many of Kurdish names as a result of changes occurred in the Kurdish community.This study is an effort to show emotion rates and identify the factor .

(**Naming and emotions in Kurdish language**) which is dealing with refection of emotion in naming process of Kurdish names and indicating the effectiveness ratio of individuals and the community in naming process. Analyzing certain names in Kurdish language, their contents reason behind calling the names and relaying on some censuses and interviews carried out with some people. My study is dealing with refection of emotion rates in private and general names which expressed by Kurdish community feelings , showing positions and identifying individuals. The study is using the descriptive style, focusing on refection of emotion in naming process in Kurdish language.

The study is consisting of an interdiction and three parts. The first part is dealing with: ( parts of speech, names, prepositions , adjectives , verbs , adverb , number , articles , identification of name

حكومة اقليم كوردستان – العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين– اربيل

# (( التسمية و الشعور في اللغة الكردية ))

## ( دراسة لغوية نفسية )

رسالة مقدمة
الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين- اربيل وهي جزء من متطلبات
نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

مقدمة من قبل
ريَژنه اسماعيل عزيز
بكالوريوس / جامعة صلاح الدين -اربيل/ ٢٠٠١

باشراف
د. عبدالواحد مشير محمود دزەيى

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠٠٨ الميلادى | ١٤٢٩ الهجرى | ٢٧٠٨الكردى |
| ( كانون الاول ) | ( ذي الحجة ) | ( سەرماوەرز ) |

Kurdistan Regional Government-Iraq

Ministry of higher Education and Scientific Research
Salahaddin University – Hawler

# NAMING AND PERSONAL FEELING IN KURDISH LANGUAGE
# A PSYCHOLOINHUISTIC STUDY

ATHESIS
SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES SALAHADDIN UNIVERSTY- HAWLER IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIRENMENTS FOR THE DEGREE OF MASTER OF ARTS IN KURDISH LANGUAGE AND LINGUISTICS.

BY
**REZHNA ISMAIL AZIZ**
BA-Salahaddin University – 2001

Supervised By
**Dr.ABDUL_WAHID MUSHIR MAHMOOD DZAYI**

2708 (KURDISH) SARMAWARZ

1429 (HIJRI) THULHIJA

2008(AD) DECEMBER